



# له بازبازێن بەسەر پەلکەزێڕینەکانەوە بەرەو مامزێر
# تەوەرێک بۆ رۆمانی (مامزێر)ی کاروان عومەر کاکەسوور

**سەرپەرشتیاری تەوەر سەنگەر زراری**


- کاروان کاکەسوور و خوێنەرە خۆڕسکەکانی: سەنگەر
- رۆمانی مامزێر و پرۆبلێماتیکی خوێندنەوە: ئاراس وەهاب
- بنیاتی فەلسەفەی رووتی لە رۆمانی مامزێردا: نەجات حەمید ئەحمەد
- مامزێر و رومانی نوێی کوردی سابیر رەشید
- مەینەتییە مرۆییەکانی (زۆڵ) لە رۆمانی مامزێردا: سەنگەر زراری
- لەگەڵ کاروان عومەر کاکەسووردا: هەڤپەیڤین: رابەر فایق
- کاروان کاکەسوور و چاپکردنی رۆمانی مامزێر: عەبدوڵڵا قادر دانساز



# کاروان کاکەسوور و خوێنەرە خۆڕسکەکانی

## قسەیەک بۆ ئەم تەوەرە

**سەنگەر**

کاتێ کتێبی "منداڵیم ئاسکێک بوو بەسەر پەلکە زێڕینەکاندا بازبازێنی دەکرد"ی "کاروان عومەر کاکەسوور"م خوێندەوە، نە "کاروان"م دەناسی و نە هیچ بەرهەمێکی دیکەی ئەوم خوێندبووە و نە دەشمزانی ناوی کتێبەکانی دیکەی ئەو چین، بەڵام ئەو کتێبە وای لێکردم کە بە دوای کتێب و بەرهەمەکانی دیکەشیدا بگەڕێم و هەوڵی خوێندنەوەیان بدەم.

لە تەمەنێکی زووەوە، گەلێ جار ئەو پرسیارەم لە خۆ دەکرد کە بۆچی دەبێ تەنها کەسانی بەتەمەن گەورە و بەساڵچوو (ئەگەر بیانەوێ) یاداشت و بیرەوەرییەکانی خۆیان بنووسنەوە و بگێڕنەوە، ئایا ناکرێ گەنجێک بگەڕێتەوە لای منداڵی خۆی، یان لای کۆی ئەو تەمەنەی کە تا ڕۆژی ئەمڕۆ هەیەتی و بیگێڕێتەوە؟!

"کاروان" لەو کتێبەدا، زیاتر لەوەی پرسیارەکەی من پێویستییەتی، وەڵامی منی دایەوە، لەبەر دوو شت، یەکەم: ئەو نەک باسی ژیانی خۆی کردووە، بەڵکو لە کتێبێکدا، تەنها باسی قۆناغی منداڵی خۆی کردووە، (دیارە وەکو کاروان خۆی دەڵێت ئەم کتێبە بەشی دیکەشی بەدوا دێت)، لە کاتێکدا گێڕانەوەی بیرەوەرییەکانیشی بەشێوەیەکی وشک و ئەبستراکت نییە، وەکو لە زۆرێک لە بیرەوەرییەکانی دیکە دەبینین، بەڵکو تێکەڵەیەکی جوان و وەستایانەیە لە نێوان واقیع و فەنتازیا، نەک تەنها گێڕانەوەی ژیانی منداڵییە، گێڕانەوەی ئەو خەیاڵەشە کە لە خەیاڵدانی ئەو منداڵەدا هەبووە و ئەو کات هیوای بۆ خواستوون.



"منداڵیم ئاسکێک بوو بەسەر پەلکە زێڕینەکاندا بازبازێنی دەکرد"، کتێبێکە، ئەوەمان پێ دەڵێت کە دەکرێ تۆ جگە لە ژیانی ئەبستراکتی نووسەران، ئەو شتانەش بزانی کە بە خەیاڵی منداڵی ئەوان داهاتوون.

* * *

کاتێ رۆمانی (مامزێر)م دایە کاک "نەجات حەمید" و پێم گوت بە نیازین دۆسیەیەک لەبارەی ئەم رۆمانە بکەینەوە، رۆمانەکەی لێ وەرگرتم، تۆزێ هەڵگێڕ و وەرگێڕی کرد و گوتی: ئەو کوڕە کێیە ئەم رۆمانەی نووسیوە؟ لە کوێ دادەنیشێ؟! هیچ شتێکی لەبارەوە نەدەزانی، گوتم: ئەگەر پێت باش بوو شتێک لەسەر ئەم رۆمانە بنووسە و حەز دەکەم لە دۆسیەکەدا بەشدار بیت.

هەستم کرد ئەو بە ئیهمالییەوە گوتی: باشە.. با جارێ بیخوێنمەوە بزانم چۆنە؟

دوای ماوەیەک کە رۆمانەکەی خوێندەوە، پێی گوتم: بەڕاستی حەیفە کە ئەم کوڕە تا ئێستا وەک پێویست نەناسراوە و نەخوێندراوەتەوە و گرنگی پێ نەدراوە، من هەوڵ دەدەم کارەکانی دیکەشی بخوێنمەوە.

ئەوەبوو نەک بابەتێک، بەڵکو دوو بابەتی جوانی لەبارەی کتێبەکەوە نووسی. یەکێک لە رۆژنامەی خەبات و لێکۆڵینەوەیەکیش بۆ ئەو دۆسیەی ئێمە.

* * *

بەختیار عەلی کاتێ دەربارەی کۆمەڵە چیرۆکی "ئەسپیدلیۆن"ی کاروان عومەر کاکەسووری نووسی لە گۆڤاری رەهەند، دەڵێت: "کاتێک کە کۆمەڵە چیرۆکی "ئەسپیدیلیۆن"م بە دەست گەیشت، پێشتر هەرگیز ناوی ئەم چیرۆکنووسەم نەبیستبوو، بەڵام لە دوای خوێندنەوەی چیرۆکی یەکەمەوە، گەیشتمە ئەو بڕوایەی کە لەبەردەم کتێبێکی ئاساییدا نیم، کە لەخوێندنەوەی سەرجەم کتێبەکەش بوومەوە پتر دڵنیابووم، کە ئەسپیدیلۆن ئەگەر باشترین کۆمەڵە چیرۆک نەبێت لەم چەند ساڵانەدا خوێندبێتمەوە، ئەوا بە دڵنیاییەوە یەکێکە لە کۆمەڵە چیرۆکە هەرە جوانەکان".

کەواتە ئەویش لە رێگای بەرهەمەکانی "کاروان" خۆیەوە کاروانی ناسیووە، نەک لە رێگای برادەرایەتی یان لە رێگای وەسفی خەڵکی تر بۆ کارەکانی ئەو.

کەواتە ئەوەی کارێکی "کاروان" بخوێنێتەوە، ئەگەر خوێنەری جیدی بێت بە دوای کارەکانی دیکەشیدا دەگەڕێت، بەرهەمەکانی ئەو پێویستیان بە پێداهەڵگوتن و رێکلام نییە و خۆیان خوێنەر رادەکێشن و خۆڕسکانە خوێنەر دروست دەکەن.

رۆمانی "مامزێر" یەکێکە لە کارە جوانەکانی ئەم دواییەی "کاروان عومەر کاکە سوور" کە پێویستی بە لەسەر وەستان و خوێندنەوەیە، ئێمە لە گۆڤاری (کاروان)، ئەو هەوڵەماندا بۆ خوێندنەوە و لەسەر وەستانی "مامزێر" و دەخوازین توانیبمان بەشێک لە حەقی ئەو رۆمانە بدەین.

# رۆمانی (مامزێر) و پرۆبلێماتیکی خوێندنەوە

ئاراس وەهاب



کاروان ئاراس

رۆمانی (مامزێر) وەکو سەرجەمی بەرهەمەکانی دیکەی (کاروان عومەر کاکەسوور) تێکستێکی فرەڕەهەندە. ئێمە بەردەوام ڕووبەڕووی کۆمەڵێک چەمکی دژ بەیەک دەبینەوە هەر لە مێژوو، میتۆلۆژیا، شوێن و کات تا دەگاتە سایکۆلۆژیا و بایۆلۆژیا. هەموو ئەوانە وا دەکەن کارەکتەرەکان دوو ڕووی تەواو لە یەکتر جیاوازیان هەبێت. بە مانایەکی دیکە ئێمە لە بەردەم دوو رۆمان داین، یەکێکیان دیار و ئەوی دیکەیان نادیار، کە هەردووکیان شانبەشانی یەکتر گەشە دەکەن، بەبێ ئەوەی ئەو جیاوازییانەی خۆیان لە دەست بدەن. لێرەشەوە ئەم رۆمانە بەو مانایانەوە پێوانە دەکرێت، کە لە خۆیدا هەڵیگرتوون، نەک لەو لاپەڕانەی تێکستەکە دایپۆشیون. ئەگەر سەیری ئەو هەموو کورتکردنەوەیە بکەین، کە چ لە زمانە چڕەکەی و

چ لەو بازدانانەدا دەردەکەوێت، کە بەهۆی تەکنیکەکانی سینەماوە مەیسەر کراون، ئەوا راستیی ئەو بۆچوونەمان بۆ ئاشکرا دەبێت.

شێوازی گێڕانەوەی رۆمانەکە جیاوازە لەو شێوازە تەقلیدییەی هەندێک لە رۆماننووسانی ئێمە هەتا ئێستاش دەیگرنە بەر، بەوەی تێکستی رۆمانەکە بەسەر چەند بەشێکدا دابەش دەکەن و ئەو بەشانەش بەشێوەیەکی کرۆنۆلۆژی بەدوای یەکدا دێن. (کاروان کاکەسوور) خۆی لە زۆربەی گفتوگۆکانیدا رەخنەی لەم شێوازە گرتووە. لە (مامزێر)دا ئەو ئاسانکارییە بەرچاو ناکەوێت، چونکە تێکستەکە لەسەر چەند پایەیەکی فەلسەفی بنیات نراوە. لێرەدا ئەرکی رۆماننووس لە پرۆسەی گێڕانەوەدا لەوەدا دەرناکەوێت رووداوەکان لەسەر ئاستی کرداردا یەک لەدوای یەک و لە رووی دەرەکییاندا دەربخات، بەڵکو ئەو ئەرکە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە، کە جووڵەی گێڕانەوە لەگەڵ بەرهەمهێنانی بیرۆکەی دیکەدا هاوکات دەکات و زیاتر لەناویاندا رۆ دەچێت. بە مانایەکی دیکە دەرکەوتنی هەر بیرۆکەیەکی نوێ لە رەوتی گێڕانەوەدا بیرۆکەکانی دیکە قووڵتر دەکاتەوە. لەنێوان هەموو بیرۆکەکانیشدا وێنەی هاوبەش و جیاواز هەن. وێنە هاوبەشەکان بۆ لکاندنی بیرۆکە تازەکە بەوەی پێش خۆیەوە و جیاوازەکەش بۆ جیابوونەوە لێیەوە و لکاندن بە بیرۆکەی دوای خۆیەوە. با سەرنج لەم دیمەنە بدەین و بزانین وێنە هاوبەش و دژەکان چۆن یەکدەگرن و چۆنیش جیا دەبنەوە:

«پوورت کاتێ بەپێی پەتی بەناو جۆگەڵەکەدا هەنگاوی دەنا، نینۆکە سوورەکانی لەژێر تیشکی مانگی ئاسمانی ئەو شەوە پایزییەدا لە ماسیی ورد وردی ناو حەوزەکەی "فریدا" دەچوون... خووێکی سەیری هەبوو... هەموو شەوێ پێش ئەوەی بچێتە سەر جێگاکەی، بۆیەی دەکردن... لەژێر تیشکی گڵۆپەکەدا دەبریسکانەوە... بۆنی دەرمانەکە دەچوو بە قولاییی لوتتدا و هەستێکی تۆقێنەری لە دڵتدا دەخولقاند... هەستی تۆقێنەر...؟! بەڵێ، هەستی تۆقێنەر... نەتدەزانی بۆچی ئەوسا بیرت لە دۆزەخ دەکردەوە و دەترسایت... نەدەکرا لە پێوەندیی نێوان ئەو شتانە تێبگەیت... کامیان ترسناک بوو... بۆنەکە یان رەنگەکە، یان نینۆکەکان...؟! پرسیارێکی هیچە، بەڵام دەتوانێت بەخۆیەوەیت خەریک بکات و رۆحت بەرێت... زۆر جار دەتویست پێی بڵێیت: "نینۆکی قاچەکانی تۆ دۆزەخم بیر دەخەنەوە"، بەڵام هەستت دەکرد وتەیەکی ئاوا لە وڕێنەکانی خۆی دەچن».

لەنێوان رەنگی سوور و بۆنی دەرمانی نینۆک و ماسییە وردەکانی ناو حەوزەکە و دۆزەخدا هەم لەیەکچوون هەن و هەم جیاوازی. ئەو هەمیشە لەو حاڵەتە ترساوە، کە ئەگەر لە رووی سایکۆلۆژییەوە لێی بروانین، دەبینین ترسەکە لەو چێژەیە، کە لە جوانیی نینۆکەکانی پووریەوە هەستی پێ دەکات، بەڵام دەیەوێت خێرا بیشارێتەوە، یاخود ئەو وێنەیە بە وێنەیەکی دیکە بگۆڕێتەوە. ئەگەرچی ویستوویەتی لەو بارەیەوە قسەی لەگەڵدا بکات و پێی بڵێت نینۆکی قاچەکانی تۆ دۆزەخم بیر دەخەنەوە، کەچی هەستی کردووە باری گوناهەکەی قورستر دەبێت، بەڵام ئەو پاساو دەهێنێتەوە دەڵێت بۆیە وای پێ نەدەگوت، چونکە هەستی دەکرد وتەیەکی ئاوا لە وڕێنە دەچێت. دواجار ئەو گفتوگۆیە لەنێوان خۆی و پووریدا هەر دروست دەبێت، کە بەڕاستی لێرەدا دیدێکی فەلسەفی

هەست پێ دەکەین: «لە بەهەشتدا ئێستا و ئاینده هەن و رابردوو بەتەواوەتی ونە»... «ئاخۆ دەکرێت لە ئاییندا دۆزەخ بە شوێنێکی پیرۆز بزانرێت، یان بەپێچەوانەوە...!! ئەگەر دۆزەخ بۆ سووتاندن و سزادانی گوناهبارانە، ئایا خراپە، یان باشە...؟! مەبەستم ئەوەیە لە ئاییندا دۆزەخ چەکێکە بۆ لێدانی تاوانباران وەکو چۆن شمشێری دەستی بڕواداران چەکێکە و چەکێکی باشیشە بۆ لەناوبردنی یاخییان و کافران... باشە کێ دۆزەخ بەڕێوە دەبات...؟! فریشتەکان...؟! شتی وا دەبێت...!! دۆزەخ فریشتەی تێدایە...؟! پرسیارێکی تر: ئایا دەکرێت شوێنێکی پیرۆز خەڵکی گڵاو و بەنەفرەتکراوی بۆ بچێت...؟! هەست ناکەی ئەمە هەندێ ئاڵۆزە...؟!»... «ئێمە لە لایەک شوێنی پیرۆز و جەستەی گوناهبار و لە لایەکی تر شوێنی سووتێنەر و ڕۆحی میهرەبانمان هەیە... ئایا ئەوانە پێکەوە هەڵدەکەن...؟!».

وەکو دەبینین هەر وێنەیەک لەو وێنانە لە لایەک لەسەر بنەمای لەیەکچوون و لە لایەکی دیکە لەسەر بنەمای جیاوازی دامەزراون. ئەوەی (کاروان عومەر کاکەسوور) لە زۆر نوسەری دیکە جیا دەکاتەوە، ئەوەیە کە شارەزاییەکی بەرچاوی لە زانستەکانی بایۆلۆژیا، سایکۆلۆژیا، جۆگرافیا، کیمیا، فیزیا، مێژوو و بگرە ئەندازە و ماتماتیکیشدا هەیە و بەچاکی لە خولقاندنی کارەکتەر و گوتاری گێڕانەوەدا پراکتیزەیان دەکات. ئەمە وەکو شتێکی سەیر دێتە بەرچاو، کاتێک دەزانین (کاروان کاکەسوور) وەکو خۆی لە کتێبی منداڵیدا دەیگێڕێتەوە تەمبەڵترین قوتابیی بواری فیزیا و کیمیا و ماتماتیک بووە. تێکستەکە بەم پەرەگرافە دەست پێدەکات:

«لەڕێگا، کاتێ جەنگاوەرە ڕیشنەکان رووتوقووت بەسەر لە داخبووەکەدا دەیانهێنایەن، لەناو سەرجەمی دیلەکاندا تەنها چاوی منیان نەبەستبوو... ئێستایش، کە ئەوەتا شەکەت و ماندوو خراوینەتە ناو ئەم قەفەزە گەورانەی بەر هەتاوی چلەی ئەم هاوینە پرووکێنەرە، تەنها پرسیار لە من ناکەن...».

دەستپێکردنی رۆمانەکە لەم شوێنە هەر لە سەرەتاوە حاڵەتی دەروونیی کارەکتەرەکەمان بۆ دەردەخات، بەوەی لە بارێکی ئاساییدا نییە و دەمانخاتە بەردەمی یەکەمین پرۆبلێماتیکی تێگەیشتن، کە نەزانین ئاخۆ ئەوانەی بۆمانی دەگێڕێتەوە، هەمان ئەو شتانەن، کە روویان داوە، یاخود تێکەڵییەکن لەڕاستی و هەڵبەستراو. ئێمە بەدرێژایی تێکستەکە لەنێوان ئەم دوو گریمانەیەدا ئەبڵەق و حەپەساو سەرنج لە جووڵەی کارەکتەر و ڕووداوەکان دەدەین، کە وەکو گوتم هەر یەکەیان دوو رووی جیاواز لە یەکتریان هەیە: «سەیر ئەوەیە من هیچ گەڕانەوەیەکم لەوەی پێشووم ناچێت... هەر جارێ سەربردەیەک بۆ خۆم هەڵدەبەستم و وادەزانم ئیتر تەواو ژیانم ئاوایە، کەچی هێندەی پێناچێت پاشگەز دەبمەوە و بەشێوەیەکی جیاوازتر رابردووم دادەڕێژمەوە... هەموو ئەو دیلانەی لەگەڵمدان، لە من زیاتر شارەزاییان لەو وڵاتەی "باوک!!"مدا هەیە، تەنانەت ئەوان زیاتر لە من دەربارەی کۆشک دەزانن...».

ئێمە لە بەردەم کۆمەڵێک دیلی رووت و چەند پیاوێکی ڕیشن داین، کە ئیحای جەنگێکی گەورەمان پێ دەدەن. ئەم کارەکتەرە رووتە، کە هیچ ناوێکی نییە و ئێمە ناچارین هەر بە (مامزێر) ناوی بهێنین، لەڕێگای شەپۆلەکانی

هۆشــەوە بەردەوام بەرەو دوو شـوێنی جـیـاواز لە یەکترمان دەبات، شوێنێک، کە کۆشکی سەرۆکە، بەوەی وامان نیشان دەدات باوکیەتی، شوێنێکی دیکە مـــاڵێکی پەڕپووتی گــــەڕەکـــێکی هەژارنیشینە، کە تیایدا دایکی لە پشت مەکینەی دروومانەوە جل بۆ کەسانی سەیر سەیر دەدروێت. لێـرەشـدا دەکـەوینە بەردەمی پرۆبلێـمـاتیکێکی دیـکـە، کـــــــە ئـەویـش ئـەوەیـە (دیـدیـلاز) بەرگـدروویەکی ئاسـایی نیـیـە، بەڵکو جل بۆ کـەسانێک دەدروێت، کـە لە واقـیـعـدا بوونیـان نییە. «مۆدێلی ئەو جلانەی دایکت دەیدرووین، بەڕادەیەک سـەیر دەهاتنە بەرچاو، کـە نەتدەزانی ئەو خــــەڵکە لە کــــوێ و بە چ بۆنەیەکــــەوە دەیانپۆشن... دواتر ئەوانەت هەرگیز لە شوێنێکی تری دەرەوەی مـاڵتـانـدا نەدەبینیـەوە... هیـوات دەخواست یەکێ لەو پیاوانە باوکت بێت و بەفێڵی جلدرووین هاتبێـتـەوە، بەڵام هەتا ئەگـەر وایش بووایە، ئاسـان نەبوو بزانیت کـامـیـانە، چونکو دایکت لەگـەڵ هیـچـیـانـدا هەڵسـوکـەوتێکی جیـاوازی نەدەکرد... تەنها لەبارەی جۆرەکـانی قـوماش و ڕەنگ و شێوازی بڕینەکـانەوە دەدوا و بەلای هیچ باسێکی تردا نەدەچوو».

وەکـو گـوتمان نووسـەر هەمـیـشـە دەیەوێت سیـمـایەکی مـیـتـۆلۆژییـانە بە کـارەکـتـەرەکـانی ببەخشێت، بەو مەبەستەی پێمان بڵێت مێژووی ژیانی هەر کـارەکـتـەرێک لەو کـارەکـتـەرانە بۆ سەرەتاکـانی مێژوو دەگـەڕێتەوە، ئەو سەردەمەی ئاگری دۆزیەوە و ورچەکانی پێ لە ئەشکەوتەکـان دەرکرد، بۆیە وا (دیدیلاز)یشمان پێ دەناسینێت، کە ئاگای لەوە هەیە «مرۆڤ لە سەردەمی بەردیندا چ جـۆرە جلێکی دەپۆشی...؟! نەخش و نیگاری چییان بەسەرەوە بوو...؟! خوری و مووی لە کامە ئاژەڵ بـەدەست دەهـێنا و بـە چ ئامــــێـــــرێک دەیڕستن...؟! بە چی ڕەنـگی دەکــــردن و چەند ڕەنگی دەناسی...؟! ناوی ئـەو ئەشکـەوتـە زۆر کۆنانەی دەزانی، کە پاشماوەی ئەو کەلوپەلانەیان تێدا دۆزراوەتەوە... ساڵەکانی یەک بەیەک لەبەر بوو... باسی سـەردەمـێکی درەنگتـری دەکـرد... ئەو گوێچکەماسییەی "مۆریکس:ی پێ دەوترێت و ڕەنگی ئەرخەوانیی لێ وەردەگیرا... قورمزییش لە هێلکەشـەیتـانـۆکـەی "مـۆریکس براندیس" و "مۆریس ترینکلیس"... زەردیش لە زەعفەران ... ســەدان شــتی دیکەی ســەیر ســەیری دەوت... مـێـژووی دنیـای لەناو قـومـاش و ڕەنگەکـاندا دەبینی».

هەندێک پێــــیـــــان وایە (دیدیلاز) هەر لە بنەڕەتەوە بەرگدروو نییە، بەڵکو سۆزانییە. ئەگەر ســەرنج لەوە بدەین، کــە (مـــامــزێر) کــوڕی بەرگدرووێکە و هەمیشە هەست بەڕووتی دەکات و لای ئەو هەمـیـشـە ڕووتی و پۆشین جـۆرێک لە تراژیدیان، ئەوا بۆمـان دەردەکـەوێت نووسـەر زۆر بەئاگاییەوە ئەو پەیوەندییەی دروست کردووە. هەر لەو مـاڵەدا (ڤـادڤـێـلا)ی پووریشی دەژی، بەڵام ڕوون نییە، کە ئاخۆ ئەو پوورەی هەر لە خەیاڵی ئەودا بوونی هەیە، یان مرۆڤێکی ڕاستەقینەیە. دواجار ئەو دوو شوێنە لەناو ئێـتـمـۆسـفـیـرێکی مـیــتـۆلۆژییـدا تێکەڵی یەکـتـر دەبن و لێـرەوە (مـامـزێر) زیاتر گـومـانەکـان نیگەرانی دەکەن و هێندەی دیکە پرسیارەکان ئۆقرەی لێ دەبڕن.

مامەڵەکردنی نووسەر لەگەڵ چەمکی (ڕووتی)، مامەڵەکردنێکە لەگەڵ سیمبۆلدا. ئەوەندەی ڕووتی پێـوەندیی بە جەسـتـەوە هەیە، دوو ئەوەنـدەش بە سـایکۆلۆژیاوە، بەو فـەنـتـازیایەی خـۆی لەسـەر جەستە و ڕووتی و پۆشینەوە دایمەزراندووە. لێرەدا

بەوردی فەلسەفەی خۆی لەمەڕ رووتی و پۆشین، جەستە و ڕۆح، جەستە و شوێن دەردەخات، بە گەڕانەوەی بۆ ئەفلاتوون و فرۆید و ماکس ڤێبەر لە لایەک و بۆ ناو میتۆلۆژیا لە لایەکی دیکەوە: «ئێستایش ئەوەی لەناو قەفەزەکەدا ئازارم دەدات، ئەوە نییە، کە من دیلم و نازانم چارەنووسم بە کوێ دەگات، بەڵکو ئەو رووتییەیە، بۆیە دەڵێم خۆزگە توند توند چاویان دەبەستم، وەکو چۆن لەڕێگا چاوی سەرجەم دیلەکانی دیکەیان بەستبوو...».

ئەمە لایەکی ئەو ڕووتییە پێکدەهێنێت، کە پێوەندیی بە جەستەوە هەیە، بەڵام لاکەی دیکەی لەناو بینین و فانتازیای خۆیدایە. ئەگەر ڕووتیی ئەوانی دیکە لەڕێگای پۆشینەوە کۆتایی پێ بێت، ئەوا ڕووتیی (مامزێر) ڕووتییەکی ئەزەلییە، چونکە لەناو تێڕوانین دایە. تەنها کاتێک تەواو دەبێت، کە بینین و تێڕوانین کۆتاییان پێ دێت: «سەیر ئەوەیە من زۆر دەمێکە پێم وایە مادام ئێمە شتەکان لەڕێگای هێنانە بەرچاو(Imagination)ەوە، نەک لەڕێگای بینین (Sight)ەوە هەست پێ دەکەین، ئەوا هەموومان ڕووتین...».

نووسەر لێرەدا تەنها مامەڵە لەگەڵ فانتازیادا ناکات، بەڵکو لە پشت ئەو فانتازیایەوە دیدێکی فەلسەفییمان بۆ دەردەخات، کە ئەمەش لای (کاروان کاکەسوور) شتێکی نوێ نییە، بەڵکو تێڕوانینی فەلسەفی بەشێکی گەورەی کارەکانی پێکدەهێنێت. هەر ئەمەشە ڕێگرە لەوەی بەرهەمی (کاکەسوور) وەکو پێویست بخوێنرێتەوە. وای لێهاتووە هەر کاتێک باس لەو نووسەرانە بکرێت، کە ڕەخنەی ئێمە فەرامۆشی کردوون، ناوی ئەم نووسەرەمان بەخێرایی بیر بکەوێتەوە. زۆر جار بۆ قوولکردنەوەی بیرۆکەی کارەکتەرەکان پەنا بۆ پەراوێز دەبات، بەبێ ئەوەی پەراوێزەکان نەک ڕەوتی گێڕانەوە خاو بکەنەوە، بەڵکو خۆیان دەبنە بەشێک لە پێکهاتەی گوتاری گێڕانەوە. نووسەر لەوێ بێلایەنانە زانیارییەکان دەخاتە ڕوو. بە ڕستەی وەکو (لەوە دەچێت...) یان «وا دیارە....» و شتی دیکە زانیارییەکان تێکەڵی گێڕانەوە دەکاتەوە.

ئێستا کارەکتەرەکەمان ڕووتوقووت لەناو قەفەز دایە، بەڵام قەفەز لە یادەوەری و فانتازیای ئەودا شێوەیەکە لە شێوەکانی پۆشین. لێرەدا ڕووبەڕووی پرۆبلێماتیکێکی دیکە دەبینەوە، بەوەی ئەو هەمیشە پێی وابووە قەفەز و جلوبەرگ یەک مانایان هەیە: «بەڵام من نازانم بۆچی وامدەزانی جلوبەرگ وەکو قەفەز وایە، هەر بۆیە سەرەتای هەموو شیعر و چیرۆکێکم بە قەفەز دەست پێدەکرد... دەچوومە ناویەوە و لە دەرەوەم دەڕوانی... دەمویست لەوێوە بیرۆکەکان پەلکێش بکەم..، بەڵام لە چەند ڕستەیەکی شێواو و ناڕێک بترازێت، نەمدەتوانی هیچ شتێکی دی بنووسم، ئەوە لە کاتێکدا وامدەزانی دیمەنەکان لەناو خەیاڵمدا هێندە زۆرن، بەڕادەیەک تیا دەمێنم کامیان لەپێش کامیانەوە بگوێزمەوە... ئەمجارەیان لە دەرەوەڕا بۆ ئەوێم دەڕوانی و دەمویست نهێنییەکانی ناوەوەی دەربخەم، بەڵام تەنها فەزایەکی بەتاڵم دەبینی... ئەرێ من بۆچی مەحکوم بووم بەوەی هەر لەسەر قەفەز بنووسم...؟! بۆچی وامدەزانی هەموو ڕێگاکان لە قەفەزەوە دەست پێدەکەن...؟! دواجار خۆم بەدەست ئەو باوەڕە ساکار و حازربەدەستەوە دا، کە دەڵێت قەفەز کۆتاییی گیانە...... قوفڵی خەیاڵەکانە........ قاڵبی جەستەیە........».

ڕەگوڕیشەی ئەو بیرۆکەیە، بیرۆکەی قەفەز، بۆ منداڵیی دەگەڕێتەوە: «ئەوسایش لە هەر شتێکی دی زیاتر حەزم دەکرد یاری بە قەفەز بکەم... دەچووم لە سەرەنوێلکی ئەو گومرکەی پشت ماڵمان سەندووقی بەتاڵی سێو و پرتەقاڵم دەهێنا... بە بۆنیان شێت دەبووم... لیک دەزایە دەممەوە... بە زمان ئەو تەختە تەنک و لووسانەم دەلستەوە، بەڵام پێم خۆش بوو تێر تێر بیانمژم... بیانکرمێنم... قووتیان بدەم... تفیان بکەمەوە... لە هەیوان کەڵەکەم دەکردن... هەڵمدەوەشاندنەوە... تەزوو بە سەرتاپای گیانمدا دەهات... بۆچی...؟! تێنەدەگەیشتم... وامدەزانی میزم کردووە بە خۆمدا... ئەمەیان بۆ...؟! نەمدەزانی... ترسێک دایدەگرتم... لە ناخەوە هەڵیدەتەکاندم... زۆری نەدەخایاند و بۆ لەزەتێکی سەیر دەگۆڕا... لە هەر کاتێکی دی زیاتر بیرم لە پەیوەندیی نێوان جەستەم و خاکی ژێر پێمدا دەکردەوە... بەو ساکارییەی خۆمەوە لێکم دەدایەوە... خەیاڵی سەیر سەیرم بۆ دەهات... هەوڵم دەدا لە شوێنێ کۆیان بکەمەوە و مانایەکیان لێ پێکبهێنم... پەرت دەبوون... وەکو هەوری شەفاف نەدەمان... دەستم لە ناوگەڵم دەکوتا... وشک وشک بوو...».

ئەو کردارانەی (مژین) و (کرماندن) و دواجار تێکەڵبوونیان لەگەڵ حاڵەتی میزکردن، کە میکانیزمێکی بەرگرییە، تەعبیرێکی منداڵانەیە لە بێبەشیی کارەکتەرەکە لە سۆزی باوک. لێرەوە جارێکی دیکە دەگەڕێینەوە لای ئەو چێژ و ئازارەی پێکەوە لە دروستکردنی قەفەزدا دەیبینی: «نازانم لە کوێوە ئەو باوەڕە خزابووە مێشکمەوە، ئەگەر نەتوانم قەفەزێکی زۆر نایاب و ئەنتیک دروست بکەم، ئەوا ڕۆحم دەبێتە مار و شەو لە خەودا بە دایکمەوە دەدات... بەزەییەکی شاراوە، کە هەرگیز نەمدەتوانی بۆ کەسی بدرکێنم، دەیتلاندمەوە...». «بەڵام من ئێستا دوو جار ڕووتم... جارێک بەوەی پاسەوانی جەستەیەکم، کە دنیایەک گومانم لێی هەیە و جارێک بەوەی لەناو قەفەزدام».

گەرانی (مامزێر) لە باوک، گەرانێکی دووفاقییە، لە لایەک بارگاوییە بە تۆڵە و لە لایەکی دیکە بە بەزەیی. ئەو لە منداڵییەوە لەرێگای فانتازیاوە بەدوای باوکیدا دەگەڕێت، بەڵام دۆزینەوەی باوک لای ئەو گەورەترین شۆکی سایکۆلۆژیی پێوە بەندە. ترسی ئەو لە دۆزینەوەی باوکدا لەوەدا خۆی دەبینێتەوە، کە جێگای ئەو دەگرێتەوە و دەست بەسەر دایکیدا دەگرێت. ڕێک وەکو ئەوەی لای (ئۆدیپ)دا دەیبینین، بەڵام ئەمە بەڕوونی لای (مامزێر) دەرناکەوێت، چونکە وەکو گوتمان نووسەر نایەوێت هیچ شتێک بە ئاسانی بەدەستەوە بدات. من وای بۆ دەچم هەر ئەو ترسەش بێت پاڵی پێوە نابێت لە خەیاڵی خۆیدا کەسێکی دیکە لەسەر شێوەی دایکی بخوڵقێنیت و پێی وا بێت ئەمە پووریەتی و لە گەڵیاندا دەژی، چونکە دایکی بەهەموو شێوەیەک نکوڵی لەوەدا دەکات، کە خوشکێکی ئاوای هەبێت، تەنانەت نایەوێت لەوبارەیەوە هیچ قسەیەکی لەگەڵدا بکات. (ڤادڤێللا)، ئەو ژنەی تەنها (مامزێر) پێی وایە بوونی هەیە و پووریەتی، یەکێکە لەو کارەکتەرانەی ئەگەرچی ڕۆڵێکی گرنگ لە ڕووداوەکاندا دەبینێت، بەڵام یەکێکیشە لە پرۆبلێماتیکەکان، کە نازانین ڕاستەقینەیە، یان تەنها لە خەیاڵی ئەودا هەیە. ئەو پرۆبلێماتیکە بە سەرجەمی کارەکتەرەکانی دیکەشەوە دیارە لەوانە برا هاوشێوەکەی، کە لەناو کۆشکدا دەژی و دوایی

بەتەواوی لەناو تێکستەکەدا ون دەبێت. وەک دەبینین لەگەڵ ڕووداوە گەورەکاندا کارەکتەرە گرینگەکانیش بەتەواوی ون دەبن. "سیڤەری مارژەن"یش، کە یەکێکە لەو کارەکتەرە گرینگانە لەدوای کۆڕەوەکە لە هیچ شوێنێک دیار نامینێت. (سیڤەری مارژەن) خۆی پێشتر گوتوویەتی، کە: «مرۆڤە مەزنەکان لە ڕووداوە چاوەڕواننەکراوەکاندا لەناو دەچن... ئەو ڕووداوانەی نە فاڵگرەوە و نە غەیبزانەکانیش پێبینییان کردوون... هەر بۆیە کەسە نزیکەکانیشیان دەچنەوە»... (مامزێر) لەتەنیشت ئەو ترسەوە، ترسی دۆزینەوەی باوک، هەستێکی بەزەییانەشی هەیە و وا دەزانێت ونبوون ئازارێکی گەورەیە چ بۆ کەسی ونبوو خۆی و چ بۆ ئەوەیش بەدوایدا دەگەڕێت: «تۆ لە خەیاڵتدا وێنەیەکی هێندە نارۆشەنی باوکتت کێشابوو، کە لە سیمای هیچ پیاوێکدا ئەو بیچمەت نەدەبینییەوە... ئەو هەمیشە وەکو تارمایی دەردەکەوت... دەردەکەوت و خێرا دیار نەدەما، بەتایبەتی لە شوێنە پیسەکاندا... ئەمەش تەواو ئازاری دەدایت... دەنگیت لەناو زێرابەکاندا دەبیست... دەتویست خۆت هەڵدەیتە ناویەوە و بەفریای بکەویت... بەهاران لێت دەبووە بۆقی ناو گۆماوەکان و دەیقیراند... شەوانی گەرمی هاوین بۆ سیسەرەی "کاتی دید" دەگۆڕا و تا بەیانی لەژێر ئەو گیایە پیسانەی قەراغی جۆگەلەی چڵپاوەکاندا دەنگێکی سەیری وەکو دەنگی زیکزیکەی لێ هەڵدەستا... دەینالاند و دەکرووزایەوە». بەمشێوەیە لە قۆناغی منداڵی هەمیشە وای هەستدەکرد باوکی لەناو زێراب و شیوەکان دایە. هەر ئەمەش وای لێ دەکات لەگەڵ منداڵە عەرەبەکان لێی ببێتە شەڕ،

چونکە ئەوان میز دەکەنە ناو شیوەکە و ئەویش وا هەست دەکات ئەو میزە بەر باوکی دەکەوێت. هەروەها ڕقی لە پیاوە عەرەبەکانیشە، کە خولخولۆکە دەفرۆشن و لە قەراغی شێوەکە پیسایی دەکەن و قنگیان بە بەردەکان دەسڕن. دواییش بەردەکان فڕێ دەدەنە ناو شیوەکە. لێرەدا مەسەلەی میز و بەردی منداڵەکان و پیسایی پیاوە بەڵەکەکان ئاستێکی سومبۆلییشیان هەیە. واتە شەڕی پاکی و پیسی، کە چ سەرچاوەکەی و چ ئامێرەکەیشی بەردە. دیارە لەناو ئەو ئێتمۆسفێرە مێژوویی ــ میتۆلۆژییەدا. بەرد بۆتە هۆی شەڕێکی گەورە لەنێوان عەرەب و جوو. مەسەلەی هەیکەلیش، کە وەکو لە پەراوێزی ژمارە دوودا ڕوونی دەکاتەوە بەشێکی گەورەی ئەو ناکۆکییانە پێکدەهێنیت و پیرۆزترین شوێنی خواپەرستییە لە لای جووە خواپەرستەکان، سلێمان "شەلۆن" لە فەڵەستین بنیاتی ناوە و بابلییەکان بە سەرکردایەتیی "نەبوو خوز نەسر" لە "نۆی ئاب"ی ساڵی "٥٨٦ پ ز" ڕووخاندوویانە. ساڵی "٢٥١ پ ز" دایانمەزراندۆتەوە. "هیرۆد پاشا ٧٣ پ ز - ٤ ز" پەرەی پێداوە و شوورایەکی لە دەوری دروست کردووە، بەڵام ڕۆمەکان جارێکی دی بە سەرۆکایەتیی "تیتۆس" لە "نۆی ئاب"ی ساڵی "٧٠ ز" ڕووخاندیانەتەوە. ئەمە جارێکی تر شارەزایی نووسەر دەردەخات لە خوێندنەوەی نهێنییەکانی مێژوو و میتۆلۆژیا و ئاکتیڤکردن و تەوزیفکردنی لە ڕوانگەی منداڵانەوە، کە شتەکە زۆر خۆڕسکانە دەردەکەوێت، بەڵام لە پشتیەوە کۆمەڵێک بیرۆکە بە دەستەوە دەدات. هەر ئەو تێڕوانینە وا دەکات (مامزێر) بەشێوەیەکی زۆر جیاواز لە منداڵە عەرەبەکان لە هەموو شتێک بڕوانێت. کاتێک زیندەوەرێکی سەوز لەوێ

دەبینێت، کە لای عەرەبەکان بەماینی پێغەمبەر ناسراوە و پیرۆزە، بەڵام لە چاوی ئەودا کتومت لەدایکی دەچێت، بۆیە دەیخاتە سەر بەردێک و بەلەقە دەیپلیشێنێتەوە. «منداڵە عەرەبەکان شێت و هار بوون... وتیان: "ئەمە ماینی پێغەمبەرە... زیندەوەرێکی پیرۆزە... هەمیشە رووی لە ئاسمانە... نوێژ دەکات... دووعا دەخوێنێت"». کوشتنی ئەو زیندەوەرە، کە دواتر لەسەر زمانی کرێکاری کارەباکەوە دەزانێت ناوە زانستییەکەی مانتیس Mantis ە، لەبری کوشتنی دایکیەتی، چونکە ئەوێکی منداڵ وا دەزانێت دایکی بۆتە هۆی نەمانی باوکی: «نەتدەزانی لە کوێوە ئەو باوەڕە خزاوەتە مێشکتەوە، کە باوکت فریشتەیەک بووە لە دنیای پاکی و دڵی بە "دیدیلاز"ێکی گڵاوی ئەم دنیا پیسوپۆخڵەدا چووە... هاتۆتە لای و سکی پڕ کردووە... هەر خێرا خواوەند سزای داوە و خستوویەتیە ناو زێرابەکانەوە... تۆی لە دوای خۆیدا هێناوەتە بوون و هەموو هیوایەکی بەوەیە لەم مەرگەساتە رزگاری بکەیت... تۆ نیوەت بۆگەنە و نیوەت پاک... نیوەتت لە دنیای باوکتەوە وەرگرتووە و نیوەکەی ترت لە دنیای دایکت، بەڵام نازانی بە چ رێگایەک ئەو دوو لایەت لە یەکتر جیا بکەیتەوە... پاکی لە کوێتەوە دەست پێدەکات و پیسی لە کوێتەوە کۆتایی دێت...؟! دواجار سەرتاپای گیانت بە پیس دەزانی، بەوەی کە تۆ بەرهەمی ساتێکی بەنەفرەتکراوی... ئەو ساتەی باوکت لەسەر شێوازی "ئادەم"ی باوەگەورەی فریوی خوارد و پاکیی بە پیسی گۆڕیەوە».

لێرەدا جارێکی دیکە دەگەڕێینەوە لای ئەو گریمانەیەی، کە وتمان ڕەنگە (ڤادڤێلا)ی پووری وێنەیەکی دیکەی دایکی بێت و تەنها لە خەیاڵی ئەودا بوونی هەبێت، چونکە لەکاتی پلیشاندنەوەی زیندەوەرەکەدا لەسەر زمانی چیرۆکبێژەوە ئەمەمان گوێ لێ دەبێت: «نەتزانی بۆچی هێندە لە دایکت دەچوو... ئەی بۆ نەتوت لە "ڤادڤیلا"ی پوورت دەچێت...؟! خۆ ئەوان کتومت وەکو یەک وان...!!». ئەمەش دەمانگەیەنێتە ئەوەی بڵێین (ڤادڤێلا) وێنە پاکەکەی دایکیەتی، ئەو بەشەیانە، کە دەستی لە کوشتنی باوکیدا نییە. هەر لێرەدا نووسەر ڕەگوریشەی توندوتیژی بۆ یەکەمین داهێنانی مرۆڤ دەگەڕێنێتەوە، کە ئاگرە. (ڤادڤێللا) گومان لە پاکیی مرۆڤە سەرەتاییەکانیش دەکات، کاتێک دەڵێت ئەو مرۆڤە هەرکە ئاگری دۆزیەوە، خێرا چوو ورچەکانی لە ئەشکەوتەکان پێ دەرکرد و خۆی شوێنی ئەوانی گرتەوە. ئەم بیرۆکەیە بەراستی ترسناکە و لایەکەی دیکەی شارستانیەتمان بۆ دەردەخات، کە تا چ ئەندازەیەک دڵڕەقە، لە کاتێکدا ئێمە هەمیشە رووە بێگوناهەکەی دەبینین. لێرەدا دوبارە دەڵێین، کە مامەڵەکردنی نووسەر لەگەڵ چەمکەکانی مێژوو و میتۆلۆژیا مامەڵەیەکی رووکەشانە نییە، بەڵکو تیروانینێکی فەلسەفییانەی لە پشتەوەیە. هەر بۆیە توانیویەتی ئەو دوو چەمکە لای کارەکتەرەکان بگۆڕێتە سەر ئاستی سایکۆلۆژیا و بیانکاتە بەشێک لە پێکهاتەی کەسێتییان. بە مانایەکی دیکە سەرتاپای تێکستەکە لەناو ئێتمۆسفێرێکی میتۆلۆژییدا دەردەکەوێت. تێکەڵکردنی زەمەنەکان هەر لە ئەشکەوتەکانەوە هەتا سەردەمی دروستکردنی هەیکەلەوە و لەوێشەوە هەتا رووخاندنەکانی و تا دەگاتە سەردەمی ئەمڕۆ. تەنانەت سەدان گیانداری سەیر سەیرمان بەرچاو دەکەوێت، کە ملیۆنەها ساڵ

لەمەوبەر ژیاون و لەناو چوون. گۆڕان و گەشەکردنی ئەسپەکان بەدرێژایی مێژوو مەسەلەیەکی گرنگە لەناو تێکستەکەدا بەرادەیەک هەندێک لەو ئەسپانەی کۆشک هێندە سەیرن لەگەڵ مرۆڤەکان جیا ناکرێنەوە. هەروەها لابردنی سنووری نێوان ولاتەکان، بەرادەیەک دەتوانین بڵێین شوێن لێرەدا جوگرافیایەکی دیاریکراو نییە، بەڵکو هەموو ڕۆژهەڵاتە بە کوردستانیشەوە. کارەکتەرەکانیش لە نەتەوە و ئێتنیکی جیاواز جیاوازن و زیاتر لە زمانێکیش قسەی پێ دەکرێت. هەر لەو کاتەی منداڵە عەرەبەکان پەلاماری دەدەن، (مەروان نابلسی) لەژێر دەستی منداڵەکان دەریدەهێنێت. (مەروان نابلسی) یەکێکە لە کارەکتەرە گرنگەکانی ناو رۆمانەکە. لە وەزیفەکەی (لە دەزگایەکی رۆشنبیری کاری کردووە) دەرکراوە و دووریان خستۆتەوە، ماوەیەک لە نزیک ئۆردووگای سەرەکی دووکانێکی بچکۆلە و بەناوبانگی شەربەتی هەبووە، بەلام دوای ئەوەی گومانیان لێکردووە، گوایە دەرمانێک دەکاتە شەربەتەکانەوە و دەبێتە هۆی نەزۆکی، ئەوا پێیان داخستووە و سزایەکی گەورەشیان داوە، چونکە زۆربەی سەربازەکان شەربەتیان خواردۆتەوە. «دەیوت بچووکترین بەڵگەیان بدۆزیایەتەوە، ئەوا بەو سیفەتەی گەورەترین ناپاکیی لە ئاسایشی وڵات کردووە، لەناو سەنتەری شار هەڵیاندەواسی.....». ژنەکەی جووە و دوای نووسینی کتێبێک، تیرۆر کراوە. ژمارەیەکی ئێجگار زۆر ژن لەو دەڤەرە تیرۆر کراون. لەوانە (ئەستێر)ی دایکی (گوڵدا)ی هاوپۆلی. نووسەر لەرێگای ناوی (ئەستێر)ەوە بەرەو ئەو چیرۆکەمان دەبات، کە لە تەوراتدا باسی لێوە کراوە. (ئەستێر) توانیویەتی بە زیرەکیی خۆی هەزاران جوو لە کۆکوژیی فارسەکان بپارێزێت. ئەمەش ڕێگایەکی دیکەیە بۆ تێکەڵکردنی زەمەن و شوێنە جیاوازەکان. (مەروان نابلسی)، کە نموونەی ڕۆشنبیری ئۆرگانییە، ڕۆڵێکی گەورە لە دروستکردنی فیکری (مامزێر)دا دەبینێت. هاوڕێیەتییەکەیان دەگاتە ئەوەی (مامزێر) سەردانی ماڵەکەیان بکات و لەوێ چاوی بە (فریدا)ی کچی دەکەوێت، کە دوای ئەوەی دایکی تیرۆر کراوە، زمانی شکاوە و هیچ قسەیەک ناکات. (مامزێر) ئەگەرچی پێشتر وەکو هەرزەکارێک شەیدای (گوڵدا) بووبوو، بەلام لەگەڵ بینینی (فریدا) وردە وردە (گوڵدا)ی بیر دەچێتەوە و دڵی بە (فریدا)دا دەچێت، بەلام لێرەشدا پرۆبلێماتیکەکە ئەوەیە، کە (فریدا) هیچ قسەیەک ناکات. هاوکات لەگەڵ شکانی زمانیدا بەهرەی نیگارکێشانی تیا دەردەکەوێت. لێرەدا رادەی تێکشکانی (مامزێر)مان بۆ دەردەکەوێت و دەزانین لەژێر ئەو فشارانەی کۆمەڵگادا چۆن باوەڕی بە خۆی نەماوە. هەروەها ئەوە لە زمان بەدی دەکەین، کە هەڵگری چەند توندوتیژییە. (مامزێر)، کە بەوە ناسراوە ناوێرێت سەیری چاوی هیچ کەسێک بکات، کەچی زۆر بە دیقەتەوە لە چاوەکانی (فریدا) دەڕوانێت: «هاوکات زانیت ئەوەی ئەو جورئەتەی پێ بەخشیووی، بێزمانییەکەی بوو...».

دیالۆگی نێوان کەسەکان زۆربەی کات لەبارەی کۆمەڵێک کێشەی فیکرییەوەیە، بەلام بەشێوەیەکی خۆڕسکانە و لە قاڵبێکی غەرائیبی، هەندێک جار کۆمیدیشدا. چ مەروان نابلسی و چ (سیڤەری مارژەن) لەوەدا باڵادەستن، کە دەتوانن بەشێوەیەکی کۆمیدییانە پەردە لەسەر ڕووی

شـێـوازەکـانی دەسـەڵات هەڵدەنەوە. لێـرەدا هەردووکـیـان شـتی زۆر گـرنگمـان پێ دەڵێن و قسەکانیان هەڵگری کۆمەڵێک دەلالەتی فکری و زمانەوانی و ئیستاتیکیین.

(سیـڤـەری مـارژەن)، کـە نوێنەری کـوردە لەناو رۆمانەکەدا، هەر لە سەرەتاوە وەکو کارەکتەرێکی سـەیر دەردەکـەوێت. ئەویش بە شـێـوەیەک لە شێوەکان وەکو مامزێر سەیر دەکرێت. «دایکێکی هەیە، بەڵام شـەوان درەنگ درەنگ دێتـەوە... یاخود هەر نایەتەوە... لە تەلەڤیـزیۆن بەرنامـەی هونەری ئامـادەکـردنی خـواردەمـەنی پێـشـکەش دەکـات»... ئەگـەرچی خـۆی دەڵێ: «مـرۆڤ ئەو ئیـشـە ناکـات، کـە پێی ناسـراوە...... لێـرە پێـوەندییـەکی ئاڵۆزی سـەیر لەنێـوان مـرۆڤ و شـوێندا هەیە... نازانم ئەوە شـوێنەکـانن بەها و سیـمای خـۆیان لە مرۆڤدا دەسڕنەوە، یان مـرۆڤە بـەردەوام رۆحی شــــوێنەکـــــان لە خـــــۆی دادەماڵێت...؟! دایکم بەڕواڵەت پێشکەشکەری ئەو بەرنامـەیەیە، ئەگـینا لەڕاسـتـیـدا کـاری سەرەکیی ئەو لەوێ پاککردنەوەی ئاودەستەکانە».

لەڕێگای ئەم گوتانەوە، (سیڤەری مارژەن)، نەک هەر کـوردبوونی خـۆیمان بۆ دەگـێـڕێتـەوە، کە کـورد خۆی لەناو مێژوودا وەکو مـامزێرێک سەرنجی لێ دراوە، بەڵکو نهێنیی ئەو مێژووەشمان بۆ ئاشکرا دەکـات، کە کورد دەکـاتە مـامزێر: «لە دارسـتـان دەنگێک، کە وای دەردەخست هی باوکمە، چاکتر وایە بڵێم هی کـۆنەمـێـردی دایکمـە و بەزمـانی سەروو پێی دەوتم: تۆ نەخـوڵقـاویت... نەخـێـر، نەخـێـر، تۆ نەخـوڵقـاویت... هەر لە ئەزەڵ بوونت نییە..، بەڵام ئەگەر وادەزانی گیانت لەبەرە، ئەوا کەسێکی زۆڵی... دایکت ناپاکیی لێ کردم... تەواو شووڵی لێ هەڵکێشا... گوێی بە شەرەف و ناموس نەدەدا... ڕەدووی بێگانە دەکەوت... تا ڕقی من هەڵبـسـتـێنێت و لەناو کۆمـەڵدا ئابڕووم بەرێ، شەوان تا بەیانی لەنێوان دوان و سێـیـاندا دەنـووست... لەسـەر کـەتەلۆگ ڕایدەبوارد... ویستم لەناو لینگیەوە لەتی بکەم، بەڵام لە دەستم دەرباز بوو... لە ڕقی منیش ئەو ناوە شوومەی لێ ناوی».

ڕۆژێک پیـــاوێکی هیندی لە یەکـــێـک لە گـۆڕەپانـەکـاندا بلوێر دەژەنێت و مـارەکـانی ناو سەبەتەکەی بەردەمی دەهێنێتـە سەمـا، بۆئەوەی بڕێک پارەی لە تەمـاشـاکـەران دەستکەوێت... (سیـڤـەر) سەبەتەیەکی پڕ لە بلوێر دەهێنێت و لە بەرانبـەری دادەنیـشێت. مـارێکی ئەستـوور لەناو گوشێکدا دەردەهێنت. سەرەکەی دەخاتە دەمیەوە و ئاوازێکی سـەیری پێ دەژەنێت. بلوێرەکـان دەهێنێتـە سەما. لەمەوە (مامزێر) پێی سەرسام دەبێت و دەیەوێت بە هەر شـێـوەیەک بێت، بیناسێت. دوای دوو ساڵ لە چۆڵەوانییـەک پێی دەگات. «هەرکە ناوەکەیت بیست، ڕاچڵەکیت... لەبەر ئەوەنا، کـە لە ناوی هیچ کـەسـێکی ئەو دەوروبەرە نەدەچوو، بەڵکو هەسـتت دەکـرد ئەو ناوەت لە شوێنێکی تر بیستووە... شوێنێک، کە دیار نییە لە کوێیە و کەی بینیوتە... پیتەکانی سـەیرن... نەغـمـەیەکی سـەرنجـڕاکـێـشـیـان پێکهـێناوە: "سـیـڤـەر...!! سـیـڤـەر...!! سیـڤـەر...!!"... لە ناوی جنۆکـان دەچێت... ڕەنگە لە خـەودا گـوێت لێ بووبێت... یان لە چیـرۆکەکـانی "ڤـادڤیـلا"ی پوورت... یاخـود لە وڕینەکانی... دوور نییە لە زمانی یەکێک لەو ژن و پیـاوانەت بیستبێت، کە بەمەبەستی جلدروون دێنە مـاڵتـان... دیار نییـە... خـۆیشی وەکـو ناوەکـەی سـەیرە... کـەم لە ئاوەدانی دەبینرێت و

هەمـــیـشــە دوورەپەرێزە... ئەوەندەی لەوێشـە، خەریکی هەڵسـوکـەوتی شێـتـانەیە... ئەگـەرچی مـاڵیـان لەو گـەڕەکـەیە، بەڵام ناکرێ بڵێی سـەر بە هیـچ یەکـێـک لەو کـۆڵانانەیە... ئەو کـۆڵانانەی ناوی جۆراوجۆریان لێ ناون»...

کـەواتە "سـیـڤـەری مـارژەن" هەمـوو سـیـفـەت و نیـشـانەکـانی (کـورد)ی لە خـۆیدا هەڵگرتووە. ئەگـەر هەمـوو هەوڵەکـانی (مـامـزێر) بۆ ئەوە بن (خـود)ی خـۆی بدۆزێتـەوە، ئەوا هەوڵەکـانی (سیڤـەری مـارژەن) بۆ ئەوەن (خـود)ی خۆی گـوم بکات. ئەو زیاتر لە کارەکتەرێکی وجودی دەچێت و لە هەمـوو شـتـێک یاخـیـیـە، بەبێ ئەوەی نە سەرچاوەی یاخیبوونەکەی دەستنیشان بکات و نە هۆکـاری یاخـیـبـوونەکـەیمان بـۆ دەربخـات. زۆربەی ژیانی خۆی لەو دەشتانە و لەو کەمپی ئاوارەکاندا بەسـەر دەبـات... شـارەزایی زۆری لەبارەی ژیانی ئاوارەکـانەوە هەیە: «"سـیـڤـەری مـارژەن" دەیوت پیـاوان لە شـوێنێکی تر دەژین، مـەگـەر شـەوان بەدزییـەوە بگەڕێنەوە و هەر بەو جـامـانانەی دەمـوچاویـان پێ دەمـامـک داون، بـۆ چەند سـەعـاتێک لەپاڵ ژنەکـانیـاندا بنوون... دوایی گـورج گـورج بەدەم خـوێندنی ڕسـتـێک دووعـای تایبـەتەوە گـیـانی ڕووتیـان لەو جۆگـەڵەیەی سـەر ڕێگا هەڵدەکێشن بەپەلەپرووزێ بۆ "شـوێن!!"ی خـۆیـان دەگـەڕێنەوە... دەیوت بـۆ هیـچ نێـرێک نەهاتووە چواردە سـاڵ لەناو ڕەشـمـاڵەکـاندا تەواو بکات... دەبێت بڕوات و ئەوێ بەجێبـهـێـڵێت، ئەگینا تیپێک لە ژنە بەهێزەکان دەیگرن و تێکڕا چڕنووک لە گـونی گـیـر دەکـەن، تا لە بێـخـەوە دەریدەهێنن و دەیخـەسێنن... جلێکی کـچـانەی لەبەردەکــەن و ئابڕووی دەبەن... ناوێکی تری ناسکی لێ دەنێن و وەکـو مـێـینە دەیدوێنن... چاکـترین ئافرەتیش لەناو ئەو کەمپـانەدا ئەوەیە، کە دەتوانێت ژمارەیەکی زۆر منداڵی ببێت».

(مـــامـــزێر) لەپاڵ (مـــەروان نابلسـی)یدا، (سیڤەری مارژەن) بە سەرچاوەیەکی گرنگی خۆی دەزانێت لە مامـەڵەکردنی لەگەڵ شتـەکاندا. واتە (سـیـڤـەری مـارژەن) لە خـەیاڵی (مـامـزێر)دا بوونێکی بەرچاوی هەیە. بۆ نموونە کاتێک بیـر لە عەشق یان کۆچ دەکاتەوە، ئەوا بۆ لای فەلسەفەی (سـیـڤـەری مـارژەن) دەگـەڕێتـەوە. (سـیـڤـەری مـارژەن) لە کـۆڕەوەکـەدا وەکو هەمـوو کـارەکـتـەرە گرنگەکان بۆ هەتاهەتایە گوم دەبێت.

یەکـێـک لە تایبـەتمەندییـەکـانی (کـاروان کاکەسوور) ئەوەیە، کە یارییەکی سەرسوڕهێنەر بە خەیاڵی کارەکتەرەکانی دەکات، بۆیە ئەگەر زۆر بەئاگـا نەبین و حـیـسـابێکی ورد بۆ شـتـە لاوەکییـەکـان نەکەین، ئەوا باز بەسەر زۆر شتدا هەڵدەدەین. لە (مـامـزێر)یشـدا وەکـو زۆربەی تێکستـەکانی دیکەی ئەم نووسەرە وێنە بەتەواوی دەرناخرێت، بەڵکو هەمـیـشـە خـۆمـان لە بەردەم کــۆمــەڵێک وێنەی پارچەپارچە و ناتەواودا دەبینینەوە. لێرەدا ئەرکی خوێندنەوە کۆکردنەوەی پارچەکـان و تەواوکـردنی وێنەکـانە، ئەگـینا ئەو پرۆسێـسـە هەر لە سەرەتاوە مـەیسـەر نابێت. بۆ نموونە دیالۆگی نێـوان (مامزێر) و (ڤادڤێلا) لە کاتی کۆڕەوەکەدا بەشێوەیەکی پچڕ پچڕ بە ئێمە دەگــەن و بەشـێکی زۆری گــوتەکــان ناگــەنە گوێچکەمان، بۆیە دەبێت خۆمان تەواویان بکەین. لەنێوان دیالۆگەکاندا مەنەلۆژەکان خۆیان دەخزێننە ناوەوە و بۆ ڕابردوومـان دەگـێـڕنەوە. لە سـاتی کـۆڕەوەکـەدا دەمـانخـاتە بەردەم پێـوەندیی نێـوان خەڵک بە شارەوە، بە مانایەکی وردتر وەسفێکی قـووڵی ئۆربان (Urban)مـان بۆ دەکـات. ئەوەتا

دەڵێت: «شار بۆ ئێمە ئەو قاوغەیە، کە تەنها لە کاتی ڕاکردن و کۆچکردندا دەیبینین... ئێمە لەناو ئەو قاوغەدا پووشێکمان نییە». ئەو دیمەنە لە یادەوەریی ئێمەدا هەڵگری کۆمەڵێک مانای تراژیدییە. ئەو دوودڵی و نیگەرانییە ئەنجامی نەبوونی گەرانتیی مانەوەی تاکە لە شوێندا. بە مانایەکی دیکە دوو جۆر تەکنەلۆژیا شانبەشانی یەکتر ڕوو لە شار دەکەن، یەکەمیان ئەو تەکنەلۆژیایەی پەیوەندیی بە ژیانی ڕۆژانەوە هەیە، کە لایەنی ئاسوودەیی و حەوانەوە لە خۆ دەگرێت، دووەمیان تەکنەلۆژیای جەنگ، کە لە چاوترووکانێکدا هەموو ئەمانە بەلاوە دەنێت و دەمانباتەوە سەردەمی پێش شارستانییەت. لە کتێبی ژنەکەی (مەروان نابلسی)دا ئەمە لە شێوەی چیرۆکێکی غەرائیبییدا باس کراوە، کە چۆن مرۆڤی شارستانی بەبێ ئەوەی بیری بمێنێت دەبێتە کێوی و بەپێچەوانەشەوە چۆن کێوییەکان دێنە ناو شار و بیریان دەچێتەوە ئەوان کێوی بوون. ئەمە یەکێکە لە بنەما گرنگەکانی ڕۆمانەکە، کە دیدێکی فەلسەفی لە پشتیەوە ئاکتیڤ کراوە و نابێت بەخێرایی بازی بەسەردا هەڵبدەین. ئەمە وەکو دیدێکی سۆسیۆلۆجییانە جۆرێکە لە لێکۆڵینەوەی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان (Study of Social change)، بەڵام لەسەر ئاستی ئیستاتیکدا، بەوەی تێکەڵی گوتاری گێڕانەوەی دەکات و بەشێوەیەکی غەرائیبی دەریدەخات.

بەدرێژایی ڕۆمانەکە ئێمە دوو جۆر وشەی باوکمان دەکەوێتە بەرچاو یەکێکیان لەنێوان دوو کەوانە دایە و دوو نیشانەی سەرسوڕمانی لەگەڵدایە (باوک!!)، بەڵام وشەی دووەمیان بە سادەیی و دوور لە کەوانە و نیشانەی سەرسوڕمان نووسراوە. ئەوەی یەکەمیان ئەو باوکەیە، کە لە ڕۆژی کۆڕەکەوە دەردەکەوێت، کە بە تۆپ و دەبابە هێرش دەکاتە سەر پایتەخت و دەیگرێت، بەڵام ئەوەی دووەمیان ئەو باوکەیە، کە تەنها لە خەیاڵی (مامزێر)دا بوونی هەیە، جارێک وایدەزانی لەناو زێرابەکانە و جارێک وایدەزانی لەگەڵ کۆمەڵێک کەسی دیکە لە شوێنێکی خورافی دەژیا. جارێکیان لە سەردەمی منداڵیی لەگەڵ دایکی لەناو ئاوێنە نغرۆ دەبن و دەگەنە لای. لێرەدا نووسەر لەڕێگای وەسفێکی شاعیریانە، بەڵام بارگاوی بەفکر و مەعریفەوە باس لە گەیشتنی (مامزێر)ی منداڵ و دایکی دەکات، کە چۆن بەناو ئاوێنەکەدا دەگەنە ناو ئەو شاخە و بە خەڵکانێکمان دەناسێنێت، کە لە سەردەمە زووەکانەوە لەوێ دەژین و هەموو شتەکانیان لەگەڵ خەڵکی ئاساییدا جیاوازە: «ئەوەتا پیاوێک بە کلاوێکی قووچ و جلێکی زۆر سەیرەوە دەستی لە ملی دایکم ئاڵاندووە و بەدەم ڕۆیشتنەوە دەیدوێنێت... هەر ئەوسا زانیم لە دۆڵەکەدا پەنجەکانی خستۆتە قژی خاویەوە و تێر تێر ڕایموسیوە... وابزانم ئەمە ئازاری دام، کە لە بەرچاوی خۆم ڕووی نەدا... ئەگەر بشمبینایە، لە داخا گڕم دەگرت... لەولاتر، لەسەر ڕێگایەک، کە پووشی وشک دایپۆشیبوو، دوو ژنەکە دایکمیان لە پیاوەکە جیا کردەوە و بردیانە ناو کووخێکەوە...». لەوێ (مامزێر) بۆ یەکەمجار باوکی خۆی دەبینێت. تێڕوانینی (مامزێر) بۆ باوکی وەکو پێشتریش گوتمان هەمیشە تێڕوانینێکی دووفاقییە، بەدوایدا دەگەڕێت و دۆزینەوەی گەورەترین ئازارە، نکوڵیی لە بوونی دەکات و بەزەیی دەیسووتێنێت: «ئەو سەرنجە پەنهانانەی مێردی دایکم سەرتاپای شتەکانی لێ

گـۆڕیم... هەر ئەوسـا زانیم من ڕووتم و ئەوەتا هەمـوو گـیـانم بەدەرەوەیە... ڕاچڵەکیم... شـەرم دایگرتم... دەسـتم بە پێش و پاشی خـۆمـەوە گرت... مێـردی دایکم بەبێ ئەوەی شـتێک لەو سیـمـا لوغـزاوییەی بگۆڕێت، بەجێـیـهـێشـتین و لەولاتر چووە ناو کووخێکەوە... هاتەوە و دەستێ جلی وەکو هی ئەوەی خۆی پێبـوو... بە لاماندا تێپـەڕی و شـتێکی بە دایکم وت... دوای تاوێ گـەڕایەوە و هەمـان جلی بەبچـووکـراوەیی دایە دەسـتی... ئەگـەرچی ڕقم لێـیـان بـوو و حـەزم نەدەکـرد لەبەرمـیـان بکات، بەڵام ئەو ڕووتیـیـە ئـازاری دەدام... نـازانم بـۆچی هـەر ئـەوسـا دەمـویست مـێـردی دایکم بە "باوکـە!!" بانگ بکەم، بەبێ ئەوەی شتێک لەو هەستەم گۆڕابێت، ئاخـۆ خـۆشم دەوێت، یان ڕقم لێـیـەتی... ئەوەی نەیهـێشت لەوە تێبگەم، ئەو شەرمە بوو، کە بە ڕووتـی هـەسـتـم پـێـی دەکـرد و دەیتلاندمەوە.......».

من لە لای خـۆمـەوە ڕۆمـانەکـە دەکـەم بە دوو بەشی سـەرەکـیـیـەوە، بەشی یەکـەمـیـان پێش کـۆڕەوەکـەیە و بەشی دووەمـیـان دەکـەوێتـە دوای کۆڕەوەکە، بەڵام (مامزێر) نەیزانیوە ئەوەی بەسەر پایتەختی داداوە و گرتیویەتی، باوکی خۆیەتی. هەر بۆیە کاتێک دوای کۆڕەوەکە دەگەڕێتەوە ناو پایتـەخت، ئەوا لە کـتـێـبـفـرۆشـێکی گـەڕۆکـەوە دەبـیـسـتـێت، کـە لـە ڕۆژانی ئاژاوە و پاشاگـەردانییـەکەدا، خەڵکانێکی سـەیر بەسـەر ماڵەکەیان داداوە. (مامزێر) کاتێک دەگەڕێتەوە مـاڵ، دەبینێت خـانووەکـەیان تەخت کـراوە. لە زمـانی پیـاوێکی سـەرمـاشـوبرنجی لاوازەوە دەزانێت، کە هەندێک خەڵکی دژ بە دنیـای نوێ «کـەلوپەلەکـانیـان ورد و درشت تاڵان کـردووە... ئینجـا بە بێڵ و بە کـوتەک رووخـاندوویانە... دەرگـا و پەنجـەرەیان هەڵتەکاندووە... شیـشی ناو کـۆنکرێتیـان دەرهێناوە... خشت و بەردیشـیـان نەهێشتووە....». تەنانەت پیاوێک دەڵێت: «ئەم خـانووەی ئێـوە، کـە لای ئێـمـە هێندەی هەیکەل پیـرۆز بوو، چەند دەسـتێکی چەپەڵی دژ بەدنیـای ڕۆشن رووخـانـدوویانە، بـەڵام بەڵـێن بـێت بە بەرێزتان، ئێمـە لەمڕۆوە بەهەمان شێوەی جاران دایدەمـەزرێنینەوە». خـەڵک کـاتێک دەزانن (مامزێر) گـەڕاوەتەوە، لە هەمـوو لایەکەوە دێن بۆ بینینی و هەر یەکەیان قسەی خۆی دەکات:

«پیرەمێردێک دەنگی ماندووی هەڵدەبڕێت:

– بژی ئەو دیدیلازەی بەتەنیـا شـۆڕشـێکی گەورەی بەرپاکرد.

ئەوانی دیکە بۆی دەسەننەوە... هەر یەکـەی بە شێوازی تایبەتی خۆی پێیدا هەڵدەدا:

– شایانی ئەوەیە لەسەر ئەو کورسییە نایابەی کـۆشکی وڵات دابنیـشـێت و فـەرمـانڕەوایەتیی گەلێکی ستەمدیدە بکات.

– بژی ئەو ژنەی لە پشت مەکینەی دروومانەوە پلانی ڕۆشنتـرین ئایندەی ئێـمـەی داڕشت و نەشیدەهێشت کەس بە نهێنییەکانی بزانێت.

– لە کـورسـیی مـەکـینەی دورووم ـانەوە بۆ کورسیی دەسەڵات... ئا ئەمەیە خەبات... ئەمەیە کۆڵنەدان.

– گـیـانم بەفـیـدات بێت ئەی مـەزنتـرین ژن بۆ ئەوەی تـوانیـت هەم دایک بیـت و هەم بـاوک بـۆ چاکترین کوڕی ئەم وڵاتە.»

لە سـەرجەمی هوتافەکـانیـان و ئەو گـوتانەیش، کە لەنێوان خۆیاندا دەریاندەبڕن، (مامزێر) دەگاتە ئەو باوەڕەی، کە سەرۆکی کۆدەتاکە "باوک!!"یەتی و دایکیـشی بە سـیـفـەتی یەکـەمین ژنی وڵات

گەیشتۆتە کۆشک. تەنانەت وایانزانیوە ئەویش لەوێوە بەسەردان بۆ گەڕەک هاتۆتەوە. ئەمەی لە قسەی کوڕێکی گەنجدا بۆ دەردەکەوێت:

«-ئەو کۆشکەتان پیرۆز بێت ئەی سەرۆکزادە، بەڵام ئێوە هەر کوڕی ئەم گەڕەکەن... ئەمە شانازییەکی زۆر گەورەیە بۆ ئێمە، کە ئێوە چەند ڕۆژێک خۆتان لە کۆشک نەگرتووە و خێرا بۆ ئێرە هاتوون».

لێرەدا هاوکێشەیەکی گرنگمان بۆ دەردەکەوێت، هاوکێشەی دەسەڵات و خەڵک. دەسەڵات سەرچاوەیەکی میتۆلۆژیی تەمومژاویی هەیە و خەڵک سادە و ساویلکە و خۆشباوەڕە و هەمیشە پاساو بۆ دەسەڵات دەهێنێتەوە، تەنانەت لەڕێگای فانتازیاکانی خۆیەوە دنیایەک چیرۆکی سەیر سەیر بۆ دەسەڵات دروست دەکات. (مامزێر) لەو کاتەی سەرسام و نائومێد گوێ لەو خەڵکە دەگرێت، ئۆتۆمبیلێکی جامتاریک دەوەستێت و چوار پیاوی کەتە و تێکسمڕاوی لێ دادەبەزێت. دەگەنە ئاستی و بێدەنگ و بێچرپە دەستەکانی دەگرن. بەشێوەیەک لەگەڵ خۆیانی دەبەن، کە نە خۆی و نە خەڵکەکەش نازانن مەبەستیان خراپە یان چاک. دەیخەنە ناو ئۆتۆمبیلەکەوە و دەیگەیەننە ناو کۆشک... کەواتە لێرەوە ژیانی کۆشک دەست پێدەکات، کە لە ڕۆمانەکەدا پاشوپێش خراوە. واتە ئێمە سەرەتا بە ژیانی کۆشک ئاشنا دەبین و دوایی بەرووخانی ماڵەکە. ناو کۆشکیش سیمایەکی خوارفیییانەی هەیە. کەسەکان سەیرن، تەنانەت ئەو خواردنانەی دەشیخۆن، هەر سەیرن و لەناوی گیاندارە خورافییەکانەوە وەرگیراون. (بیبی کەناری) تاکە کەسێکی ناو کۆشکە پێوەندیی بە (مامزێر)ەوە هەبێت و چیرۆکەکانی بۆ بگێڕێتەوە. تەنانەت (دیدیلاز)ی دایکیشی پشتی تێدەکات. کەچی یەکێک لە شۆکەکانی (مامزێر) ئەوەیە، ئەگەر دایکی لەو شەڕەدا وەکو دیل بگیرێت و بەڕووتی بیخەنە ناو قەفەزەوە. ئەگەرچی لە ژیانی خۆیدا بەهەموو شێوەیەک ویستوویەتی ئەو دایکەی بەڕووتی ببینێت، هەتا بزانێت ئاخۆ راستە کاتی خۆی باڵندەیەک پیتەکانی ناوەکەی لەسەر پشتی نووسیوە. (مامزێر) لە کۆشک دەسبەسەر کراوە، بەڵام ڕۆژێک دەرفەت دەهێنێت و لەو زیندانە دەرباز دەبێت. وەسفێکی وردی ئەو حاڵەتەمان بۆ دەکات، کە لەگەڵ دەسپێکردنی شەڕدا بەسەر کۆشکدا دێت. بەتایبەتی هی باوکی. تووشی هێستریا دێت. پیاوە ڕیشنەکان هەڕەشە لە دەسەڵاتەکەی دەکەن، کە بەدزیی ناوی هەیکەلی سێیەمی لێناوە، وەکو پێشتریش ئاماژەمان پێ کرد هەیکەل بەدرێژایی مێژوو پیرۆزترین شوێنی جووەکان بووە. ئەم ڕۆمانە، کە لە ۲۰۰۲ نووسراوە، بەشێوەیەک لە شێوەکان پێشبینیی شەڕی نێوان ئیسرائیل و حزبوڵلا دەکات.

**تێبینی:**

**هەموو ئەو ڕستە و پەرەگرافانەی لەنێوان جووتکەوانەی ئاوا «.....»دا نووسراون، راستەوخۆ لە ڕۆمانەکەوە وەرگیراون. نەدەکرا باس لەو ڕۆمانە بکەین، ئەگەر ئەو پەرەگرافانەمان تێهەڵکێشی بۆچوونەکانمان نەکردبایە.**

**بەڕێوەبەری سایتی ڕوانگەیە .**

www.rwanga.com

araswahab@hotmailcom

# بنیاتی فەلسەفەی رووتیی له رۆمانی مامزێر

نەجات حەمید ئەحمەد

قـەفـەزو جلوبەرگ، زەوی و مـرۆڤ، ئاسـمـان و زەوی، خانوو و خێزان، ئەو پۆشتەنیانەی دەرەوەی مـرۆڤ، کـە مـرۆڤ له سروشت و خـەیاڵ و شـێـوەی ژیانـی خـۆی دەردەکـەنه دەرەوە، چونکه پۆشین و له چوارچێـوەگـرتن بزرکـردنی ئەو ناخ و روانـینەیه کـه مـرۆڤ له ژیاندا سـروشت و بوون پێی دەبەخـشن وشـــەی رووتی له لای رۆمـــاننوس چەمکێکی فەلسەفییه که بناغەی رۆمانەکەی لەسەر دارشتراوه بەجـۆرێک کـەم بەش و لاپەڕەکـانی رۆمـانەکـە له




گـــــــەوهـەری ئـەم دەلالـەتـەی چەمـکـی رووتـی دووردەکەنەوە، ئەوەش له لایەکەوە تێکەڵبوونی ئەو دەلالەتانەیه لەگـەڵ مـاناکـانی بوون «جـەسـتـە، دیلبــوون و ئازادبوون، گــەڕان بەدوای ئەو هێــزە جەسـتەیی و خەیاڵـیـانەی کە رەوتێک له روانین و خەیاڵـمان، له تێگەیشتن و بیرکردنەوەمـان فراوان دەکـەن، لەم لێکۆڵـینەوەیەدا به دووی هەمـوو ئەو

دەلالەتە زمانەوانییانەدا دەچین، کە چەمکی رووتی دەگەیێننە ئاستی بنیاتێک لە ماناو پێکهاتی زمانەوانی، کە لە سەرجەمیاندا دەربڕین لە بنیاتی رەهاو شاراوەی چەمکەکە دەکەن لە بیرکردنەوەی نووسەردا، بەو مەبەستەی چەمکی رووتی دەرخەین وەک چەمکێک کە خاوەنی بنیات و پێکهاتێکی فیکری و فەلسەفی بێت.

١- شاردنەوەی رۆح و ئاشکراکردنی.

لە لاپەڕە(٢٠)ی رۆمانەکەدا ئەم رستانە دەخوێنینەوە:




١- ئەوەی لەناو قەفەزەکەدا ئازارم دەدات ئەوە نییە کە من دیلم و چارەنووسم بەکوێ دەگات، بەڵکو ئەوە رووتییەیە.

٢- ئێمە شتەکان لەڕێگای هێنانە بەرچاو«im agina-tion»ەوە، نەک لەڕێگای بینین«Sight»ەوە هەست پێدەکەین، ئەوا هەموومان رووتین.

٣- جلپۆشین شێوەیەکی دیکەی رووتییە، جل فۆرمی جەستەیە، بەڵام جەستە فۆرمی رۆح نییە. رۆح لەناو بینیندایە نەک لەناو جەستە.

٤- ئەوە بینینە کاتێ دەکەوێتە سەر جەستە، رۆحی تێدا دەخولقێنێت و هاوکاتیش ماهییەتی ئەم رۆحە دەردەخات. پێمان دەڵێت ئەم جەستەیە جوانیمان پێدەبەخشێت و ئەوی دیکەیان شێواوەو قێزمان دەکاتەوە، جەستەیەکی دوژمنانەیەو ئەوەیان جەستەیەکی دۆستانەیە.

٥- هەر بینینیشە زەمەنەکانی ئەو جەستەیەمان بۆ دەردەخات.

٦- جلوبەرگ قاوغێکی سیحراوییە جەستە زیاتر ئاشکرا دەکات و رۆح هێندەی تر دەشارێتەوە.

٧- جلوبەرگ ئەو نیشانەیەیە کە رێنمایی بینینمان دەکات، پێمان دەڵێت، لەژێر مندا جەستەیەک هەیە.

٨- جەستەش نیشانەیەکی دیکەیەو هاوار دەکات، من گۆڕستانی رۆحێکم.

٩- کەواتە ئەوەی زیندووەو دەبێت تاماوە ئازاری ئەبەدیی رووتی«پۆشین» بچێژێت جەستەیە.

١٠- ئەگەر«رووتی» ئارەزوویەکی بەردەوام بێت بۆ«پۆشین» ئەوا «پۆشین» رووتییەکی ئەزەلییە پۆشین نەبا کێ دەیزانی رووتی چییە.؟!

١١- بەڵام من نازانم بۆچی وامدەزانی جلوبەرگ وەکو قەفەز وایە هەر بۆیە سەرەتای هەموو شیعرو چیرۆکێکم بەقەفەز دەست پێ دەکرد.. دەچوومە ناوییەوەو لە دەرەوەم دەڕوانی.. دەمویست لەوێوە بیرۆکەکان پەڵکێش بکەم، بەڵام لە چەند رستەیەکی شێواو و تاریک بێترازێت نەمدەتوانی هیچ شتێکی دی بنووسم.

١٢- ئەرێ من بۆچی مەحکووم بووم بەوەی هەر لەسەر قەفەز بنووسم؟! بۆچی وامدەزانی هەموو رێگاکان لە قەفەزەوە دەست پێ دەکەن؟!

١٣- دواجار خۆم بەدەست ئەو باوەڕە ساكارو حازربەدەستەوە دا، كە دەڵێت قەفەز كۆتایی گیانە، قوفڵی خەیاڵەكانە.. قاڵبی جەستەیە..

ئەو پرسیارانەی لە خوێندنەوەی پەڕەگرافێكی لاپەڕە سەرەتاییەكانی ڕۆمانێك بەدەست دێن ڕەنگاوڕەنگن، سەرەتا نووسەر هەر لە یەكەمین لاپەڕەكانەوە دەربڕین لە هاوكێشەیەكی زمانەوانی- فەلسەفی دەكات، كە پۆشین بەمانای شاردنەوەیە، گەر ئەم جۆرە دەركەوتەیە بگوازینەوە تێڕوانین و نەڕوانین، بەرجەستەبوون و خەیاڵكردن، ئازادی و دیلبوون ئەوا دەچنە جیهانێكی دیكەی پێكهاتەكانی زمان و بنیاتەكانی ماناوە، كە نووسەر وەكو هەڵنانەوەیەكی زمانەوانی و فەلسەفی كاری بۆ كردووە كە چەمكەكانی دیلی(ڕوانین، خەیاڵ، بەرجەستەبوون... هتد بەو چەمكەی ڕووتییەوە وابەستەكراون.

**ڕووتی و خەیاڵ**

بینین لەڕوانگەی بەرجەستەبوونی دیمەنەكانی بەرچاوی و دوور لەخەیاڵەوە، ڕوانینێكی فرتوفێڵاوی و هەڵخەڵەتێنەرە، چونكە هەموو شتەكان گەوهەرو ڕۆحی خۆیان لەشێوەدا بەرجەستە ناكەن، بەڵكو لە پشتەوەی دیمەنەكانەوە بوونی شتەكان گەواهیدەرن بۆ بوونێكی دیكە، كە بناغەی بەرجەستەبوونی ئەو بوونە ئاماژەیەكە بۆ بوونی شاراوەی ناوەوەی شتەكان، چونكە هێزێك لەنێو شتەكاندا هەیە كە بەردەوام گیانی ناوەوەیان دەپارێزێ، ئەگەر فۆرم مەرجی ئاماژەكردن بێ بۆ بوونێكی دیكە كە هەموو ماناو ڕاستی و جوانییەكان لەخۆ بگرێ، لێرەدا فۆرم واتە شێوە دەورەكەی تەنها گەیاندنە بەو بوونە شاراوەیە هەر بۆیە لە پەرەگرافی یەكەم و دووەم دروستكردنی شێوە بۆ جەستە، هاودەلالەتی شاردنەوەی بینینێكی دیكەی جەستەیەو جلوبەرگ تەنها لاساییكردنەوەو ئاماژەیەكە بۆ بوونێكی دیكەی بەرجەستەیی لە ڕوانیندا هەر بۆیە:

قەفەز - دیلی

جلوبەرگ - پۆشتەیی

ڕۆح - شێوەكان

لە پەیوەستێكی گەورەتری ماناو ئاماژەكاندا دەبێتە بنیاتێكی كامڵ لە واتا، كە كار بۆ بنیاتێكی گەورەتری مانا دەكات لە مانا ئاساییی و بەرجەستەییەكەی هەر بۆیە:

شێوە(ئاماژەیەكە) بۆ بینین.

بینین(ئاماژەیەكە) بۆ ڕۆح.

ڕۆح (بنیاتی گەوهەری)ی هەموو بوونێكە.

ڕۆماننووس ڕۆ دەچێتە نێو گەردوونێكی میتافیزیكی و ئایدیۆلۆژی لە برگەی سێیەمدا، لەوكاتەی جەستەو فۆرم و حاڵەتی ئەو شوێنەی تیایدان وەلاوە دەنێ و سەرنجیان بۆ بنیاتێكی دیكەی هێزی دەربڕین لەخۆكردنی شتەكان ڕادەكێشێ، كە ئەویش لەم پەیوەستەدا بەرجەستە دەبێت.

**بینین بنیاتی ڕۆحە**

كەواتە جەستەو ئەو فۆرمەی جلوبەرگ كە بۆی دروست دەكرێ، شێواندنی و شێوە گۆڕینی بوونێكی دیكەیە، شتەكان گەوهەر لە بەرجەستەیی بوونی خۆیان هەڵناگرن، بەڵكو پەیوەستەكان دركپێكردنی وەكو چاو و ڕوانین، كارلێككردن لەنێوانی هەستەكانی مرۆڤ و شتەكانی دەورووبەری مەرجی خۆناسینەوەیە، ناسینەوەی خود، درك بەخۆكردن، خۆسەلماندن، لەنێو بوونێكدا كە وەهمەو هەر لەڕێگەی هێزی هێنانە بەرچاوەوە ڕەوایەتی بوونیان پێ دەبەخشێن. ئاخۆ بۆچی ڕۆحی مرۆڤ لەنێو شتەكاندا نییە؟ ئەگەر هێندەی كاریگەری و كارتێكردن وەكو دوو هێزی بوونگەرایی شتەكان، لەنێو خودی شتەكاندا نەبێ، بەڵكو لەنێو وەزیفەو

جووڵەی شتەکاندا بێت، ئەوا هەموو بوونەکان لە پەیوەستەکانیاندا ئەو کاریگەری و کارتێکردنە سەرانەی خۆیان دەخوڵقێنن، ئەمەش ناوەندێتی بوونەکان ناسەلمێنێ بەقەد ئەوەی بەربەرەڵایی و فراوانیی هێزەکانی مرۆڤ و بوون دەسەلمێنێ، هێزێکی فیزیۆنۆمی نابەرجەستەیی کە ناجێگیرە لەگەڵ زەمەن و شوێن و کردارەکاندا دەگۆڕێ و بوونی تازە بەدەوروبەری خۆی دەبەخشێت، کەواتە بنیاتێک لە بوون هەیە، بنیاتێک لە هێزی ئامادەکردنەوەو خولقاندن هەیە کە گەوهەرییەو لەگەڵ شتەکانی دەوروبەرو مرۆڤدا نەخولقێندراوە، بەڵکو وەکو دەرەنجامێکی بەرکەوتنی شتەکان لەگەڵ یەکتردا، لە پەیوەستێکی تاوانکارانەو گوناهبارانەو لایەندارانەدا، مرۆڤ هەر خۆی دەچێتەوە سەر ئەو هێزەو درکی پێ دەکات، ئەمەش هەمان شێوەی حاڵەتی گۆڕانی گوتن و ئەدەب و هونەرو چێژوەرگرتنە، شتەکان، وشەکان، جەستەکان چێژ بەرجەستە ناکەن، چێژوەرگرتن لە گۆڕانی، جوانی و گۆڕانییبێژو کاریگەری وشەکان نییە، بەڵکو ئەو کاریگەریکردنە سەرەو ئەو کارتێکردنە سەرەیە کە کۆی رەگەزەکانی گۆڕانی بەرجەستەیان دەکەن، هەرکاتێ مرۆڤ ئامادەیی تێگەیشتن و درکپێکردنی هەبێت، کەواتە رووتی دەکەوێتە کوێی ئەم دیدگایەوە؟ روانین هێزی سەرخستن و بەرجەستەبوونی رۆحە، چونکە رۆحە هەموو کارلێک و کارتێکردنە سەرەکان دەخولقێنێ و روانینیشە بوونایەتیەک بەنەبوویەکی شاراوە دەبەخشێت، «جەستە فۆرمی رۆح نییە، رۆح لەناو بینینیدایە». کەواتە رۆح لە فۆرمە میتافیزیکیەکەی دەردەکرێت و لە خەساڵەتە میتۆلۆژی و ئارکیۆلۆژییەکەی زانین دەردەچێتە دەرەوەو هاوبەشییەک لەنێوانی مرۆڤ و هێزی بوون دێتە کایەوە کە ئەویش لە راستیەکی سادەوە دێتە دی هەموو مرۆڤێک کە توانای بینینی شتەکانی هەبوو، دەتوانی رۆح لەنێو شتەکاندا بدۆزێتەوە، ئەمەیە ئەو بنیاتە زمانەوانییەی کە رۆماننووس کاری لەسەر کردووە، کە دەتوانین بەم شێوە ئاوەژووبوونەی مانا دەربڕینی لێ بکەین.

قەفەس= جلوبەرگ = فۆرم.

رۆح = روانین = کارلێککردن.

کەواتە ئاشکرایە لێرەدا دوو هێزی دژ بەیەک دەکەونەڕوو.

قەفەس ـــ جلوبەرگ ـــ فۆرم = شاردنەوەیە.

بینین ـــ رۆح ـــ ئاشکرابوونی رۆحە.

ئەم بنیاتەی دوایی کرۆکی گەوهەریانەی مانا پێ بەخشینە بەشتەکان، شتەکان مانایەکی بەهێزو کارلێکەریان نابێت، بەڵێ دۆزینەوەی ئەو هێزە زیندووەی جووڵەی بوونایەتی بەشتەکان دەبەخشێت، ئاخۆ دۆزینەوەی ئەو هێزە کە گیانی شتەکان و گەوهەرەکەیانە چیمان بۆ دەردەخەن یا دەمانخەنە چ حاڵەتێکەوە؟!

ئەگەر هەموو بوونێک لە پێناوی گەیاندنی ئاماژەیەک و مانایەکەوە دەربڕین لە خۆی بکات، یا بیەوێ هێزی بوونایەتی بەخۆی ببەخشێت، ئەو دۆزینەوەی رۆح لە لای رۆماننووس دۆزینەوەی ئاشتی و جوانی و مرۆڤدۆستییە، چونکە ئەو کێشانەی لە شاردنەوەدا لەدایک دەبن بێ لایەن دەبنەوە، با لەم رستانەی نووسەر وردبینەوە:

«ئەوە بینینە کاتێ دەکەوێتە سەر جەستە، رۆحی تێدا دەخولقێنێت و هاوکاتیش ماهییەتی ئەم رۆحە دەردەخات، پێمان دەڵێت ئەم جەستەیە جوانیمان پێدەبەخشێت و ئەوی دیکەیان شێواوەو قێزمان دەکاتەوە، جەستەیەکی دوژمنانەیەو ئەویان جەستەیەکی دۆستانەیە».

لێرەدا نووسەر هەموو گەڕانەکانی بەدوای گەوهەری مرۆڤ لە بەشێک لە دۆزینەوەو نهێنییەکاندا ئاشکرا دەکات، کردارێکی میتا روانین کە کردارێکی میتا هەستیایی لێوە دروست

دەبێت:

بینین ڕۆح ئاشکرا دەکات
جەستە هەڵگری ڕۆحێکە

لێرەدا نووسەر وەکو پێناسێکی فەلسەفی ماهییەتی ئەو ڕۆحەی جەستەمان بۆ دەردەخات و لەو کردارەدا ڕۆح و جەستە هاوتەریبن لە بوونایەتی و ئامادەبووندا، هەردووک جەستەی بێ ڕۆح و جەستەی ڕۆحدارمان بۆ دەردەخات، لەم بنیاتە زمانەوانییەدا جەستەی ڕۆح نەدۆزراوە = جەستەیەکی دوژمنانەیە.

جەستەی ڕۆح دۆزراوە = جەستەیەکی مرۆڤ دۆستانەیە، هەر لەسەر ئەم ئاوەژووکردنەوەیەی کرداریشدا - جەستەیەکی بێ ڕۆح = جەستەیەکی قێزەوەنە.

- جەستەیەکی ڕۆحدار = جەستەیەکی جوانکارییە.

ڕۆماننووس بەجارێک بەرەو تەجریدێکی زۆر قووڵی ناسینەوەکانی جەستەو جوانی و جەستەو زمان و جەستەو گەوهەرەکەی دەچێت، کە مرۆڤ بۆ گەیشتن بەم ئاستەی ڕوانین دەبێ خۆی لە زۆر لەو داب و دەستوورو خوو پێوە گرتنانە دەرباز بکات دەبێ خۆی لە هەموو ئەو هێزە قەدەغەکارە داسەپێنەرانە ڕزگار بکات و لە کۆتاییدا بچێتە فەزای زەمەنێکی دیکەوە کە زەمەنی خووگرتن نییە بەکۆی ئەو پەیوەستانەوە، هەر بۆیە دیلێتی، ڕسوابوون، کۆیلەیی و زەلیلی ئەو ئازارانە نین کە مرۆڤ دەخەنە دووتوێی زەمەنێکی دیاریکراوەوە، بەڵکو ئەو دەرکەوتە مرۆییانەن کە مرۆڤ لە زەمەنە ڕاستەقینەو ڕووتەکانی خۆی دەردەخەنە دەرەوەو بۆیە لە(برگە(ە))دا دەڵێ بینین زەمەنەکانی جەستە دەردەخات، ئاخۆ زەمەنەکانی جەستە تا کوێی شێواندنە مێژووییەکانی مرۆڤ دەچن، زەمەن بۆچی کۆیەکەو دابەش بووە بەسەر چەند زەمەنێکدا؟ لە پەرەگرافەکانی داهاتوودا ئەم ڕستانە دەخوێنینەوە:

- بزانین من لەپاڵ ئەوەی لوغزی ڕابردوو هێزی لێ بڕیوم، هەمیشە بیر لە کۆتاییەکانیش دەکەمەوە، بۆیە من کاتێکم نییە لەژیاندا بەناوی ئێستا...» هەروەها لە هەمان لاپەڕەدا «ئەوەیانم تا ڕادەیەکی زۆر لە«باوک»م دەچێت ئەویش وەکو «بیبی کەناری» بەزمانێکی لوغزاوی پێی دەوتم تەنها کۆتایی شتەکان دەبینێت..ل٢٤ لە پەرەگرافەکانی داهاتوودا دەنووسێت.

- ئەو ڕووتییەشە پاڵم پێوە دەنێت لە هەرکاتێکی دی زیاتر بیر لە ڕابردووی پڕ لە گومانم بکەمەوە کەواتە لێرەدا لە«باوک»م جیا دەبمەوە کە من تەمەنێکی کورتی ئاشکرام هەیە.

لێرەدا ئەو زەمەنەی تیایدا دەژین زەمەنێک نییە ڕووت و قووت بێت، زەمەنێک نییە ماناکانی ئێستا، تەنها ماناکانی ئێستا هەڵگرێت، بەڵکو زەمەنێکە ڕابردوو ماناکانی تێدا دەسەپێنێ تاکو داهاتوو بخاتە بەر گومان و دوودڵی و نا دڵنیابوونەکانی مرۆڤەوە لێرەوە ڕۆماننووس بەدوای(ڕووتبوونەوە)دا دەگەڕێت وەکو ڕێگەیەک بۆ ئازادبوون و ڕەهاکردنی مرۆڤدۆستی و جوانییەکانی خۆی، ڕووتبوونەوە بەمانا فەلسەفییەکەی هەروەها خاوێنکردنەوەی ئێستایە لە ڕابردوو تاکو لە داهاتوودا مرۆڤ تەنها خەون بەژیانێکەوە ببینێ کە هەموو قەدەغەکردن و داسەپاندنەکانی سەر خۆی لەبیرکات و باوەڕ بەوە بێنێ کە زەوی شوێن و زەمەنی ئێستای ئەوە، چونکە لە لاپەڕەکانی دواییدا دەڵێ: مرۆڤ لە بەهەشت ڕووت بووە، بەڵام زەمەنی ڕابردوو داهاتووی نەبووە، چونکە جەستەشی ڕووت بووە، ئەوە لەگەڵ گوناهدایە کە مرۆڤ لە بەهەشت دەردەکرێ و لەترساندا خۆی دەپۆشێ تاکو جارێکی دیکە گوناهەکانی دووبارە نەکاتەوە، بەڵام گەر ڕووتی دۆزینەوەی جوانییەکان و مرۆڤ دۆستی بێت بۆچی ڕووتی ترس و تۆقاندن بخاتە دەروونی مرۆڤەوە کاتێک دەنووسێ«بەڵام نا،

ئەوەی زەندەقی منی بردووە تەنها رووتییە...هتد»
لە لاپەڕەکانی داهاتوودا ئەم رستانە دەخوێنینەوە.

١- ئێوە باوکی خۆتان دانەپۆشی و ئێمەیش رووت دەکەنەوە....هتد دەبێت بڵێین هێمنییەکی سەیر هەموومانی داپۆشیوە... هۆیەکەیشی بەڕای من هی ئەو رووتییەیە ئەمەش وام لێ دەکات زیاتر باوەڕ بەوە بهێنم نێر بەرووتی رەگەزی خۆی لەدەست دەدات و بۆ مێ دەگۆڕێت. مونادایەکی ناسکی تر بەدەست دێنێ.

٢- هەرگیز هێندە دەسەڵاتم بەسەر خەیاڵی خۆمدا نەشکاوە.. ئاخ رووتی چ هەستێکی دووفاقییە، ئەوەندەی ئازارە بۆ جەستە، هێندە شۆک نییە بۆ رۆح.. ئەو ترسە تەواو ئابڵۆقەی داوم... ئەو شەرمە تێکیشکاندووم، بەڵام خەیاڵەکان هەڵمدەفرێوێنن..

٣- ئاخر رووتی کاتێک لە ناوێکەوە بۆ کردارێک دەگۆڕێت لەگەڵیا سیمای دەسەڵاتێک دەردەکەوێت.. لێرەدا ئەوەی رووت دەکرێتەوە تەنها جەستە نییە، بەڵکو ئیرادەشە..

٤- رووتی ئەو هەستە بوو پاڵی بەمرۆڤە سەرەتاییەکانەوە نا بەخێرایی بیر لە خواوەندێک بکەنەوە، کە بەرادەیەک داپۆشراوبێت، تا ئەبەد رووت نەبێتەوە، بگرە هەوڵ بدەن سەرتاپای رووتیی خۆیانی لە پەنادا بشارنەوە.

٥- شتێک نییە بەناوی جێهێشتن و گەیشتن، بەڵکو ئەوەی هەیە هەوڵدانە بۆ رزگاربوون لە رووتی..

٦- بەزەییت بە«گۆڵدا»ی پۆلتاندا دەهاتەوە، کە«ئەستێر»ی دایکی بەرووتی لەگەڵ پیاوێکدا کوژرابوو...

٧- جەستەی هەمیشە رووتم پەراوێزی ئاسمانەو ماناکانی گوناهی لەسەر راڤە دەکرێت.

٨- بەڵام منی رووتوقووت زەحمەتە ئەو ئاگرە بدۆزمەوەو بچمە ناو ئەشکەوتی ناخی خۆمەوە، بۆ ئەوەی ئەو ورچانە یەک یەک بکەمە دەرێ، من دەزانم ئەگەر ئاگریشم هەبێت نازانم بەکاری بهێنم و سەرتاپای ئەشکەوتەکە دەسووتێنم..

**٢- رووتی و دووسەرەیی بوون**

یەک سیفەتی و یەک خەسڵەتی هەموو بوون و ماناکانی وەکو دەرکەوتەی بەرجەستەیی رەها هیچ واقیعێکی راستەقینەی تێدا نییە، رووتبوونەوەش وەکو مانایەک ئەو رەها نەبوونە یەک سەرە نەبوونەی تێدا نییە، چونکە ئەگەرچی خەسڵەتی جوانی و گرفتاریی، بەڵام هەروەها شەرم و ترس و تۆقاندنیشی تێدایە، ئەمە پەیوەندی بەڕابردووی گوناه و سزادان و بێ ئیرادەیی بوونی مرۆڤەوە هەیە لەو شوێنەی تیایدا دەژی. لێرەوە رۆمان کۆمەڵێک بنیاتی مانای رووکەش دەخاتەروو لەنێو زمانێکی زۆر فانتازی و شیکردنەوە فیکری و فەلسەفییەکانەوە، ئەو مانایانەی لەم بنیاتە رووکەشانەدا دەکەونەڕوو لەم رستانەدا چڕیان دەکەینەوە کە یەک بەرامبەر بەپەرەگرافی یەکە.

١- نێر بەرووتی رەگەزی خۆی لەدەست دەدات و بۆ مێ دەگۆڕێت ـــــ ئیرۆتیکا.

٢- رووتی ئەوەندەی ئازارە بۆ جەستە، هێندە شۆک نییە بۆ رۆح ـــــ هەستکردن بەگوناه.

٣- ئەوەی رووت دەکرێتەوە تەنها جەستە نییە، بەڵکو ئیرادەشە ـــــ هەستی بێ دەسەڵاتی

٤- رووتی وای لە مرۆڤ کرد بەخێرایی بیر لە خواوەندێک بکاتەوە ـــــ پاساوی گوناه.

٥- هەوڵدان بۆ جێهێشتن و گەیشتن هەوڵدانە بۆ رزگاربوون لە رووتی ـــــ شوێن و پێناسەکان.

٦- «ئەستێر» بەرووتی لەگەڵ پیاوێکدا کوژرابوو ـــــ پیاوان.

٧- جەستەی رووت پەراوێزی ئاسمانەو ماناکانی گوناهی لەسەر راڤە دەکرێت ـــــ ئازاری رابردوو، ئێستا.

٨- منی رووتوقـــووت زەحــــمــــەتە ئەو ئاگـــرە بدۆزمەوە ـــ مەحاڵی ئازادبوون.

لەم دەرکـەوتانەی مـانا کـەوتن و کـەلەبەرەکـانی کـەسـایەتیـان تێـدایە کـە دەرەنجـامی رووتی و رووتبـوونەوە مـرۆڤ پێی دەگـات، لەدەسـتـدانی سیفەتی رەگەزی مرۆڤ لە هەستێکی بێ گومان گرفتاری و ئیرۆتیکییە مرۆڤ بەرەو لادانە رەوشتی و خەسڵەتە سروشتییەکانی خۆی دەبات و کامەران بوونیش بەم هەستە وەکو کاردانەوەیەکی دەروونییە بەرامبەر نێرایەتی مرۆڤ کە ئەمەش ئاوەژوویی و دەشێ زۆرداری و ناپەسندیی رەگەزی نێری بنوێنێ لە سروشتی مرۆڤدا، کەواتە هەستکردن بەرەگەزی مێـیـاتی لە رووتبـوونەوەدا کـەلەبەرێک، نارەزایی بوونێک، پەسند نەکـردنێک، سـەرکـۆنەکـردنێکە دەرهەق بەرەگـەزی نێـرایەتی، چونکە ئەو رەگـەزە دەشێ توندوتیژی و زۆرداری بەسیفەتی نێرایەتی خۆیەوە بگرێت، ئەمانەش مانایان وایە: نێرایەتی حەزی بەمێیاتی بوونی تێدایەو رووتبوونەوە زیاتر سیفەتی رەگەزی مێیاتی بوونە نەک نێرایەتی بوون، ئەمـــەش دوو ســـەرەیی بوونە کـــاتێک رووتی لە جیـهـانێکدا کـە مرۆڤەکـانی بەداب و دەسـتـووری قـــەدەغـــەکـــردن و شــاردنەوەی ناوەوەی خـــۆی و سەرکوتکردنی هەستە شاراوەکانی مرۆڤ بێت، بێ گومان رووتی لە روویەکەوە دەبێتە هۆی دەرچوون لە داب و دەسـتـوورو جێگەی سـەرزەنشـتی و رەخنەو توندوتیژیی ئەوانی دی کە لەهەمان کاتدا هەروەکو وتمان دۆزینەوەی رۆحی مـــرۆڤـــە، ئەو رۆحـــەی گـەوهەرێکی ئازاد بەمرۆڤ دەبەخشـێت، ئەمـەش هەسـتێکە، یا کـردارێکی دووسەرەیی بوونە، نەک کـردارێکی چەسـپـاو و یەک بەهای مـرۆڤ. ئەگـەر یەکـێک لە خـەسـڵـەتەکـانی مـرۆڤی مـێـینە لە کۆمەڵگەی گۆشکراو بەباوک سالاری کراو، کە پیاو ناوەندی هەمـوو دەسـەڵات و ئیـرادەکـانە، ئەوا یەکێک لە خەسڵەتە سروشتییەکانی مێیاتی بوون خـەسڵـەتی بێ ئیرادەیی و لەدەسـتدانی دەسـەڵاتە، هەربۆیە ئەو هەستەی کە لە رووتییەوە دێتەکایەوە هەر چەندە گرفتاری و ئازادی و جوانییەکان و رۆحی مـرۆڤ ئاشکرا دەکـات، بەڵام رووتی هەروەها هێـزو ئیـرادەی نێـرەکـان لەدەست دەدات، نێر لە کـرداری سـێکسـیـدا رووت دەبێـتـەوەو دەیەوێ وەکـو مێ بگەرێتەوە سەر سروشتی ئەو، دەیەوێ لەو شێوانەی کە بۆ نێرایەتی و قەدەغەکردنی ئەندامەکانی خۆی و لاسـاییکردنەوەیان دروسـتی کـردووە لەسـەر خـۆی لابـەرێ و بەرەو سـیـفــەتی مـێـیــاتی بوون و لەدەسـتـدانی ئیـرادەی نێـرایەتی خـۆی بچـێت کـە ئەمــەش دوو سـەرەیی بوونە وەکـو کـەلەبەرێکی شـاراوەی بەنێـرایەتی بوون، چونکە مـرۆڤ کـە بەرووتی هاتە دنیـاوە هەر لە سـەرەتاوە وەکـو یەک ئیـرادەی بەمـرۆڤـەکـان دا بەرووتی خـۆیانەوەو بەیەکـسـانی و کـاتێک رەگـەزێک ئەو سـیـفـەتە سەرەتاییـەی خۆی لەدەست دەدات، بێگومان بەرەو خۆسەپاندن و دەسەڵات و ئیرادەی گەورەتر دەچێت بەرامبەر رەگەزەکەی دیکە کە رەگەزی مێیە، ئەمەش دوو سەرەبوونی مرۆڤێکە کە مەحکوم بوو بەوەی لە سـروشـتی رووتی خـۆی دەرچێـتـە دەرەوەو بەرەو سـروشـتـێکی دیکە بچـێت. کـاتێک مـرۆڤ بەرەو رووی ئیرادەیەکی بەهێزترو بەدەسەڵات تری سروشت و بوون دەبێـتـەوە کـاتێک مـرۆڤ نا ئیـرادەیی و دوورخـراوەیی بوونی خـۆی بەچاوی خـۆی دەبینێ و هەمـوو کـرداری بیرکردنەوەی رەگەزی خـۆی لە ئاست ئەو هێـزە سـروشـتی و بوونگەرایییە لەدەست دەدات ئەوا رووتبـــوونەوە دەبێـــتـــە دەلالەتێکی دیکەی بیرکردنەوەیەکی دیکە لە مرۆڤ. مرۆڤ لە بەهەشت رووت بوو، لە زەوی هەر لە سەرەتاوە ئەندامەکـانی خۆی بەگەڵاو گژوگیا دەشاردەوە، فێربوو کە ئیرادەی ئازادو سـروشـتی خـۆی بشـارێتەوە، کـە هەر بەهۆی ئەو ئیرادەیەوە کەوتە سەرزەوی بێ گومان بەخێرایی و بەپەلە بیری لەو هێـزو ئیـرادەییە کـردەوە کـە وای

لێکرد ڕۆحێکی دیکەو جەستەیەکی دیکەی هەبێت و جۆرێک لە یاسای سروشتی خۆی هەبێت کە یاسای قەدەغەکردن و سنوور دانانە بۆ جەستەو ئەندامەکانی، ئەمەش وای لێکرد زوو بیر لەو هێزە بکاتەوەو ئەمەش بەرەو بیرکردنەوە لە خواوەندی برد، لە مێژووی مرۆڤایەتیدا گەڕان بەدوای دەوری خواوەندێتیێ لە یۆنانەکانەوە دەستی پێکردو پێش یۆنانەکانیش لە میسیاتی و لە دەوری دیکەی پیاویشەوە بوونی هەبووەو تاکو سەردەمی فیرعەونەکانیش مرۆڤ هەوڵی داوە جێگرەوەیەک بۆ ناوەندێتی بوونگەرایی خۆی بدۆزێتەوە وەکو خواوەندێکی سەرزەوی و بەخواوەندبوون هیوایەکی مرۆڤ بووە کە لەگەڵ هاتنی بۆ سەرزەوی، خودایەکیش بۆخۆی بخوڵقێنێ، هەر پاش ئەوەی لەدوای نەوەکانی ئادەمەوە خوداوەند لەوە دەوەستێ چیتر چاودێریی مرۆڤ بکات، مرۆڤ ویستوویەتی خواوەند لەگەڵ خۆیدا بەرەو زەوی بەرێ و لێیەوە نزیک بێ و هێزو ئیرادەی خۆی لەوەوە وەرگرێ و هەموو داواکانی مرۆڤ لە خواوەند بەخشینی هێزی ئیرادەیەکی عەقڵی و دەروونی گەورەتر بووە لەوەی کە هەیەتی. ئەمەش دووسەرەیی بوونەکانی مرۆڤە کە نە دەتوانێ بەخواوەندێک بەتەواوەتی ڕازی بێت و ئیرادەو دەسەڵاتی خۆی لەودا ببینێتەوەو نە دەتوانێ بەبێ خواوەندێک بژێت کە ئیلهامی بەخشینی ئیرادەو دەسەڵاتە بەمرۆڤ، ئەمەش دووسەرەیی بوونەکانی سروشتی مرۆڤە. ئەگەر شوێن گواستنەوەیەک بێت بۆ جەستەی مرۆڤ لە ڕووتییەوە بەرەو جل پۆشین، ئەگەر گەیشتن مەرجی پۆشین و شاردنەوە لەگەڵ خۆیدا بێنێ ئەوا جێهێشتن و گەیشتن بەشوێنەکان، خۆی لەخۆیدا دەربازبوونە لەو حوکمەی لەسەر مرۆڤ بووە کە دەرەنجامی گوناهی خۆی لە جەستەیدا پێی دەگات، بەمەش شوێن هەروەها مەحکومە بەیاسای خۆی، بەهەشت شوێنێکە یاسای خۆی هەیە بۆ جەستە هەروەکو چۆن زەوی یاسای خۆی هەی بۆ جەستە، کەواتە کاتێک مرۆڤەکان لە حەزو ئیرۆتیکای جەستەیی خۆیاندا دەژین و لە هەمان کاتدا ئەو ئارەزووەی خۆیان دەشارنەوەو وەکو مرۆڤێکی خۆ قەدەغەکار ژیانی دروست دەکات، ئەو لە دووسەرەیی بوونێکی گەورەدا دەژی، مرۆڤ تا ئەوپەڕی دڕندەیی و ڕەمەکی بوون سێکسی و جەستە حوکمی بیرکردنەوەو دەسەڵاتی دەکەن و تا ئەوپەڕی دڕندەیی و خەفەکردن و شاردنەوەو کوشتن، یاسا بۆ ئەو کارە دادەڕێژێ، ئەمە خۆی لەخۆیدا حوکمدانە بەسەر جەستەی ڕووتی مرۆڤەوە، هەر بۆیە«ستێر» بەڕووتی کوژرابوو، ئەمەش هەمدیسان ئەوەمان بۆ دەخاتەڕوو کە ڕووتی ئارەزووەکانی مرۆڤ بەرجەستە دەکات و دەیەوێ ئازادیان بکات، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەو ئارەزووانەی بەتوندوتیژترین شێوازو ڕەمەکیترین کردار ئابلۆقە دەدات بەیاساکانی خۆی، هەر خۆی یاسای قەدەغەکارو سنوور بۆ دانان بۆ جەستەی خۆی دادەڕێژێ و ڕۆماننووس بەوردی بیری لەو دووسەرە بوونانەی مرۆڤ کردۆتەوە ئەگەر جیابوونەوەی مرۆڤ لە بەخشندەییە ئاسمانی و بەدەسەڵاتەکان وەکوگوناهێک بێت کە مرۆڤ بەرەو هەستی دووسەرە بوون بەرێت، ئەگەر مرۆڤ لەو بەخشندەییانەی خوداوەندبێ بەری دەبێت لەگەڵ کەوتنە سەرزەوی و پەیوەندییەکی هەستیاری و هۆشداری پێوەی ببەستێتەوە، ئەوا مرۆڤ هەمیشە لەناخی خۆیدا ئەو هەستەی سزادان هەڵدەگرێت، هەر بۆیە خۆی لە پەراوێزی ئەو بوونەدا دەبینێتەوە ئەمەش دووسەرە بوونێکی ناخە، دووسەرەبوونێکی بیری مرۆڤە، کە لە لایەکەوە دەیەوێ لەڕێگەی باوەڕەوە دڵنیایی بەخۆی بدات لە لایەکی دیکەشەوە ئەو دڵنیا نییە لە مەترسی و دوودڵی و شەرم و هەموو حاڵەتە دەروونی و عەقڵییەکانی دەربازی بێت. کەواتە هەموو ڕێگەکان بەرەو یەک ئاراستە

لەبیرکردنەوەو خەیاڵیدا بەرەو دەرگا داخراوەکانی ژیانی دەبەن، بەمەش رووتبوونەوەو رووتی وەکو چەمکێکی فەلسەفی دەبێتە هێزی زمان لە خولّقاندنی بنیاتە رووکەشەکانی مانا، تاکو لەوێوە سەرنجمان بۆ بنیاتێکی گەوەری دیکە راکێشێت، کە ئەو بنیاتەیە لەنێو هێزی ماناکانی بنیاتە رووکەشەکاندا جیادەبێتەوە ئاخۆ لەکوێوە بە دووی ئەو بنیاتە زمانەوانیانەدا بگەرێین وەکو دەرەنجامێکی پاشینەیی ئەم لێکۆڵینەوەیە؟

رۆماننووس لەرێگەی سەرجەمی ئەو بنیاتە رووکەشانەوە دەیەوێ بگاتە چەند راستییەک کە گرنگترینیان لەو دەلالەتانەوە دەبنە ناوەندێک بۆ گەیشتن بەو بنیاتە رەهایەی لەو دیوی زمان و بنیاتە رووکەشەکانیدا بوونیان هەیە، ئەو بنیاتە ناوەندگیرانەش لەم بنیاتانەدا چڕدەبنەوە:

جەستە ـــــ رووتبوونەوە = جل پۆشین

رۆح ـــــ جەستە = شاردنەوە

رووتبوونەوە ـــــ دووسەرەیی ـــــ ئاشکرابوون = دیلی ـــــ گرفتاربوون ـــــ دوودڵی و ترس و شەرم.

ئەم بنیاتە ناوەندی گیرانەی مانا بەرجەستەیەکن لە زمانی سەرەوەی دەق و نامانگەیەنێتە هیچ دەلالەتێکی ناخەکی کە بۆی هەبێت بەتەواوەتی درک بەمانا پێشینەو هۆکارە بنەڕەتییەکانی نووسین بکەین لە خودی ماناکانی خۆیدا، لەگەڵ ئەمەش ئەم مانایانە دەروازەیەکمان بۆ دەکەنەوە لەبەردەم گەڕان بەدوای بنیاتی هەرە بزرو نهێنی دەق کە بەجارێک هۆکار لە نووسینی ئەو مانایە دەداتەوە پاک پاساوی هەموو ماناکانی دیکە نووسەر لە وێنەی رووتبوونەوە گرفتارو سەرسامە، بەڵام لە ناخی خۆیدا ترسێک لە رووتبوونەوە هەڵدەگرێت و ئەو ترسەش تێکەڵە لە دوودڵی و راڕایی و نادڵنیابوون و شەرمکردن و دەشێ مرۆڤ بەهەڵەو لە مێژوویەکی درێژدا کاری بۆ ماتکردن و دیلکردنی دەروونی و عەقڵی و فیزیۆنۆمی خۆی کردبێ و دەرەنجام ئەم کارەش بەرەو رووی ئازارو خەم و مەرگ دەبێتەوەو ناهێڵێ درکپێکردن و هەستەکانی ئازاد بن و، بەڵکو لەمەش زیاتر بەرەو لادان و نووچ خواردنەوەی جەستەیی دەبن و دابەشبوونی مرۆڤ لەنێوان نێرو مێ، دابەشبوونێکە لە پشتەوەی هەموو کێشەکانی مێژووی مرۆڤەوەیە، هەرچەندە مرۆڤ بەهەڵە کاری بۆ سانسۆرو قەدەغەکردن و هەموو جۆرە دەسەڵات و داسەپاندنێکی جەستەیی و رۆحی بردووەو لەمەوە بنیاتی رەهای دەق دەکەوێتە دەلالەتە زمانەوانییەکانی ئەم دیدگایەوە:

شێواندنی جەستە کێشەکانی مرۆڤ مێژوویەک بۆ مەرگ

---

دیلکردن دەروونی ـــ عەقڵی مێژوویەک بۆ ژیان

هەموو زمانی سەرەوەی دەق لەم پێکداچوونە زمانەوانییەدا چڕدەبێتەوە کە بنیاتی هەرە شاراوەی زمانێکی دیکە دەنوێنێ کێ دەڵێ مرۆڤ گەر جلی نەپۆشیایە لە جیهانێکی وەکو ئەمڕۆدا هەمان عەقڵ و هەمان جەستەو هەمان شوێن و هەمان خۆراک و هەمان پەیوەندی و هەمان خولیای دەبوو ئەمەیە فانتازیای زمانی شاراوەی دەق و بنیاتەکەی.

هەولێر ٢٠٠٩/٤/١٩

**ناوی رۆمان: مامزێر**

**نووسەر: کاروان عومەر کاکەسوور**

# مامزێرو رۆمانی نوێی کوردی

**سابیر رەشید**

**سەرباس**

نووسین لەسەر رۆمانی (مامزێر)ی کاروان عومەر کاکە سوور بۆ من کارێکی زەحمەت بوو، چونکە ئەو رۆمانە بە شێوە یا تەکنیکی نووسینی ئاسایی جاران نەنووسراوە، بەڵکو نووسەر یا رۆماننووس هەوڵیداوە بەتەکنیک و شێوازێکی دیکەی شێوەی رۆمانی نوێی فەرەنسی بینووسێت، ئەمەش پێویستی هەم بەگەڕانەوە هەبوو بۆ ئەم سەرچاوانە و هەمیش بە کردنەوەی کۆدو شیفرەو هێماکانی ناو رۆمانەکە کە نووسەر لە هەندێک جێگادا تەنها وەک مۆتیڤ سوودی لەڕووداوە مێژووییەکان و بەتایبەتیش ئەفسانەو مێژوو و بیروباوەڕی عیبرییەکان کە لە نێو رۆمانەکەدا وەک مۆتیڤ خستۆتییە نێو گێڕانەوە و روانینەکانی پاڵەوانی سەرەکی رۆمانەکە و لە کۆتایی رۆمانەکەشدا کە ئەمە بۆ یەکەمجارە لە رۆمانی کوردیدا هەبێت، ئەو مۆتیڤانەی کە وەریگرتووە راڤەی کردووە.. ئەوەی راستیش بێت ئەم رۆمانە بۆ جاری یەکەم کە خوێندمەوە تەواو لێی حاڵی نەبووم، بەڵکو لە خوێندنەوەی دووەمدا دوای ئەوەی شیفرەو هێماکانم دۆزییەوە و لێکمدایەوە ئەوجا زانیم کە نووسەر وەک رۆمانی نوێی فەرەنسی دەیەوێ بەتەکنیکی نوێ و جیاواز لە جاران ئەم رۆمانە بخاتە نێو کتێبخانەی کوردی کە لای من ئەم هەوڵە و هەموو هەوڵەکانی پێش ئەویش، شایەنی ستایشن، چونکە پێش ئەم هەوڵەی، کاروانیش رۆمانی کوردی بە سوود وەرگرتن لە هەردوو قوتابخانەی فەرەنسی نوێ و ئەمریکای لاتین، توانراوە شێوەی ئاسایی جاران یا روانینی بەلزاکی لەم هەوڵانەدا واز لێ بهێنرێت بەم دوو رێچکە نوێیە و رێچکەیەکی دیکەیش کە تێکەڵ بە هەردوو رێچکەکە و شێوەی گێڕانەوەی جارانیش هەر ماوە لای ئەم رێچکەیە، بەڵام لە دەربڕین و روانین و زمانی نووسیندا نوێیە و سوود

له هەموو تەکنیکە نوێکان وەرگیراوە بە تەکنیکی گێڕانەوەی ئاسایی جارانیشەوە، بەڵام بەشێوازێکی جیاواز لە ستایلی جاران نووسراوە و خراوەتە نێو کتێبخانەی ڕۆمانی کوردییەوە. ڕۆمان لای ئەم ڕێچکە نوێیە، لادانێکە لە بنچینەی باوو سەرنج ڕاکێشانی خوێنەرە لەڕووی تێکشکاندنی کلێشەی ئاسایی جاران و گۆڕان لە گێڕانەوە بەشێوازی جیاجیا و دەرچوون لە چوارچێوەی مەئلوف، بەڵکو گۆڕینی ئەو مەئلوفانەش بۆ گەیاندن بە ئاستی ئەفسانە و فانتازیا و شیعرییەتی نووسین و بەشداریکردنی خوێنەر لە گێڕانەوە و کۆتایی کراوە و سوودوەرگرتن لە هەموو هونەرەکانی دیکە و تەوزیفکردنی لە ڕۆماندا، من ئەم هەوڵە نوێیانە بۆ سێ ڕێچکە جیا دەکەمەوە جگە لە ڕێچکەی ئاسایی جاران، کە هێشتاکە هەندێک ڕۆماننووسی بە ئەزموون و نوێش بەردەوامن لە نووسینی ڕۆمانەکانیان بەشێوەی جاران، یەکێک لەم ڕێچکانە بەشێوەی تێکەڵاو دەنووسێت، واتە سوودوەرگرتن لە شێوە نووسینی جاران بەتایبەتیش لەڕووی ڕووداوو بابەتەوە وەک جاران واقیعییە، بەڵام سوودی لە شێوەی ڕۆمانی نوێی فەرەنسی و شێوەی ئەمەریکای لاتین وەردەگرێ و بەزمانێکی شیعری جیاواز لە جاران کە دیارە شیعرییەتی نووسین لە هی جاران زۆر دیارترە و هەستیشی پێدەکرێت و بایەخێکی زۆریشی پێدراوە، بەڵکو هەندێک لەم ڕۆمانانە کەمتر وەک جاران بایەخ بە کەسایەتی و ڕووداوو گرێچن دەدەن و زیاتر بایەخ بە زمانی نووسینی ڕۆمانەکەو ڕووخسارو بەکارهێنانی هۆکاری دیکە بۆ گێڕانەوە دەدەن وەک شێوەی یادەوەری و نامە و چاپتەر و ژمارەو بەکارهێنانی تەکنیکی میتاڕۆمان و چیرۆک لەناو چیرۆک بەکارهێنانی و تێهەڵکێشکردنی شیعرو فۆلکلۆر و گۆرانی و بەکارهێنانی ئەفسانە و فانتازیا و فرە دەنگی و دەیان تەکنیکی دیکە، تەنانەت سوود لە ڕۆمانی نوێی فەرەنسی و ڕۆمانی ئەمەریکای لاتینیش دەبینێ و دەتوانرێ دەقی ئەم ڕۆمانانە وەک دەقی جیاواز لە ڕۆمانی ئاسایی ببینرێن و بەڕۆمانی نوێش دادەنرێن، چونکە لە شێوەی هەقایەتخوانی جاران دوور دەکەوێتەوە و چیدیکە ڕۆمان فۆتۆکۆپی واقیع نییە، بەڵکو خوێنەریش دەبێتە بەشدارو ڕەگەزێکی ڕۆمانی نوێ، ئێمە بۆ ڕاستی سەلماندنی ئەم ڕێچکە نوێیە دەتوانین چەند ڕۆمانێک بکەینە نموونە وەک:

ڕۆمانەکانی عەبدوڵڵا سەڕاج و (درزو کەوشەنی پەیکەرتاشێکی تر)ی کاکەمەم بۆتانی و (ئەژدیها)ی موکری و (خۆری تاری) ڕەئوف حەسەن و (حیکایەتەکانی باوکم)ی فەرهاد پیرباڵ و (تەونی جاڵجاڵۆکە)ی حەکیم کاکەوەیس و (مۆسیقای مەرگی ناوەختە) و (نەفخ و وێنەکانی با)ی سەلاح جەلال و (کەوتنە خوارەوەی گورگێک)ی ئیسماعیل حەمەدەمین و (پێدەشتی کارمامزە کوژراوەکان)ی شێرزاد حەسەن و (درەختی کەتناوە)و (خەوی پساوەی قەندیل) و (یاداشتەکانی هاوڕێکەم)ی دلشاد مەریوانی و (پەناهەندە) و (زاکیرەی با)و (خەونەکانی بلوژستان)ی ئەحمەدی مەلا و (سەفەری نیوەی بکوژێک)ی هۆشەنگ شێخ محەمەد، دەستنووسی فەقێکان)ی نەجات نوری و (ئەسپەکانی تاوبا)ی کەریم دەشتی و (ئەوین لیمۆبەکان)ی هەریاد و (شانشینی تاڤگەکانی سۆز)ی سەباح مەجید و (ئیرەم) و (ئولگا بۆزدینۆڤا)ی زانا خەلیل و (پەڕینەوە لە تەم تومان)ی عوبێد مەجید و (نۆرینگ)ی حسام بەرزنجی و ئیبراهیم حەسەن و

چەندان رۆمـــانی دیکەیش کـــە رەنگە ئێـــمـــە نەماندیبێ..

رێچکەیەکی دیکەیش لە رۆمـانی نوێی کـوردیدا ئەو رۆمـــانـنـووســـانەن کـــە ســـوودیان لە رۆمـــانی ریالیـزمی سـیـحری ئەمـریکای لاتین وەرگـرتووە) ئەوانە هەندێکیان هەقایەت و ئەفسانەی کوردییان لەجیاتی ئەفسانە و هەقـایەتی ئەمریکای لاتین لە رۆمـانەکـانیـاندا تەوزیف کـردووە، یا ئەفـسـانە و خـەیاڵ و فـانتـازیای ناو رۆمـانەکـانیـان زادەی خەیاڵی خۆیانە، بەڵام وەک تەکنیک لەسەر شێوەی ئەفسانە و خورافاتی کوردی گێڕانەوەکانیان ئەنجام داوە لە نێو زمانێکی شیعری جوان، ئەمەش هەم وەک مــاناو هەمــیش بۆ مــەبەســتی تەکنیک و جـوانکاری خـــســتــوتیــانەتە نێــو گــێــڕانەوەی رۆمانەکانیان و نامەئلوفەکانیان کردۆتە مەئلوف و بەرگی ئەفـسـانە و فـانتـازیایان لەبەر کـردووە و بەمــەش لە رۆمـــانی ئاســـایی جـــاران خـــۆیان جیـاکـردۆتەوە.. ئەمـانەش نموونەیان لە (رێگا)ی مەم و رۆمانەکانی بەختـیـار عـەلی و رۆمانەکانی ســەلاح عــومــەر و دیوێکی دیکەی حــەکــایەتە بەنـووســراوەکـــانی یوسف عـــیـــزەددین و (ئاوێنە سـەرابیـەکـان)ی هیـوا قـادر و (پەرەسـێلکەکـانی کـۆچ)ی فـەروخ نیـعـمـەتپـوور و (باڵندەکانی دەم با)ی عـــەتای نەهایی و (بـەهەشـــتی ئەوبەر پردەکە)ی رێبوار حەمەرەحیم و...تاد.

رێچکەیەکی تریش لە رۆمانی نوێی کوردیدا ئەو رۆمانووسانەن کە دەکەونە ژێر کاریگەری رۆمانی نوێی فـــەرەنسی و ئەوانیش دەتوانین بەم چەند نموونەیە بەدیاریان بخەین وەک:

(چناری شــیــرو شــێــخی دامــوس و دنیـــا لە کتێبێکدا و لەسەر باران دەنووسم)ی جەبار جەمال غـەریب و (ئافـاتەکـانی بنەمـاڵەی مـێـخـەک و گـێلاسی خوێن و گـەشـتـە تیـوارەکـانی مـیـر بە تەنیاییدا)ی عەتا محەمەد و (پیاوێکی شـەپقە رەشی پاڵتـۆ رەشی پێـلاوشین و سـانتـیـاگـۆ دی کۆمپۆستیلا)ی د. فەرهاد پیرباڵ و (شاخوێنبەری سـەرکـردە)ی گـۆران سـەباح و (ئای لە ڤـیلیـا لە ڤیلیاو مـامزێر)ی کـاروان عـومـەر کاکـەسوور کـە ئەمانەش لەرووی ژمارەوە کـەمترن و تەواو خۆیان لە رۆمـــانی ئاســـایی جـــیـــاکـــردۆتەوە و خـــوێنەر بەئاسانی هەست بە جیاوازییان دەکات، تەنانەت لەرووی دارشـتـنیـشـەوە بریتین لە گـێـڕانەوەی بێ رووداوو گـــرێچن و شـــێـــوەی وەســـفی درێژدادڕ و تێهەڵکێش کردنی بەمۆتیڤی جۆراوجۆر و بابەتی دیکە و ماندووکردنی خوێنەر بەدوای شیفرە و هێما و مانا شاردراوەکانی ناو دەق و بایەخدان بە شتی نائاسایی و نەبوونی یەک بەدوای یەکی گێڕانەوە و رووداو کـە ئەم رۆمـانانە زیاتر بە رۆمـانی وەسـفی دەناسرێنەوە.

زۆر هونەرکاری دیکەیش، کە ئێمە مەبەستمانە لە مــــیــــانی ئەم رۆمــــانەوە لێی بدوێین،چونکە دەکەوێتە نێو ئەم رێچکە نوێیەی رۆمانی کوردی.

## مـامـزێر وەک هەوڵێکی دیکەی نوێ لە رۆمـانی کوردیدا

کــاروان عــومــەر کــاکــەســوور لەم رۆمــانە و پێشـتریش لە رۆمـانی (ئای لە ڤیلیا لە ڤیلیا)دا لەگـەڵ رۆمـاننووسـانی پێش خـۆی جیـادەکرێتەوە، چونـکە لـە هەردوو رۆمـــــانـدا تـوانـیـــــویـەتـی تایبـەتمەندییەک بۆ خۆی دروست بکات و خـۆی لە کـــــۆت و بەندی رۆمـــــانی بـەلزاکی جـــــاران جیـاکردۆتەوە، بەڵکو لەم رێچکە نوێیـەی رۆمـانی کوردیدا تەواو، قالبەسواوەکانی تێکشکاندووە و پەیڕەوی شێوازو تەکنیکی رۆمـانی فـەرەنسی نوێی

کـردووه، چونکه لەم دوو ڕۆمـانـەدا هەوڵـیـداوه بۆ گێڕانەوه بە زمانێکی شیعری چڕوپڕو پەیڕەوکردنی ئەو شـێـوازو تەکنیکەی کـە پێی دەوترێ (شیعریەتی نووسین)، لەمەش بەزمانێکی شیعری دەبەستێ بۆ گێڕانەوه کە زیاتر لە ڕۆماندا هەست بەشێوەیەکی وەسفی دەکرێت و هەروەها ڕووداو و گرێچن لە ڕۆمـاندا بایەخـیـان نابێت، هەمـدیس بایەخ بـە چیـرۆککردنی شت و کـەلوپەل و بەکـارهێنانی سێـبـەرو تارمـایی فـره دەنگی و تێکشکاندنی کـات و بابەتی ئاسـایی ڕۆژانە و بلاژکتۆر خستنە سەر شتە پەنهانەکان کە ڕەنگە ڕۆمـان چەند سـاتێکی ڕابردوو بێت، هەروەها بەدەلالەتکردنی کـەرەسـتـە و کـائین و شـتـەکـان و دوورکـەوتنەوه لە سـەرەتاو گـرێچن و کـۆتایی (بەلزاکی) یا (مـۆباسـانی) جـاران، بەڵکو بەکارهێنانی دیمەن و کۆکردنەوەیان لە نێو زمانێکی شیعری وەسفی جوان کە ئەمانە هەموو ئاستەکانی گێـڕانەوه و ڕووداو لە مـەئلووفـەوه دەگـوازنەوه بۆ نامـەئلووف و وێنەکان لە دیمەنی جیاجیـاوه دەبێ بەگۆشەنیگای نووسەرو سوودوەرگرتن لە موتیڤی مـێـژووی و کـۆمـەڵایەتی و شـتی سـاکـاری بایەخ پێنەدراو، دواجاریش لە کۆتایی ڕۆمانەکەدا ئەنجام دیاری ناکرێت، بەڵکو خوێنەر دەبێتە بەشدارێکی ڕۆمـانـەکـەو چارەنووسی پاڵەوانەکـانی پێدەسپێردرێت، ڕۆمانە، وەک لوغزێک دەدرێتە دەست خـوێنـەر و بـەزۆریش سـەرەداوێکی پێـدەسـپـێـردرێت و ئەو خـۆی پێکەوەیان دەبەستێتەوه.

لە ڕۆمـانی (مـامـزێر)دا ڕۆمـاننووس چەند مۆتیڤێکی خستۆتە ناو گێڕانەوەی ڕۆمانەکە کە ئەمـەش بۆ یەکـەمـجـار لە ڕۆمـانی کـوردیدا مـۆتیـڤـەکـان وەک سەرچاوەی زانستی ژمـارەیان لەسـەر داندراوه و لە کـۆتایی ڕۆمـانەکـەدا ڕاڤـەیان دەکـات کە ئەمـانیش بریتین لە داب و نەریت وەک پەراوێزی (١) کـە (٩ی ئاب) لای عـیـبـرییـەکـان ڕۆژێکی شوومە، چونکە ڕۆژی ڕووخانی ئورشەلیم و زەمـانی هەیکەلی یەکـەم و دووەمـیـانە، هەروەها سوود لە ڕووداوی مێژوویی و بەتایبەتیش کە خۆی قوتابی بەشی مێژوو بووه لە زانکۆی موسڵ و خۆی ئامـاژەی پێـداوه لەکـاتی خـوێندنی مـێـژووی ئاینیەکاندا سوودی لە چەند ڕووداوێک وەرگرتووه، بەتایبـەتیش مـێـژووی عـیـبـریەکـان و ئەمـەشی لە پەراوێزدا بەتەواوی ڕاڤـەکـردووه و ڕووداوه مێژوییەکەی بە ساڵ و ڕۆژەوه باسکردووه، بەڵام لە نێـو ڕۆمـانـەکـەدا وەک مـۆتیـڤ سـوودی لێـوەرگـیـراوه، هەروەها سـوودی لە گـوتەزای فەیلەسووف و بیرمەندانی وەک ئەفلاتوون و فرۆید وەرگـرتووەو قـسـەکـانیـانی خـسـتـۆتە سـەر زاری پاڵەوانێکی نیـو ڕۆمـانەکـە، بەڵام لە پەراوێزدا ڕۆماننووس ئاماژەی بەوه داوه کە پاڵەوانەکەی بێ ئاگـاداری چۆن ئەم قـسـەیەی کـەوتۆتە سـەر زار ئەمیش بۆ مەبەستی تەکنیک لە پەراوێزدا ڕاڤەی کـردووه و ئامـاژەی بەم کـتـێـبـەش داوه کـە لێی وەرگـیـراوه، لێـره ڕۆمـاننووس وەک تەکنیکی میتاڕۆمان کە تەکنیک و شێوازێکی نوێی ئەدەبی دنیـایە، خۆی لە خـوێنەر ئاشکرا دەکـات و ڕاڤـەی بابەتەکـانی بۆ دەکـات، هەروەها سـوودی لە موحازەره فەلسەفی و کۆمەڵایەتییەکان وەرگرتووه و وەک لەم ڕۆمـانەدا ئامـاژه بە مـوحـازەرەیەکی (ماکس ڤیبەر)ی کۆمەڵناس داوه.

هەمدیس سوودی لە چیرۆکی ئاینی پێغەمبەران وەرگـرتووه، بەتایبـەتیش کـەمـێک لە چیـرۆک و بەسەرهاتەکانی (پێغەمبەران ئیبراهیم خەلیل و نووح کە ئەمانیش چەند مۆتیڤێکن لەم چیرۆکانە

ئەوانەی لەگەڵ ڕەوتی گێڕانەوە یا چیرۆکەکانی ناو ڕۆمانەکە دەنگوئجێن وەرگرتووە، دەنا چیرۆک و بەسەرهاتی ئەم دوو پێغەمبەرە دوورودرێژە و دەکرێ بکرێن بەهەوێنی چەندان ڕۆمان و نۆڤلێت، لە پەراوێزیشدا وەک سەرچاوەی وەرگرتنەکە، ئاماژەی بە (سفر التكوين) کردووە وەک چۆن لە تەوراتدا گێڕدراوەتەوە.

لەم ڕۆمانەدا سوود لە مێژوو وەرگیراوە، بەڵام کاتەکانی ناو ڕۆمانەکە جیا لەکاتی ئێستای گێڕانەوە، هەموویان گەڕانەوەی بۆ ڕابردوو بەهۆی فلاش باک و تەداعییەوە یا بەهۆی شەپۆلی هۆشەوە دەنا زۆربەی کاتەکان تێکشێنراون و زۆربەیان زەینین و دیمەنی زەینی لای پاڵەوانی سەرەکی ڕۆمانەکانە دروست دەکەن، لەلای نووسەرانی ڕۆمانی نوێی فەرەنسیش کات تێکشێنراوە و ڕووداو لە چەند یەکەیەکی کاتی جیاجیا پێکەوە گرێدەدرێ و ژیانی مرۆڤ گرنگترە لەکات، وەک چۆن (ئالان ڕۆب گرێ) لە کتێبی (بەرەو ڕۆمانی نوێ)دا (قوتابخانەی دەروونی و شەپۆلی هۆش جێدەهێڵێ و وا دادەنێ کە ژیانی مرۆڤ (ڕووداو و کات) پێوەری ئەم گەردوونەن، بەڵکو ئەو کاتەکان تێکدەشکێنێ و تەرکیز لەسەر شتەکان دەکاتەوە)(١)

چیرۆکبێژ لای (ئالان ڕۆب گرێ) وەک ئەو جالجالۆکە وایە کە داوی هێلانەکەی خۆی دەچنێ (بەڵام ئەو دژی کەسایەتی گونجاوی ئاسایی جارانە و لە شوێنی جیاجیادا کۆیان دەکاتەوە و لە بڕگەی کاتی جیاجیاوە، بەشێوەی پەرشوبڵاو بیریان لێدەکاتەوە)(٢).

لەم ڕۆمانەشدا کاروان چەند کەسایەتییەکی هەڵبژاردووە کە لەوانە کەسایەتی سەرەکی ڕۆمانەکە خۆی چیرۆکگێڕەوەیە و ناوی ئاشکرا نەکراوە، بەڵام هەر لە سەرەتاوە سیفەتی چیرۆکنووس و چیرۆکگێڕەوەی دراوەتە پاڵ، وەک لە سەرەتای ڕۆمانەکەدا ڕۆماننووس بەم شێوەیە وەسفی دەکات و دەڵێ (من هەرگیز ناتوانم ڕووداوەکان وەکو خۆیان بگێڕمەوە.. هەمیشە کەسەکان گۆڕانیان بەسەردا دێت.. سنوورەکانی کات و شوێن دیار نامێنن.. سیمای ئەفسانەیی بەخۆیانەوە دەگرن.. لەو چیرۆکنووسە دەچم، کە لە پێناو خولقاندنی + ئیتمۆسفێرێکی سەیردا، هیچ شتێک وەکو خۆی ناگێڕێتەوە.. دیارە ئەمە ئەگەر هونەرێک بێت، چاکتر وایە بڵێم ئەگەر نهێنییەک بێت لەمندا، ئەوا خۆم نە دۆزیوەتەوە،، بەڵکو بەدرێژایی ژیانم کەسانی جیاواز جیاواز پێیان وتووم.. بەڵام ئێستا بە مەبەستی کورتبڕی دەتوانم بەخۆم بڵێم ژیانی من نە لەو چیرۆکانە دەچێت، کە ڕووداوەکانیان لە ئەفسانەوە سەرچاوە هەڵدەگرن و دەڕژێنە ناو واقیعەوە، نە وەکو ئەوانەیش وایە، کە بەپێچەوانەوە لەناو جەرگەی واقیعییەوە هەڵدەقوڵێن و لەناو ئەفسانەکاندا بە تراژیدیا یان بەکۆمیدیا کۆتاییان دێت.. بەمانایەکی ڕاستتر واقیع و ئەفسانە پێکەوە لە یەک کاتدا ژیانی منیان هەڵدەسوڕاند...ل٦).

ئینجا چیرۆکنووس کە پاڵەوانی سەرەکی چیرۆکگێڕەوەیە، لەم ڕۆمانەدا بە ڕاناوی کەسی یەکەمی تاک (من) دەچێتە ناو پێکەوە بەستانەوەی کەسایەتی خۆی و دایکی و باوکی(بیبی کەناری) ئەو ژنەی کە ئەندامێکی کۆشکی باوکییەتی و لەم ڕۆمانەدا وەک کەسایەتییەکی گرنگ بەردەوام لە زاری ئەوەوە ڕووداوەکانی ڕابردووی ناو کۆشک و بەسەرهاتەکانی چیرۆکگێڕەوە دەگێڕێتەوە و لە جیاتی پاڵەوانی ئاگادار بەهەمووشت، وەک لە

ڕۆمانی ئاسایی جاراندا هەبوو ئاگای + لە هەموو شتێکەو بەهۆی ئەوەوە چیرۆکگێڕەوە دەگەڕێتەوە ناو رابردووەکـــــان و ئـەو دیمەنانـە تێکـەڵ بـە گێڕانەوەکەی دەکات، بەڵام بەشێوەی پچڕپچڕ نەک وەک ڕۆمـانی ئاسـایی بەردەوامی و نەپسـانەوەی هەبێت، تەنانەت ئەو ژنە واتە (بیـبی کـەناری) زانیاری خێزانی چیرۆکگێڕەوە هەمووی بەو دەدات و ئاگادارو حەزیشی لە گیانلەبەرە و ناوی هەموو خواردنەکانیش بەناوی گیانداره لەناوچووەکانەوە ناو ناوە تەنانەت وێنەی جلەکـانیـشی وێنەی ئەم گیانلەبەرە لەناوچووانەن.

چەند کەسایەتی دیکەش لە پەراوێزی گێڕانەوەدا ئامـاژەیان پێکراوە وەک برا هاوشـێـوەکـانی کـە سەرکردەکانی هێزی باکوورو باشوورو ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوان کـە ئەمـەش لەم ڕۆمـانەدا لەگـەڵ ئەو نەخۆشخانانەی لەم ڕۆمانەدا پڕن لە بریندار هێمای شـەڕن و ئامـاژەی براکـوژین و کـێـشـمـەکـێـشی دەسەڵاتی ناو خێزانەکەیەتی.

چیــرۆکـبـێــژ کـە خـۆی پاڵەوانی سـەرەکی ڕۆمانەکەیە، شاعیرو چیرۆکنووسە وەک پێشەکی باسـمـان کـرد، هەروەها سـەری لە فـەلسـەفـە و کۆمەڵایەتیش دەردەچێت وەک دیسان لە (ل٢١)ی ڕۆمـانەکـە ئامـاژەی پێکراوە باوکی، واتە خـاوەن کـۆشک زڕ باوکـیـەتی یا ئەو مـامـزێرەی ناو ڕۆمـانەکـەیە کـە مـاناکـەی وەک ڕۆمـاننووس لە پێشەکی ڕۆمانەکە بەعیبری ماناکەی دەکاتە زۆڵ، چونکە وەک لە (ل١٩)ی ڕۆمـانەکـەدا وەسـفی باوکی دەکـات و بەمـێـردی دایکی ناوی دەبات و هەمـدیس لە (ل٢٠)دا دەڵێ: (نازانم بۆچی هەر ئەوسا دەمویست مێردی دایکم بە (باوکە!!) بانگ بکەم)).

ئەمـەش ئەوە دەردەخـات کـە دایکی ئەو کـوڕەی هەبووە و دواییش مـێـردی بەو پیـاوە کـردووە کـە خاوەن کۆشکە و نووسەریشە، چونکە لە (ل٢٢)دا ئامـاژەی پێـداوە کـە باوکی کـتـێب و دەسـتنووسی هەیە، بەڵام دواتر کە تێکدەچێ و دەگۆڕێت کـتێب و دەسـتـنووسـەکـانـیـشی دەدڕێنێ و دەرخـواردی ئەسـپـەکـانی دەدات کـە ئەمـەش هێـمـایە بۆ تۆمـارکـردنی ئەم ڕۆشنبـیـریـیـە و پاراسـتـنی دیکۆمێنت لە مێژوودا و دەبێت بەمێژوو و وەک لە (ل٢٢)شـدا دەردەکـەوێ کـە دایکی شـوویەک یا زیاتری کـــردووە و کـــاری جلدووریـن بووە. لە (ل١٨)دا دەردەکەوێ کە دایکی ناوی (دیدیلازە)و ناوەکـەیان لاخـۆش بووە. هەروەها کـاتێ کـە باسی دایکی دەکـات (پیـاوێک بەکـڵاوێکی قـووچ و جلێکی زۆر سـەیرەوە دەسـتی لە جلی دایکی ئالاندووە و بەدەم ڕۆیشـتنەوە دەیدوێنێت) یا کـە دەڵێ: (زانیم لە دۆڵەکەدا پەنجەکانی خستۆتە قژی خاویەوەو تێـر تێـر رایموسیـوە.... وابزانم ئەگـەر بشـمـبینیـایە، لە داخا گـرم دەگرت... تاد ل١٨).

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە دایکی هەوەسبازبووە و باوکیشی جیا لەوەی کە نووسەر بووە، دەسەڵاتدارو خاوەن کۆشک بووە، پێدەچێ یا ئەو دایکەی مـارە کـردبێت و هێنابێـتـیـیـە کـۆشک، یانیش بە شێوەیەکی ناشەرعی لەگەڵیدا بێت،، بەڵام دیارە مارەی کردووە دەنا پێی نەدەگوت مێردی دایکم.

ئەمـــەش ئەوە دەردەخـات کـە ئەم ڕۆمـانە وەک ڕۆمانی ئاسایی جاران نەچنراوە، بەڵکو چەند سەرە داوێک بەپچڕ پچڕی دەدرێتە خوێنەر و بە شێوەی لوغـزێک دێتـە بەردەمی و ئەو، واتە خـوێنەر دەبێ بەشـداری پێکەوەنانەوە و دۆزینەوەی ئەو هێـمـا و شیـفرانە بکات و لە مێـشکی خۆیدا بیـانچـینێ، ئەوسـا بزانێ رووکـاری ڕۆمـانەکە بەرەو چ ئاقـار و ئاڕاستەیەک دەڕوات، هەروەها (ئالان ڕۆب گرێ)

لە کتێبی ((الجن و المتاهە)) دا کە چەند دواندنێکی (شاکر نوری)یە لەگەڵ نووسەر دەڵێ «رۆب گری» بە راڤەکاری جیاجیاوە زەینی خوێنەر مژول دەکات بێ ئەوەی وەسفێکی ئامادەکراوی بخاتە بەردەست، بۆیەشە رۆمانی نوێ خۆی لە خۆیدا بۆتە لوغزێک بۆ خوێنەر لە کرداری پێدانی چەند سەرە داوێکدا خوێنەر لەم برگەیە و ئەویتر دەقەکە پێکدێنێ و لە کاتی خوێندنەوە لە زەینی خۆیدا دروستی دەکات و ئەمەش لای ئەو رۆماننووسانە پێویستییەکە بۆ گۆڕینی هەڵسوکەوتنی خوێنەر و دابی خوێندنەوە...))(٣).

بەمانایەکی دیکەش لەم رۆمانەدا نووسەر لە رێگای بەکارهێنانی مۆنتاجی سینەمایی دیمەن و لەقتەی جیاجیامان بۆ هەڵدەبژێرێ و دوایی دەیداتە خوێنەر و خوێنەریش دەتوانێ بەشێوەی هونەری کۆلاژ لە مێشکی خۆیدا تۆماریان بکات و بەدوای شیفرە و هێما و دەلالەتەکان و ماناى شاردراوە و دەقدا بگەڕێ و بیانکات بەم مەبەستەی کە پێکەوەیان دەبەستێتەوە و لە دواجاردا ئەو هێمایانە دەبن بە زمانی ئاماژەی دەق، رۆماننووس ئەم هێمایانە لە رمـوزی دینی دروست دەکات و دوایش دەیکات بەکۆلاژ، چونکە زمانی دەربڕین لەم رۆمانەدا هەموو مەدلولی خۆیان هەیە و هەموو هونەرکاری رۆمانەکەش لە پێناوی ئەم مەبەستەیە کە دواجار شتێک لە زەینی خوێنەر بچێنێ و تووشی پرسیار و سەرسوڕمانی بکات و ئەو کۆدانە لێبکداتەوە و لە مێشکیدا ئەو رۆمانە بێت کە نووسەر و خوێنەر پێکەوە دەیانەوێ و دروستی دەکەن. ئەم وێنانەش کە لەم رۆمانەدا دروستیان دەکات وێنەی جولاون و وەک وێنەی شیعری چەسپاو نین وەک باسی کاتمان کرد لەم رۆمانەدا بەردەوام کات دیار نییە ئەگەر هەشبێت رابردووە و شێوەی زەیینی پێدراوە و بەردەوامیش ئەو کاتە لەدایک دەبێتەوە و نوێ دەبێتەوە، واتە کاتێک لەسەر روونانی کاتێکی دیکەوە لە دایک دەبێت، بەڵام شوێن لە نیشاندانی ئەو وێنە زەینییانە و لە میانی گێڕانەوەی کەسایەتی نووسەرەکانەوە ئاشکرا دەکرێت و زیاتریش بایەخی پێدەدرێت و دەناسرێتەوە، وەک کۆشک و گەڕەک و ئەشکەوت و دۆڵ و بیابان و شەقام و شوێنی شەڕگەکان و شوێنە مێژووییەکان و خانوو و هەیکەل و... تاد.

تەنانەت رۆمانی فەرەنسی نوێ بەوە دەناسرێتەوە کە پاڵەوانی سەرەکی تیایدا شوێنە.

لایەنێکی دیکەی رۆمانەکە شۆڕبوونەوەیە بەنێو جەستە و پەیوەندی بەبینینەوە و هەمدیس جۆرەکانی جەستە و فەلسەفەی جەستە کە ئەمەش خۆی بابەتێکی ئێستاتیکییە و ویستوویەتی لە نێو رۆماندا تەوزیفی بکات و بەکاری بهێنێ و راڤەشی بکات، وەک لە (ل ٢٠)ی رۆمانەکەدا ئەو فەلسەفەی جەستەیەمان بۆ بەدیار دەکەوێ و باسی رووتبوونی خۆی و باوکی و دایکی دەکات و بە چیرۆکی دیکەی رابردوو دەیبەستێتەوە، لە (ل ٢١)یشدا وەک ئاماژەیەک بە بینین و پەیوەندی بە کات، دەڵێ (هەر بینینە کە زەمەنەکانی ئەو جەستەیەمان بۆ دەردەخات) یا دەڵێ (جلوبەرگ قاوغێکی سیحراوییە، جەستە زیاتر ئاشکرا دەکات و رۆح هێندەی تر دەشارێتەوە). رۆماننووس ئەمەی لە گوتەزایەکی فەلسەفی ئەفلاتوون وەرگرتووە و ئەویش ئەوەیە کە دەڵێ (جەستە گۆڕستانی رۆحە) و لە کۆتایی رۆمانەکەش لە پەراوێزدا ئاماژەی پێداوە، هەر بۆ مەبەستی تەکنیکیش لەم پەراوێزەدا خۆی پرسیار دەکات کە

ئەم قسەیە یا گوتەزایە بۆچی تێکەڵ بەقسەکانی (بینی کەناری) بووە؟ ئەم فەلسەفەی جەستەیە لە رۆمانی نوێی فەرەنسیشدا جێگای بایەخە، وەک(میشیل بۆتۆر) لە کتێبی (باسەکانی رۆمانی نوێ)دا دەڵێ ((لە رووی مێژووییەوە، شتومەک بەمێژووی کەسانەوە گرێدراوە، چونکە کەسانی ناو رۆمان و ئێمەش تەنها تاکێک نین، بەڵکو جەستەیەکین بەجلوبەرگ داپۆشراوین، مرۆڤی راستەقینە لە جەستە و شتەکانی تریش پێکهاتووە...))(٤)

بایەخی جەستەش لە رۆمانی نوێدا بەشێکە لە بایەخی مرۆڤ خۆی لە نێو پانتایی رۆماندا، چونکە وردە وردە کەسانی نێو رۆمانەکان لە خوێنەر نزیک دەکرێنەوە و رووپۆش و جل و بەرگیان لەبەردا دەکرێتەوە و بە ئاسانی دەخرێنە بەردەم خوێنەر، لە رۆمانی (مامزێر)یشدا ئەم بایەخدانە هەست پێدەکرێت، تەنانەت تێکەڵکردنی فەلسەفەی جەستەش کە باسمان کرد لەم رۆمانەدا بەشێکە بۆ گونجاندنی دەگەڵ ئەم بایەخە کە لای رۆماننووسانی فەرەنسی نوێش درکی پێکراوە، وەک چۆن ئالان رۆب گرێ دەڵێ ((رۆمانی نوێ تەنیا بایەخ بە مرۆڤ و هەڵوێستی دەدات لە دنیادا، تا ئەگەر بابەتی وەسفکراویشی زۆر تێدابێت و بەوردیش چنرابوون، ئەوا هەمیشە ئەم روانینە هەیە کە دەبینێ و ئەم هزرە هەیە کە تێرامان ئەنجام دەدات و ئەم خۆشەویستییەش کە بۆی دەچێت. بابەتی رۆمانەکانمان لە دەرەوەی درکپێکردنە هەستییە مرۆییەکانەوە هیچ ئامادەییەکی نییە، جا ئەگەر واقیی یا خەیاڵی بێت...))(٥).

رۆماننووس لەم رۆمانەدا چەند لایەنێکی دیکەی هونەری بۆ مەبەستی تەکنیک و نوێکاری لەسەر زمانی پاڵەوانەکانی زانیاری زانستی بەخوێنەر دەدات و راڤەشی دەکات و لە بنچینەی زانستی دەکۆڵێتەوە کە ئەمەش هەم بۆ رۆشنبیری گشتییە و هەمیش وەک تێهەڵکێشێکی نوێ و ئەنجامدانی نوێکارییەک خستۆتییە نێو ئەم رۆمانە وەک لە (ل ٢٤)ی رۆمانەکەدا راڤەی حاڵەتی زانستی ئیسکاتۆلۆجی دەکات، واتە بیرکردنەوە لە قیامەت و لەگەڵ بیرکردنەوەی پاڵەوانەکانیشی گونجاندوویەتی، دیارە ئەمەش لە رۆمانی کوریدا نوێیە.

لایەنێکی دیکەی هونەری لەم رۆمانەدا بەکارهێنانی زمانی (پانتۆمایم)ە بۆ دەربڕین کە ئەمەش وەک تەکنیک لە چیرۆکی کوردی بەکارهاتووە، بەڵام لە رۆماندا ئەم تەکنیکەم کەمتر بەرچاو کەوتووە کە لەم رۆمانەدا رۆماننووس لە زۆر شوێنی گفتوگۆکاندا پەنای بۆ بردوو کە خۆی بۆ ئەم دیالۆگانە بەکاردێن کە ناتوانرێ بنووسرێن و بڤەن، بەڵام لەمیانی گفتوگۆکاندا هەست بەوە دەکرێ کە کاروان بەمەبەستی تەکنیک و نوێکاری ئەمەی کردووە، چونکە لە گفتوگۆکاندا لە زۆر شوێن هەست بەوە ناکرێت لایەنێکی قەدەغە هەبێت نەتوانرێ لە نێو دیالۆگەکاندا بشاردرێتەوە و بکرێت بە زمانی پانتۆمایم، بەڵکو دەزانرێ کە ئەمە بۆ مەبەستی تەکنیک بەکارهاتووە و ئاماژەکەشی ئەوەیە کە زمانی پانتۆمایم بە خاڵی بەدرێژکراوە ئاماژەی پێدەکرێ و دەکەوێتە نێوان رستە و برگەکانی گفتوگۆوە وەک لە (ل ٩١)دا بەم شێوەیە ئەم پانتۆمایمەی خستۆتە نێو گفتوگۆکانەوە:

- شەڕە...! کەس لە کاتی شەڕدا قسەی وای کردووە...؟ تۆ ئێستاش وادەزانی من...، دیارە هێشتا....

– بەڵکی تۆ ئاوایت هەر بۆیە....، بەبێ ئەوەی ئاگات لێبێت، کە ..... ئینجا لەوە زیاتر .....

– دەبەســـە دەی...!!، بەڵام من لەوێ ....، ئەگەر وایش بێت... هەقی ئەوەم هەیە....

ئەمانە و چەندان پەرەگرافی هاوشێوەی کە لەم رۆمانەدا بە مەبەستی تەکنیک ئەنجامدراوە.

هەندێ لە چیرۆکەکانی ناو رۆمانەکە لە واقیع دروودەکەونەوە و دەگەنە ئاستی (نامەئلوف) لە دیمەن و رستە و رووداو کە رۆمانووس لە نێو رۆمانەکەدا لەسەر زمانی سیڤەری مارژەن ناوی ناوە فێڵی زمان کە دەگاتە رادەی سیحر یا شێوەی ئەفسانەیی و لە نێو پانتایی رۆمانەکەشدا شێوەیەکی هونەری بەبەردا دەکرێت، ئەمەش هەم بۆ مەبەستی تەکنیک و هەمیشە جوانکاری هونەرییە و هەمیش وەک هێما لە گوتاری ماناد‌ا خۆیان دەدۆزنەوە، بەڵام خوێنەر دەبێ راڤەیان بکات و لێکیان بداتەوە و دەلالەتەکانی بخوێنێتەوە و مەبەست و جیهانبینی رۆماننووسی بۆ دەقەکە دیاری بکات، وەک چۆن دەبینین کە (ئالان رۆب گرێ) مەئلوفەکان دەگەیەنێتە ئاستی ئەفسانە، وەک چۆن وەسفی راستەقینە دەکات لە رۆمانی (پرۆژەی شۆڕشێک لە پێناوی نیۆیۆرکدا) کە رۆمانەکە سەرسوڕهێنە لەرووی شێوەوە، ئەوەی کە جێی چێژ لێوەرگرتنیشە ئەوە چۆنیەتی گۆڕینی شاری نیۆیۆرکە بۆ ئەفسانە، ئەفسانەی + شارێکی نوێ بۆ گشت شارێکی نوێ...)).(٦)

بۆیەشە کە (رۆلان بارت) ناوی لە قوتابخانەی رۆمانی نوێ ناوە (قەوارەی ئەفسانەیی)(٧) بۆ رۆمانی نوێ..

کۆتایی رۆمانەکەش بەکراوەیی جێهێشتراوە، چونکە پاڵەوانی سەرەکی کە چیرۆککگێڕەوەیە بەدوای ئەو کچەدا دەگەڕێ کە خۆشی دەوێت لە نێو بیابانێکدا، وەک چۆن ئەم رستەیە دەکاتە کۆتایی چیرۆکەکە کە دەڵێ (وەکو چۆن ئاسان نییە تۆش بەرووتی لەم بیابانەدا شەو بکەیتەوە). کە هێشتاکە ئەنجامەکەی دەستنیشان نەکردووە و بۆ خوێنەری بەجێهێشتووە و دەتوانێ لە زەینی خۆیدا تەواوی بکات، یا خۆی چۆنی مەبەستە بیکاتە کۆتایی و دەشتوانی لای خۆی درێژە بەتەواوکردنی رۆمانەکە بدات لە زەینی، ئەمەش لە رۆمانی نوێدا بەشداریکردنی خوێنەرە لەگەڵ نووسەر لە دەقی ئەدەبیدا، واتە دەق کراوەیە و لەم ئەنجامەدا کە کراوەیە رۆماننووس مەبەستیەتی پێمان بڵێ وەک چۆن بیابان وشکە و هیچی لێ سەوز نابێت، ئەویش ئاوا گەرانی بۆ ئەو کچە وەک ئەو بیابانە وایە کە هیچی لێ سەوز نابێ، واتە نایگاتێ!!.

لە هەمووی گرنگتر لەم رۆمانەدا مەسەلەی زمانە کە لەم رۆمانەدا پانتاییەکی زۆری پێدراوە.، بەڵکو شیعرییەتی رۆمانەکە جوانکاری بەگێڕانەوەش داوە و هەموو کۆڵەگەکانی گرنگی رۆمانەکەی لەسەر بنیات نراوە و هەر بەهۆی ئەوزمانە شیعرییەشە بۆ رۆماننوس توانیویەتی نوێکارییەکانی ئەنجام بدات و نەخشەی هونەرکاری رۆمانەکەی بگەیەنێتە ئاستی باڵەخانەیەکی زەخرەفەداری رێکوپێک و جوان و خوێنەر دەست لە خوێندنەوەی هەڵنەگرێت و تەشویقێک بخاتە نێو پرۆسەی خوێندنەوەکە و بەنێو ئەو کونج و کەلەبەرو رێگا هونەرییانەدا بگەڕێ کە رۆماننووس لە نێو ئەشقی ئەفسانەیی گێڕانەوەدا دروستی کردووە، وەک چۆن (کلۆد سیمۆن) دەڵێ (رۆمانەکە تەواو دەبێت، بەڵام بەتەنها نایەتەدی، بەڵکو من لەمیانی کارکردنمەوە لە زمانەوە دروستی دەکەم، واتە رۆمانەکە من دروستی دەکەم و ئەمیش دروستم دەکات)(٨)

یا وەک لە شوێنێکی دیکەی گفتوگۆکەیدا دەڵێ (ببە بە دروستکەری زمان)(٩)

بونیادی زمان لە ڕۆمانی نوێی فەرەنسیدا لای میشێل بۆتۆر دەگاتە ئاستی نەست لە زماندا وەک لە گفتوگۆدا لە مبارەیەوە دەڵێ (نەست تەنها لای تاکەکەس و پاڵنەری خودی نییە،، بەڵکو دەتوانێ پێی بگوترێ نەست لە زماندا کە بۆتە واقیعێکی بەرجەستەکراو بە بوونی پێکهاتەکانی زمان کە توانای وای هەیە هەمیشە زیاترە لەوەی کە لە بارەیەوە دەزانین..)(١٠)

ئەوەی کە ئەم ڕۆمانەی کاروان عومەر کاکەسوور بەوردی بخوێنێتەوە، هەست بە توانای نووسەر دەکات و ئەو زمانە شیعرییەی تێدا دەدۆزێتەوە و دەگاتە ئەو بڕوایەی کە توانیویەتی بەهۆی زمانەوە باڵەخانەیەکی هونەری جوان دروست بکات و بەڕاستیش لەرووی زمانەوە باڵادەستە و ئەمەش بنچینەی هونەری و گرەوی سەرکەوتنی ڕۆمانەکەی پێ بردۆتەوە.

*** ڕۆمانی، مامزێر، کاروان عومەر کاکەسوور، لە چاپکراوەکانی پرۆژەی کتێبی قەڵەم، زنجیرەی ژمارە (٢٧)، کتێبی قەوارە مامناوەندی، ١٣٠ل، چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی یاد، ساڵی ,٢٠٠٨**

**پەراوێزەکان:**

١- الان روب جريبة، نحو رواية جديدة، ل١١.
٢- شاكر نوری، الن روب غرييه، الجن والمتاهە - لقاءات، ل٥٧.
٣- سەرچاوەی پێشوو: ل٤٦.
٤- میشیل بوتور، بحوث في الرواية الجديدة، الجزء الاول، ل٥٤.
٥- سابیر ڕەشید، ڕۆمانی کوردی - خوێندنەوەو پرسیار - بەشی یەکەم، ل٢٦٤.
٦- شاکر نوری، هەمان سەرچاوە، ل٥٤.
٧- ريمون الاهو، حوار في الرواية الجديدة، ل٧٣.
٨- هەمان سەرچاوە، ل٦٩.
٩- هەر ئەم سەرچاوە، ل٦٧.
١٠- هەر ئەم سەرچاوە، ل,٢٠

**سەرچاوەکان:**


١- الان روب جرييه، نحو روايه جديده، ترجمه مصطفى ابراهيم مصطفى، دار المعارف بمصر، مطابع دار المعارف بمصر، ط١، بلا سنة الطبع.

٢- شاكر نوري، الن روب غرييه، الجن والمتاهة- لقاءات، دار الشوون الثقافية العامة، ط١، مطابع دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٩٠.

٣- ميشيل بوتور، بحوث في الرواية الجديدة، الجزء الاول، ترجمة فريد انطونيوس، منشورات دار عويدات، ط٢/، بيروت، ١٩٨٦.

٤- ريمون الاهو، حوار في الرواية الجديدة، ميشيل بوتور، روبير بنجيه، الن روب غرييه، ناتالي ساروت، كلود سيمون، ترجمة د. نزار صبري، سلسلة المائة كتاب، دار الشؤون الثقافية العامة، ط١/، بغداد، ١٩٨٨.

٥- سابیر ڕەشید، ڕۆمانی کوردی - خوێندنەوە و پرسیار، بەشی یەکەم، بڵاوکراوەکانی دەزگای ئاراس ژمارە (٥٢٩)، چ /١، هەولێر، چاپخانەی دەزگای ئاراس، ساڵی ,٢٠٠٧

# مەینەتییە مرۆییەکانی (زۆڵ) لە ڕۆمانی (مامزێر)دا

**سەنگەر زراری**



لەناو کۆمەڵگا نەریتی و دواکەوتووەکاندا، هەمیشە مرۆڤی (زۆڵ) باجی تاوانێک دەدات کە تاوانی خۆی نییە و ئەو لێی بەرپرسیار نییە، (زۆڵ)ەکان لەبەرچاوی خەڵک بە سووک سەیر دەکرێن، لەبەر ئەوەنا کە ئەوان پایەیان لە مرۆڤ لە خوارتر و کەمترە، بەڵکو لەبەرئەوەی لە ئەنجامی هەڵە، یان تاوانێکی دایک و باوکییانەوە، یان کەسانێکەوە خولقاون، (ئەوە ئەگەر تاوان و هەڵەش بێت، چونکە هەندێکجار ڕەنگە تاوان و هەڵەش نەبێ، یان ئەگەر هەڵەش بێت، بەهۆی کۆمەڵگاکەوە بووە کە ڕێگر بوونە لەبەردەم بەیەکگەیشتنی دایک و باوکی ئەو کەسە (زۆڵ)ە، نەک ئەوەی خودی دایک و باوکەکە تاوانبار بن).

لە ئایینی ئیسلامدا، کەسی (زۆڵ) هیچ

جیاوازییەکی نییە لەگەڵ کەسانی دیکەی ئاسایی و نابێ جیاوازی پێ بکرێت لە حوکمە شەرعییە گشتییەکاندا، بەڵکو مامەڵەکردن و حوکمدان لەسەر ئەویش، دەگەڕێتەوە سەر کردەوەی خۆی، وەک هەر کەسێکی دیکە ئەگەر کەسێکی باش بوو، باشە و ئەگەر خراپیش بوو، خراپە (ئەمە بە مەفهومە دینییەکەی)، بەڵام وەک دەزانین زۆرجار لە کۆمەڵگا دواکەوتووەکاندا، ئایین و ئایدۆلۆژیاکان بەلاڕێدا دەبرێن و خراپ سوودیان لێ وەردەگیرێ. یەکێک لەو مەسەلانەش کە لەناو ئایینەکاندا بەلاڕێدا دەبرێن، مەسەلەی باجدانی کەسانێکە لە جیاتی کەسانی دیکە و وەرگرتنەوەی تۆڵەیە لە کەسانێک لەجیاتی کەسانی دی، بۆ نموونە: دایکێک یان خوشکێک یان برایەک لەناو خێزانێکدا کردەوەی ناشرین (ناشرین بە پێوەری ئەو کۆمەڵگایانە) ئەنجام بدات، دەبێ کەسانی دیکەی ناو خێزانەکە باجەکەی بدەن و (وەکو دەڵێن) پێیەوە سەرشۆڕ و شەرمەزارن!! یان دایک و باوکی کەسانی (زۆڵ)، بەوە تاوانبارن کە کاری ناشەرعییان کردووە و (زینا)یان کردووە، ئەم کۆمەڵگایە، نەک هەر ئەو کەسە (زیناکەرانە!!) قبوڵ ناکات، بەڵکو ئەو منداڵە بێگوناهانەش قبوڵ ناکات کە لەمانەوە پەیدا دەبن.

* * *

ڕۆمانی (مامزێر)ی کاروان عومەر کاکەسوور، جگە لەوەی زمانێکی فیکری و میتۆلۆژی قوڵی تێدا بەکار هاتووە و بە جوانی میتۆلۆژیای تێدا تەوزیف کراوە، جگە لە بەکارهێنانی فەنتازیا و ئەلتەرناتیڤی مێژوو لە ڕۆمانەکە (وەکو کاروان خۆی دەڵێت) و جگە لە لایەنە جیاوازەکانی دیکەی ڕۆمانەکە، کە دەشێ خوێندنەوەی زۆر و جیاوازیان بۆ بکرێ، ئەم ڕۆمانە بەقوڵیش کێشە کۆمەڵایەتییەکانی کەسایەتی مرۆڤی (زۆڵ) لە کۆمەڵگا دواکەوتووەکان دەردەخات، کە لەم نووسینەدا هەوڵ دەدەین هەندێک لەسەری بوەستین.

* * *

(مامزێر) کە کەسێکی (زۆڵ)ە، بۆتە پاڵەوانی سەرەکی ڕووداوەکانی ئەم ڕۆمانە، ئەو وێنای کەسێکی (زۆڵ)ە لە ناو کۆمەڵگا جوولەکەکاندا، بەڵام دەشێ ئەو مەینەتییانەی ئەو (زۆڵ)ە لەم ڕۆمانەدا هەیەتی، بەشێکی مەینەتییەکانی هەر کەسێکی دیکەی (زۆڵ) بێت لە ناو کۆمەڵگا دواکەوتووەکانی دیکەشدا، ئەمەش تاڕادەیەک ڕێگامان پێ دەدات کە لە کەسایەتی مامزێردا، کەسایەتی مرۆڤی زۆڵ بەشێوەیەکی گشتی ببینینەوە.

ئەگەرچی لە ناو ئێمەدا، زۆڵەکان بە کەسانی ساختەچی و چالاک و فێڵباز و تەڵەکەباز و.. دەناسرێن و ئەگەر کەسێک هەرەپاس و ساختەچی بێت، خەڵک پێی دەڵێن (زۆڵ)، بەڵام لە ڕاستیدا کەسایەتی زۆڵ، لەناخەوە کەسایەتییەکی تێکشکاوە و هەست بە فەرامۆشکردن دەکات، ئەگەر کەسایەتی زۆڵ بەو شێوەیەش هەرەپاس و ساختەچی بێت، لە ئەنجامی نەبوونی پەروەردەیەکی دروستە بۆ ئەم کەسە، دەنا (زۆڵ)یش چ جیاوازییەکی لەگەڵ کەسانی ئاساییدا نییە و وەکو ئەوان مرۆڤە، بەڵکو زۆڵەکان مەینەتی و ناخۆشییەکانی ژیانیان زیاتریشە، وەکو بەشێکی لەم ڕۆمانە بەدیار خراوە.

* * *

یەکەم مەینەتی کە لە ڕۆمانی (مامزێر)دا نیشان دەدرێت، ئەوەیە کە پاڵەوانی ڕۆمانەکە هیچ ناوێکی نییە، لەناو ئەم جۆرە کۆمەڵگایانەدا، (زۆڵ) کەسێکە کە کەمجار بەناوی خۆی بانگ

دەکرێت، یان ئەگەر رووبەڕووش بەناوی خۆی بانگ بکرێت، ئەوا لە پاشملە ناو و ناتۆرەی لێ دەنرێت و لێدەبینرێتەوە و بە (ئەو زۆڵە) یان (ئەو بیژبیە- وەکو لە هەولێر دەڵێن) دەناسێنرێ و ئەمەش نەک وەک سیفەتێکی ئاسایی کە ئەو مرۆڤە هەیەتی، بەڵکو بۆ گاڵتەپێکردن و ئیهانەکردن و بەکەم سەیرکردن.

نەبوونی ناوی پاڵەوان لەم رۆمانەدا، بەدیارخستنی یەکەمین مەینەتی کەسانی (زۆڵ)ە کە لە سەرتاپای ژیانیان لەکۆڵیان نابێتەوە و لەگەڵیان دەژی، (زۆڵ) ئەو کەسەیە کە هەمیشە فەرامۆش دەکرێت و لە ناو کۆمەڵگادا گرنگی پێ نادرێت، ئەم گرنگی نەدانەش وەنەبێ تەنها لەکاتێکی دیاریکراو بێت، بەڵکو لە کۆی ژیانە و لە هەموو کات و شوێنە جیاوازەکانە. لەسەرەتای رۆمانەکەدا، مامزێر وا وەسفی خۆی دەکات کە کەسێکی دیلە، بەڵام لەناو هەموو دیلەکانی دیکە جیاوازی پێ دەکرێت:

"لەناو سەرجەمی دیلەکاندا تەنها چاوی منیان نەبەستبوو... ئێستایش، کە ئەوەتا شەکەت و ماندوو خراوینەتە ناو ئەم قەفەزە گەورانەی بەر هەتاوی چلەی ئەم هاوینە پرووکێنەرە، تەنها پرسیار لەمن ناکەن..ل٥".

لێرەدا مامزێر باسی حاڵەتێک دەکات کە لەوپەڕی زەلیلی و لاوازیدایە و (دیل)ە و بەدەستی چەند چەکدارێکی ریشن دەسگیر کراوە، بەڵام تەنها چاوی ئەویان نەبەستۆتەوە و پرسیار لەو ناکەن، ئەمە جۆرێکە لە فەرامۆشکردن و گرنگی پێنەدان و بەکەمزانین، بەجۆرێک کە دوژمنیش گرنگی پێ نادەن.

لە شوێنێکی پێچەوانەی ئەمەدا کە باسی ئەوە دەکات باوکی دەسەڵاتداری وڵاتە و خانەوادەکەیان لەوپەڕی هێز و تواناندایە و هەموو براکانی پلە و پایەیان هەیە، کەچی لەوێشدا ئەو هەر فەرامۆشکراوە، ئەوەتا دەڵێت:

"بەلاوەیان نابووم، لە رۆژنامە و رادیۆ و تەلەفزیۆنەکاندا ناوم نەدەهات و کەم کەس دەیزانی "باوک!!"م بێجگە لەو پێنج کوڕەی منیشی هەیە... ل٦".

نەک تەنها لەسەر ئاستی وڵات، بەڵکو لەناو کۆشکیشدا هەر فەرامۆش کراوە، لەکاتێکدا کە ئەگەر کەسێکی دەسەڵاتدار کوڕێکی هەبێت و نەیەوێ بەدیاری بخات و پلە و پایەی پێ بدات و گەورەی بکات، هەر هیچ نەبێ شوێنێکی شایستەی بۆ دابین دەکات و چەند ئامرازێکی خۆشگوزەرانی پێویستی دەخاتە بەر دەست، ئەو دەڵێت:

"لە ژووری تەنیشت ئەو ناندینە گەورەیەی کارەکەرەکان بەسەرپەرشتی "شازیاران" خواردەمەنیان تێدا ئامادە دەکرد، تەختێکی نووستن و مێزێکی نارێکم هەبوو و کەس نەیدەبینیم.. ل٨".

کەواتە چ لە کاتی (دیلێتی) و چ لەو کاتەی خێزانەکەی ئەو لە دەسەڵاتدا بوونە و بە حیساب ئەو کوڕی دەسەڵاتداری یەکەمی وڵاتە. بەڵام هەر فەرامۆش کراوە. تەنانەت دایک کە نزیکترین کەسە لە منداڵەکانییەوە، ئەوی فەرامۆش کردووە و گرنگی پێ نادات، چونکە زۆرجار دایک، هەبوونی منداڵی زۆڵ، بە مایەی مەینەتی و ئەو نیگبەتییانە دەزانێ کە لە ژیانیدا دێنە پێشی:

"دایکم هەر لەسەرەتای تەمەنمەوە گوێی لێ نەدەگرتم... ل٦".

(مامزێر) لە چەند شوێنێکدا ئاماژە بەوە دەکات کە ئەوانەی لە کۆشک بوونە، (واتا لە دەوروبەری ئەو بوونە) بە زمانێک قسەیان کردووە کە ئەو

لێیـان تێنەگەیشـتـووە، تەنها ئەو کـاتانە لێـیـان تێگەیشـتـووە کە (وەکـو خـۆی دەڵێت) بە "زمـانی رەسمی وڵات" قسەیان کردووە، واتا هەر کەسێکی (زۆڵ). تەنهـا لە زمـانی رەسـمی قـسـەکـردن تێـدەگـات، چونکە زمـانی هەمـوو خـەڵکەکـەیە و هەمـوو خـەڵکیش نازانن کـە ئەو کـەسـە (زۆڵ)ە، بەڵام لەو زمـانە لۆکـاڵیـیـە تێناگـات کە لە ناوخـۆ (لەناو ئەو کـەسـانەی دەزانن ئەو کـەسـە (زۆڵ)ە) قسەی پێ دەکەن، یاخود ئەو کەسە نزیکانەی ئەو نایانەوێ ئەو لە گـفـتـوگـۆکـانیـاندا بەشـدار بێت و هەمـیـشـە پەراوێزی دەخـەن، لەکـاتێکدا ئەو هیچ جـیـاوازییـەکی نەبووە لەگـەڵ ئەوانی تردا، ئەو جـیـاوازنـەبوونەش لەکـاتی باسـکردنی برا هاوشـێـوەکـەی دەردەخـات. لە باسـکردنی برا هاوشێوەکەی کە لەو دەچێت، دەیەوێ ئەو جیاواز نەبوونە بخـاتە ڕوو، دەیەوێ ئەوە بڵێت کە ئەویش وەکـو براکـانی دیکە مـرۆڤـە و هیچ جیـاوازییـەکی نییە، کەچی ئەوان نەک لە کاتی خۆشی، بەڵکو لە کاتی خۆ لێ تووڕەکردنیشدا ئەو فەرامۆش دەکەن و خـۆ لەوانی دیکە تووڕە دەکـەن، بەڵام بەجـۆرێک وەلایان ناوە کە بایی خۆ لێ تووڕە کردنیش نییە، لە شـوێنێکدا باسی تێکچـوونی حـاڵەتی دەروونی باوکی دەکـات کـە چۆن لە هەمـوو کـەسێک تووڕە دەبێت، تەنانەت کـتـێب و کـەلوپەلەکـانیـتـریش دەدڕێنێ، بەڵام ئەو لەمەشدا حیسابی بۆ ناکرێت و فەرامۆش دەکرێت:

"بەسەر برا هاوشێوەکەمدا هاواری دەکرد.. ل٢٢"

دەیەوێ بڵێت: منیش هەمان شێوە و ڕەگەزی ئەو بووم، بەڵام هیـــچی بە مـن نـەدەگـــوت، نەک لـەبەرئـەوەی مـن هـیـچ تـاوانێـکم نـەبوو، یـان لەبەرئەوەی منی خۆشتر دەویست لەوانیتر، بەڵکو لەبەرئەوەی منی فەرامۆش کردبوو.

* * *

لەو جـۆرە کـۆمـەڵگایانەدا هەمـیـشـە باوک دەسـەڵاتی یەکـەم و ڕەهایە و ئەمـەش زۆربەی تاکەکانی کۆمەڵگای بێزار کردووە. لەمڕووەوە گەلێ قسە لەسەر باوکسالاری کراوە، بەڵام کەسی (زۆڵ) هەمیشە بەدوای فریادڕەسێکدا دەگەڕێت و هەوڵی ئەوە دەدات کـەسـێک بدۆزێتـەوە، بۆئەوەی لەم گۆشەگیری و فەرامۆشییە گشتییە ڕزگاری بکات و ببێـتە خاوەنی، پێشی وایە کە یەکەم کـەسێک بتوانێ ببێتە ئەو فریادڕەسە، (باوک)ە.

بەدرێژایی ڕۆمـانەکـە، کـاتێ باسی باوکی ناو کۆشکەکە کراوە، بەم شێوەیە "باوک!!" لەناو جووت کـەوانەیەکـەوە نووسـراوە و دوو نیـشـانەی سەرسوڕمانی بەتەنیشتەوەیە، ئەمەش مانای ئەوەیە کە مـایەی سەرسـوڕمان و جێگای گومانە کە ئایا بەڕاستی ئەمە باوکییەتی؟! ئەگەر باوکییەتی ئەی ئەم فـەرامـۆشکردنە بۆچی؟! بۆچی ئەوی لە کونجێکی کۆشک فڕێدراوە، لە کاتێکدا براکـانی دیکەی، تەنانەت برا هاوشێوەکەشی پۆست و پایەی گـرنگیـان لە وڵات پێدراوە و هەر یەکـەی ئەرک و دەسـەڵاتی خـۆی هەیە؟! بەڵام ئەو بە جـۆرێک فـەرامـۆشکراوە کـە تەنانەت ئاگـاداری بارودۆخی بنەماڵەکەیان نییە. لەخەڵکەوە دەزانێت باوکی بۆتە دەسەڵاتداری یەکەمی وڵات و خۆی ئاگـای لە هیچ نییە، چونکە هیچیان پێی نەگوتووە:

"لەسەرجەمی هوتافەکانیان و ئەو گوتانەیش، کە لە نێـوان خـۆیاندا دەریاندەبڕین، دەگـەیتـە ئەو باوەڕەی، کـە سـەرۆکی کـودەتاکـە "باوک!!"تە و دایکیـشت بە سـیـفـەتی یەکـەمین ژنی وڵات گەیشتۆتە کۆشک...ل١١٦".

بەڵام (مـامـزێر) هەمـیـشـە بەدوای باوکـێک دا دەگـەڕێت نەک بۆ دڵنیـایی، واتا نەک بۆ ئەوەی

دڵنیا بێت کە ئەوە باوکییەتی، بەڵکو وەکو هەر کەسێکی تر، دەیەوێ باوکی هەبێت، باسی ئەو پیاوانە دەکات کە دەهاتنە لای دایکە بەرگدرووەکەی تاکو جلیان بۆ بدرووێت:

"هیوات دەخواست یەکێ لەو پیاوانە باوکت بێت و بە فیڵی جلدوورین هاتبێتەوە، بەڵام ئەگەر واش بووایە ئاسان نەبوو بزانیت کامیانە.. ل٤١".

لە هەموو شوێنێکدا بۆ باوک گەڕاوە تا بە هەر شێوەیەک بێت بۆنی باوکایەتی لە لایەکەوە بۆ بێت:

"ئەو مرۆڤە نەخۆش و چڵکنانەی لە ڕاستیدا قیێزت نەدەهات لێیان بڕوانی، لە پڕ وات دەزانی رۆحی باوکتیان تێدا بەرجەستە بووە و بەزەییت پێدا دەهاتنەوە.. ل٤٣"

هەمیشە بیری لە هەبوونی باوکی کردۆتەوە و ئەم بیرە وازی لێ نەهێناوە:

"نەتدەزانی لەکوێوە ئەو باوەڕە خزاوەتە مێشکتەوە، کە باوکت فریشتەیەک بووە لە دنیای پاکی و دڵی بە "دیدیلاز"ێکی گڵاوی ئەم دنیا پیس و پۆخڵەدا چووە.. ل٤٣".

لە شوێنێکدا باسی پیاوێک دەکات کە دەستی لەگەڵ دایکی تێکەڵ کردووە، هیچ ئاماژەیەک نییە بۆ ئەوەی کە ئەو پیاوە باوکییەتی، کەچی لەپڕ لەناو گێرانەوەکەدا دەڵێت:

"ئەو سەرنجە پەنهانانەی مێردی دایکم سەرتاپای شتەکانی لێگۆڕیم.. ل١٩"

یان دەڵێت:

"نازانم بۆچی هەر ئەوسا دەمویست مێردی دایکم بە "باوکە!!" بانگ بکەم... ل٢٠".

* * *

(خۆبەکەمزانین) وەک حاڵەتێکی دەروونی، هەستێکە لەگەڵ زۆرێک لە (زۆڵ)ەکاندا دەژییێت و هەمیشە دەیانەوێ رابردووی خۆیان بشارنەوە و نایانەوێت رابردووی ژیانیان ئاشکرا بێت. لێرەدا مامزێر کە ئەو حاڵەتە خۆبەکەمزانینەی تێدا بەدیار دەکەوێت، تەنانەت نایەوێ خۆشی حەقیقەتەکانی ژیانی خۆی بە بیر خۆیدا بێنێتەوە و دەیەوێ لە رابردووی خۆی تێنەگات، باسی ئەوە دەکات کە زۆر برا هاوشێوەکەی خۆی بینیوە، بەڵام هەرگیز نەیویستووە لێی نزیک بێتەوە و لێی تێبگا و لەگەڵی بدوێ، بۆئەوەی راستییەکان لە زاری ئەو برا هاوشێوەیەی نەزانێت:

"منیش نەمدەویست بیدوێنم، نەک هەر لەبەرئەوەی زمانی ئەوم نەدەزانی، بەڵکو لەوەش دەترسام ئەو بەم زمانەی من بێتە دەنگ و لەو رێگایەوە بە حەقیقەتەکان بگەم، کە ئەمەش بۆ من خۆی لە ترسێکی ئیجگار گەورەدا دەبینییەوە.. ل٨".

ئەمەش لە ئەنجامی ترسێکەوەیە کە تا دوا سات لەگەڵیدا دەژییێت و تەنانەت نایەوێ لەگەڵ کەسێکدا خۆشەویستی بکات کە گومانی ئەوەی هەبێت دواجار راستییەکانی ژیانی ئەو بزانێت، بۆیەش لەسەرەتا کچێکی پۆلەکەیانی خۆش دەوێت بەناوی "گوڵدای پۆلانی"، بەڵام دواتر کە کچێکی دیکە دەدۆزێتەوە زمانی نییە، خۆشەویستی ئەوی دەچێتە دڵەوە کە (فریدا)یە، ئەویش لەبەرئەوەی ئەگەر ئەو بێزمانە راستییەکانی ژیانیشی بزانێت، ناتوانێ بیانگێڕێتەوە، بەڵام ترسی هەر لێی هەیە و لەوە دەترسێ رۆژێک لە رۆژان زمانی بێتەوەبەر و شتەکان ئاشکرا بکات:

"نەشتدەزانی چییە ئاوا دەتتۆقێنێت... وەک بڵێی یەکەم گوتە کە بەسەر زمانیدا بێت، هەواڵی مەرگی تۆ بێت... یان ئاشکراکردنی نهێنییەکی گەورەی ژیانت بێت... ل١٠٢".

بەلاّم لەگەلّ ئەو ترسەشدا، هەر ئەوی بەلاوە باشترە لە کەسێکی بە زمان، بۆیەش تا دواسات و کۆتایی رۆمانەکە، هەر چاوەڕوانی ئەوە، لەگەلّ ئەوەی دەزانێ بەهۆی رووداو و شەڕەکانی شارەوە، کچەکە لەگەلّ باوکی مالّەکەیان جێهێشتووە و چارەنووسیان نادیارە، بەلاّم هەر لەبەر دەرگایان دەمێنێتەوە و لە چاوەڕوانیدایە:

"تا بەیانی لەوێ ئێشکت گرت، بەشکو لەپڕ پەیدا بێت...ل ١٢٢-١٢٣".

* * *

(مامزێر) کەسێکە بەهۆی ئەو ئەتمۆسفێرەی دەوروبەر بۆیان خولقاندووە و گرنگی پێنادەن، هیچ کاتێک متمانەی بە خۆی نییە. بۆیەش لەسەرەتای گێڕانەوەی رووداوەکانەوە هۆشداری ئەوە دەدات کە:

"من هەرگیز ناتوانم رووداوەکان وەکو خۆیان بگێڕمەوە. هەمیشە کەسەکان گۆڕانیان بەسەردا دێت.. سنوورەکانی کات و شوێن دیار نامێنن.. سیمای ئەفسانەیی بە خۆیانەوە دەگرن.. ل٥".

دەشێ رووداوەکانی چیرۆکەکەی ژیانی مامزێر راست بن، بەلاّم ئەو بەهۆی متمانەبەخۆنەبوونەوە ئەم هۆشدارییە بدات، ئەمەش بە درێژایی رۆمانەکە بەسەریدا زالّە و ترسێکە کە جورئەتی ئەوەی پێ نادات بە باوەڕی تەواوەوە قسە و رووداوەکان بگێڕێتەوە، هەمیشە گومانی لە خۆیەتی:

"هیچ گەڕانەوەیەکم لەوەی پێشووم ناچێت... هەرجارەی سەربردەیەک هەلّ دەبەستم و وا دەزانم تەواو ژیانم ئاوایە، کەچی هێندەی پێناچێت پاشگەز دەبمەوە و بەشێوەیەکی جیاوازتر رابردووم دادەڕێژمەوە... ل٢٥-٢٦".

هەموو کەسێک دەتوانێ خەیالّی پەناگەیەک یان یارمەتیدەرێک بکات بۆ رزگاربوونی خۆی لەو دۆخە ناخۆش و ئالّۆزەی کە تێیدایە. لەم رۆمانەدا ئاماژەیەکی جوان هەیە بۆئەوەی کە نووسین و خوێندنەوە، دەتوانێ ببێتە یەکێک لەو یارمەتیدەرانە و مرۆڤ لە تەنیایی و گۆشەگیری رزگار بکات. مامزێر کەسێکی رۆشنبیر و خوێندەوارە، زۆرکات بۆ رزگاربوون لە حالّەتە دەروونییە ناخۆشەکانی، پەنا بۆ خوێندنەوە و نوسین دەبات:

"من لێرەدا مۆلّەق وەستاوم... زمانم بیرچۆتەوە... دەنگم دەرناچێت... هاواریش بکەم کەس گوێم لێ ناگرێت... هیچ چاوێک، نە دۆستانە و نە دوژمنانە لێم ناڕوانێت... نەخێر، منیان بەلاوە ناوە... کەواتە من ئێستا ئارەزووی نووسین لە هەرکاتێکی دی زیاتر هەلّم دەقرچێنێت... ل٢٧".

ئەمەش ئەوە دەردەخات نووسین یەکێکە لەو فریادڕەسانەی دەتوانێ لە غیابی دایک و باوک و کۆمەلّگا و دەوروبەر، تاڕادەیەکی باش، شوێنی ئەوان بگرێتەوە و تەنیایی بڕەوێنێتەوە.

**ناوی کتێب: مامزێر**
**بابەت: رۆمان**
**نووسەر: کاروان عومەر کاکەسوور**
**چاپی یەکەم،** (٢٠٠٨)
**لە چاپکراوەکانی پرۆژەی کتێبی یانەی قەلّەم**

sangarzrary@ gmail. com

# ئەگەر هەر نووسەرێک یۆتۆپیایەکی هەبێت، یۆتۆپیای من زۆر لە مامزێرەوە نزیکە

## دیمانە لەگەڵ کاروان کاکەسوور

**هەڤپەیڤین: رابەر فایق**



کاروان عومەر کاکەسوور یەکێکە لە نووسەرە هەرە جیددییەکانی ئێمە، ئەو بەهۆی کتێبی (منداڵیم ئاسکێک بوو بە سەر پەلکە زێڕینەکاندا بازبازێنی دەکرد)ەوە ناسراوە، کتێبێکە هەم دەتوانین وەکوو رۆمان، هەمیش وەکوو یادداشتی نووسەرەوە، تەماشای بکەین. چیرۆک و رۆمانەکانی کاروان تێکەڵ بەقوڕی واقیعن، لەپاڵ ئەمەیشدا تێکەڵییەکی زۆر سەیریان هەیە لەگەڵ فەنتازیادا... ئێمە لە نێو چیرۆک و رۆمانەکانی ئەم نووسەرەوەدا، ناتوانین واقیع و خەیاڵ لە یەکتریی جوداواز بکەینەوە، ئەمەیش یەکێکە لەفێڵە هونەرییەکانی نووسەرەوانەکان، کە دەخوازن لەڕێگەی ئەم تێکترنجاندنەوە، خوێنەر بەرەو نادیارییەکی جوانیناسانە ببەن... ئەگەر نووسەرەوەی ئافرێنەر لەڕێگەی زمانەوە بناسرێتەوە، ئەوا کاروان گەلێک لەمێژە (زمان)ی خۆی هەیە و تایبەتمەندێتیی پاراستووە. نووسەرەوەی رۆمان پێویستی بەهەبوونی زمانێکی پاراو هەیە، بۆ راوکردنی خوێنەرەوە، ئەوە بۆیە ئێمە لە دوای خوێندنەوەی هەر چیرۆک- رۆمانێکی کارواندا، روا دەکرێین، بەڵام بەشێوەیەک کە خۆمان مەیلمان لێیەتی، نەک لەڕێگەی خەیاڵاتە سەیرەکانی نووسراوەکانەوە... دواهەمین کتێبی ئەم نووسەرەوەیە، رۆمانی (مامزێر)ە، هەزمکردنی ئەم رۆمانە قورسە، بە حوکمی ئەوەی بەشێوازی ریالیزمی سیحریی نەنووسراوە، وەک نووسەرەوەگەلێکی دیکە لە سەر ئەم سکەیە دەرۆن و بەردەوامن، بەڵکوو بەشێوەیەک دەنووسێ کە جۆرێک لە فرەڕەهەندیی لە خۆدا هەڵگرتووە و بەتەنها لایەنێکەوە خۆی نەبەستووەتەوە و بەتەنها لایەنێکیشی قایلمان ناکا... دوای خوێندنەوەی رۆمانەکە، ویستم لە بارەی گەلێک پرسیاری تایبەت و هەڵێنجراو لە نێویدا، دیمانەیەک لەگەڵ نووسەرەوەدا بکەم، پرسیارەکانم ئاراستەی کردن، هاوکات لەگەڵ هەندێک رەهەندی دیکەیش تێکەڵم کردبوون، ئەویش لەڕێگەی وەرامەکانییەوە، پێشوازیی لێ کردم... راستە ئەم دیمانەیە تایبەتە بە رۆمانێکی دیاریکراوەوە، بەڵام ئەم (تاکڕەهەند)ییە نەبووەتە بەربەست لە بەردەم نووسەرەوەدا، تا ئارەزوومەندانە نەدوێ و لە بارەی گەلێک پرسی دیکەی هاوڕایەڵ بە رۆمان و چیرۆکی کوردییەوە، تا ئەندازەیەکی باشیش قسەکردن لە سەر گوتەگەلێک و خودی نووسەرەوە و نووسراوەکانی (ئەوانیدی)کەوە، روانینەکانی نەخاتە روو... لێرەدا دەست لە پێشەکیی هەڵدەگرم، با پێکەوە خودی پرسیار و وەرامەکان بخوێنینەوە:




***: هەم بیستوومە و هەم خوێندوومەتەوە کە نووسەرێک بۆچوونێکی وەهای هەیە: (نووسینی یەکەم رستەی رۆمان، تا ئەوپەڕی قورسە)، دەشێ بۆ هەر نووسینێکی جیددیی ئەم (سەخت)ییە لەبەردەم نووسەردا قووت ببێتەوە. ئایا ئەو وەختەی یەکەم رستەی ئەم رۆمانەت نووسی بەرەورووی ئەم حاڵەتە بوویتەوە؟ چ کاتە بوو؟**

-: ئەم پرسیارە ئەگەرچی بەرواڵەت ئاسان دێتە

بەرچاو، بەڵام راستییەکەی وەڵامدانەوەی قورسە. ئاسان نییە لەو چیرۆک و رۆمانانەی بەشێوازی ستاندارد نانووسرێن، شوێنێک بۆ سەرەتا و کۆتایی دیاری بکەین. کێشەی یەکەم لێرەدا ئەوەندەی لەگەڵ تەکنیکەکانی گێڕانەوە (techniques Narrative) دایە، ئەوەندە لەگەڵ وشە و دێڕەکاندا نییە. هەر لە سەرەتاوە دوو جۆر کات خۆیان دەسەپێنن، یەکەم: کاتی تێکست، واتە ئەو کاتەی تۆ درێژە بە پرۆسێسی گێڕانەوە دەدەیت. دووەم: کاتی رووداو، یاخود کاتی حیکایەت. بە مانایەکی دیکە تۆ لەرێگای خەیاڵەوە شێوازەکانی گێڕانەوە دادەهێنیت، بەو مەبەستەی سیستەمی کاتی رووداو تێکبشکێنیت و کاتی سەربەخۆی چیرۆک یان رۆمان دابمەزرێنیت. لە چیرۆک و رۆمانی ئەمڕۆدا کات زیاتر لە ئاراستەیەکی هەیە، کە ئەمەش دەستنیشانکردنی شوێن زەحمەت دەکات، چونکە هەموو ئەو پرۆسێسانە لەناو خوددا روو دەدەن و تایبەتمەندێتیی کارەکتەر پێکدەهێنن. لێرەوەیە تەمومژ دەردەکەوێت، چونکە هەتا جووڵەکان لەناو خوددا زیاتر بن، پتر پێوەندیی نێوان خود و بابەت ئاڵۆز دەکەن و لەگەڵیدا قەبارەی تەمومژیش گەورەتر دەبێت، کە خۆی لە کۆمەڵێک میکانیزمی بەرگرییدا دەبینێتەوە بەرامبەر بە دەسەڵاتی کەلتوور. هەر لێرەشەوەیە غوربەت و نیگەرانییش دەردەکەون، کە بوونەتە دوو تایبەتمەندیی کارەکتەر هەر لەگەڵ سەرەهەڵدانی رۆمانی شەپۆلی هۆشەوە لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە هەتا ئەمڕۆ. هەڵکۆڵینی خود هەمیشە لەگەڵ داهێنانی بیرۆکەی میتۆلۆژیادا هاوشان بووە. هەر رۆمان خۆی چەمکێکی ناعەقڵانییە، بەوەی لەرێگای فەنتازیاوە ئەو دنیایە دادەمەزرێنێت، کە بەهۆی جیاوازییەکانییەوە خۆی لە دنیای فاکتواڵ جیا دەکاتەوە. چی دیکە ئەو شتانە گرینگ نین، کە چاوی ئاسایی دەیانبینێت و لە ژیانی رۆژانەدا بۆ پێداویستییە دیاریکراوەکان بەکار دەهێنرێن، بەڵکو ئەوانە لە کۆنتێکستی خۆیان دوور دەخرێنەوە و لەگەڵ لۆژیکی میتۆلۆژیادا رێک دەخرێن، کە کارەکتەر خۆی دایەێناون. کەواتە تەعبیرکردن لەم دنیا تایبەتەی خود کارێکی تا بڵێی دژوارە، بۆیە ناکرێت لەرێگای ئەو وشە و دێرانەوە جارێکی دیکە بگەیتەوە ئەو دنیایەی پێشوو. مەبەستم ئەوەیە تێکست تەنها ئەو وشە و رستە و پەرەگرافانە نین، کە ئێمە لەرێگای چاوەوە دەیانبینین و دواجار دەتوانین شوێنەکانیان دەستنیشان بکەین، بەڵکو لەنێوان وشەکاندا، لەودیوی دێڕەکاندا و لە پشت پەرەگرافەکاندا چەند رووبەرێکی شاراوە هەن، کە لەرێگای خوێندنەوە جۆراوجۆرەکانەوە ئاشکرا دەبن و دینامیکییەتی خۆیان وەردەگرن. تەنانەت (بۆرخیس) دەگاتە ئەوەی باوەڕ بەوە بهێنێت، کە پرۆسێسەکە، پرۆسێسی تەعبیرکردن نییە، بەڵکو ئاماژەدانە و ئێمە تەنها دەتوانین ئاماژە بەشت بدەین و وا لە خوێنەریش بکەین ئەو شتانە لەرێگای ئیماجینێیشن (تصور)ەوە هەست پێ بکات. لە شوێنێکی شیعری (ئاسوودەیی)دا دەڵێت: (هیچ پیتێک لە کتێبەکانی کتێبخانەدا بەدی ناکرێت، بەڵام کاتێک دەیانکەمەوە، پیت دەردەکەون). خاڵی دەستپێکردن سەختە، نەک هەر لەوەی چ رستەیەک دەکەیتە سەرەتا، بەڵکو لەوەی بە چ شێوازێک کارەکتەرەکانت پێشکەش دەکەیت بە چ رێگایەک بیرۆکەکانت دەگەیەنیت. کاتێ لە رۆماننووسی فەرەنسی (جیل لێرۆی) دەپرسن بۆچی لە رۆمانی (سروودی ئەلامبا)دا راناوی کەسی یەکەمی تاک (من)ی بەکارهێناوە، لە وەڵامدا دەڵێ نەدەکرا لە ناخی کارەکتەرەکەی دوور بکەوێتەوە، کە ژیانێکی تا بڵێی تایبەت و جیاوازی هەیە، بۆیە راناوی کەسی سێیەمی تاک لە توانایدا نەبوو دنیای ئەو دەربخات. لە بەرانبەر ئەوەدا راناوی کەسی دووەمی تاک (تۆ) لای (مێشێل بوتۆر) گرنگییەکی زۆر تایبەتی پێ دەدرێت، چونکە ئەو راناوە هەندێک تایبەتمەندێتی

خۆی هەیە، بەوەی وەکو راناوی کەسی یەکەمی تاک نابێتە رێگر لە بەردەم وەسفکردنی دنیای دەرەوەی کارەکتەر. لە لایەکی دیکە رۆماننووس دەتوانێت لەو کاتانە فریای کارەکتەر بکەوێت، کە ئەو خۆی توانای قسەکردنی نامێنێت. لە پاڵ ئەوەدا رێگا لە کارەکتەر دەگرێت نهێنییەکانی خۆی بشارێتەوە. لە هێنانەوەی ئەو نموونانەدا مەبەستم ئەوەیە بڵێم کێشەکە لەوەش تێدەپەڕێت، کە پێوەندیی تەنها بەیەکەم رستەوە هەبێت، بەڵکو مەسەلەی تەکنیک دەکەوێتە پێش هەموو شتەکانی دیکەوە، کە ئەمە لای هەندێ نووسەر بەهۆشیارییەوە چاوی لێدەکرێت و لای هەندێکی دیکە تەنها خۆڕسکانە دەردەکەوێت. لای ئەوانەی بەشێوازی ستانداردیش دەنووسن، هیچ بایەخێکی نییە. هەر لێرە ئێمە دەکەوینە بەردەم پێوەندییەکی دیکە، ئەویش پێوەندیی نێوان زمان و بیرکردنەوە و وێنەیە، کە هەموو ئەمانە یەکتر تەواو دەکەن. من خۆم پێشتر لە وەڵامی پرسیارێکی (دانا فایەق)ی چیرۆکنووسدا ئەم پێوەندییەم نیشان داوە. کاتێک نووسەر لە بەرانبەر دەستپێکدا دۆش دادەمێنێت، ئەوا کارلێکی نێوان زمان و بیرکردنەوە و وێنەکان هێشتا پێک نەهاتووە، بەڵام دواتر کاتێک ئەو پرۆسێسە ئاکتیڤ دەبێت، کێشەکە ئەو قورساییەی نامێنێت. پێشتریش باسم لەوە کردووە، کە جارێکیان لە شەمەندەفەر دابەزیم و رستەی (لە گەراج دابەزی) لە مێشکمدا زرنگایەوە. لە ماوەی دوو رۆژدا چیرۆکێکی درێژم بەناوی (پێداچوونەوەی چیرۆکێکی کۆن) نووسی، کە زیاتر لە چل لاپەڕەیە. کەواتە وێنەکان بە تەڵخی لە خەیاڵی مندا هەبوون، بەڵام هێشتا کارلێکەکان دروست نەبووبوون. نووسینیش شتێک نییە بێجگە لە پێداچوونەوەی یادەوەری بەشێوەیەکی پێچەوانەیی (Reverse). ئایا ئەوەی ئەوسا لە کاتی دابەزیندا لە مێشکمدا زرنگایەوە، رستە بوو؟ بێگومان نەخێر، چونکە وەکو (بۆرخیس) باوەڕی وایە وشە تەنها نیشانە و سیمبۆلە. ئایا دەنگ بوو؟ نەخێر، دەنگ دەبیستریێت، بەڵام دەتوانم بڵێم ئەوە وێنە، یاخود ئاماژە بوو. کەواتە وشە لەڕووی مێژووییەوە لە وێنە و ئاماژە نوێترە. (فردیناند دی سۆسێر) پێی وایە زمان سیستەمی ئاماژەکانە و هەموو سیمبۆلیکی زمانیش لە دال و مەدلول پێکهاتووە، دەنگ و نووسراو، کە بەپێی یاسای سینتاگماتیک و سیستەم بەڕێوە دەبرێن. لە جۆگرافیا فێری ئەوە کراوین، کە بوونی هەور بەتەنیا بەس نییە بۆ بارین، بەڵکو دەبێت فاکتەرەکانی دیکەی وەکو (با) و پلەی گەرمیی گونجاویش لە گۆڕێدا بن. ئەوسا لە کتێبخانە فەرمانبەر بووم، تەلەفۆنم بۆ شێفەکەم کرد و گوتم نەخۆشم، نایەم بۆ دەوام، چونکە دەمویست چیرۆکەکەم تەواو بکەم، کە بەڕواڵەت لە یەک رستەوە دەستی پێ کرد، بەڵام راستییەکەی لە وێنەیەک، یان لە ئاماژەیەکەوە سەری هەڵدا. جا هەر بەراستییش نووسەر لە کاتی نووسیندا لە حاڵەتێک دایە، کە دەکرێت بەنەخۆشیی داینێین. لێرەدا من لەگەڵ ئەو رایەی (مێشێل بوتۆر) دام، کە دەڵێت: (ئەوە رۆمان خۆیەتی خۆی دادەڕێژێت، نەوەک رۆماننووس)، بەڵام ئەوەندەش دەڵێم، کە نووسەر، چونکو تێڕوانینێکی تایبەتی بۆ دەرەوەی خۆی هەیە و پابەندیشە بە کۆمەڵێک فاکتەری مێژوو، جۆگرافیا، زمان، سایکۆلۆژیا، بایۆلۆژیا و فیزیاوە، ئەوا خاوەنی خودێکی بیرکەرەوەی جیاوازە، کە ئەمەش وا دەکات هەڵگری زیاترین وێنە و ئاماژە بێت. کەواتە هەر کارێکی ئەدەبی و هونەری چەند رواری (عفوی)یانە بێتە بەرچاو، بەڵام دواجار هەر بەرەەمی کارلێکردنی ئەو وێنانەیە لەگەڵ زماندا لە ساتەوەختی خەیاڵ و بیرکردنەوەدا، چونکە وەکو گوتمان هەموو ئەو وێنانە لەڕووی مێژووییەوە دەکەونە پێش کاتی ئەفراندنی تێکست و لە شێوەی یادەوەریی تاک و کۆدا دەردەکەون. دەگەینە ئەوەی بڵێین هەموو خوێندنەوەکان چ لەسەر ئاستی بینین و چ لەسەر

ئاستی فیکر و ئەقڵدا گرینگن و ئەو دینامیکییەتە مسۆگەر دەکەن. من خۆم ئەو کاتەی خەریکی نووسینم، لە هەر کاتێکی دیکە زیاتر دەخوێنمەوە و پتر سەرنج لە وردەکاریی شتەکان دەدەم. بیرۆکەی رۆمانی (مامزێر) لە زۆر زووە لە خەیاڵی مندا هەبوو، بەڵام هیچم لەبارەی کارەکتەرەکانمەوە نەدەزانی، بەڵکو لەگەڵ دەرکەوتنیاندا وردە وردە پێیان ئاشنا دەبووم. ئەوەندە هەیە هەموو رووداوە سیاسی و ئابوورییەکانی نەوەدەکان چ لە کوردستان و چ لە دەرەوە رۆڵیکی گەورەیان لەوەدا بینی، کە ئەو تێکستە بەم ئاراستەیەدا بجووڵێن. دەتوانم بڵێم ئەو کاتەی لە زانکۆ خەریکی لێکۆڵینەوەی ئایینەکان بووم، لە هەموو شتێک زیاتر سیحری کات و شوێن تەفرەیان دەدام، هەر بۆیە پێش ئەوەی هیچ کارەکتەرێک بوونی هەبێت، خۆم تەنیا لەناو ئەو فەزا میتۆلۆژییەدا تاق و تەنیا بووم. پێوەندیی نێوان رۆماننووس و کارەکتەر پێچەوانەی پێوەندیی نێوان پزیشک و نەخۆشە. نەخۆش وەسفی حاڵەتەکانی خۆی دەکات و دکتۆر لەژێر رۆشنایی قسەکانی ئەودا هەنگاو دەنێت، بەڵام ئەوە نووسەرە دەردەکانی خۆی بۆ کارەکتەر وەسف دەکات و ئەو لەرێگایانەوە درێژە بە ژیانی خۆی دەدات. حاڵەتێک هەیە لە کاتی نووسیندا، کە خۆشت وەکو نووسەرێک هەستی پێ دەکەیت، ئەویش ئەوەیە زۆر جار وا دەزانی سەرچاوەی بیرکردنەوە و زمانی کارەکتەرەکەت تۆ نییت، بەڵکو هەر خۆیەتی، یان سەرچاوەیەکی دیکەیە، بۆیە هەندێ جار وا روو دەدات، کە نەزانی چۆن ئەم دێڕ و ئەو پەرەگرافەت نووسیوە. دەمەوێ پێت بڵێم ئەمەش بەشێوەیەک لە شێوەکان کاری ئێمە دژوار دەکات، لەوەی بزانین کوێ سەرەتایە و کوێ کۆتایی. من لە کاتی نووسینی (مامزێر)دا کێشەکەم بە پلەی یەکەم لەگەڵ شێوازی گێرانەوە دابوو. زۆر گرینگ بوو ئەو خاڵە بدۆزمەوە، کە نە سەرەتا بێت و نە کۆتایی، هەتا کارەکتەرە سەرەکییەکەمی لێ دەربخەم. ئەگەر سەرنج بدەیت، ئەوا دەبینیت تێکستەکە لە شوێنێک دەست پێ دەکات، کە هەر سێ کاتی رابردوو و ئێستا و ئایندە پێکەوە دەبەستێتەوە: (لەرێگا، کاتێ جەنگاوەرە ریشنەکان رووتوقووت بەسەر لمە داخبووەکەدا دەیانهێنایین، لەناو سەرجەمی دیلەکاندا تەنها چاوی منیان نەبەستبوو... ئێستایش، کە ئەوەتا شەکەت و ماندوو خراوینەتە ناو ئەم قەفەزە گەورانەی بەر هەتاوی چلەی ئەم هاوینە پرووکێنەرەوە، تەنها پرسیار لە من ناکەن). هەروەها شوێنەکەش، کە بیابانە، دوو سیفەتی دژی لە خۆیدا هەڵگرتووە بە رۆژ زۆر گەرم و بەشەویش ئێجگار سارد، کە ئەمەش زەمینەی بۆ ئەوە خۆش کرد، هەتا لەرێگای ئەو دوو حاڵەتەوە هەم شتە لەیەکچووەکان و هەم شتە جیاوازەکان بیری کارەکتەر بخرێنەوە. کەواتە من نازانم ماوەی نێوان سەرەتای بیرکردنەوەی من لە نووسینی ئەو تێکستە و خوڵقاندنی یەکەم رستەدا چەندە، بۆیە وەکو (بۆرخێس) پێ لەسەر ئەوە دادەگرم، کە وشە تەنها سیمبۆلە و هیچی دیکە.

*** بەشێوەیەک لە شێوەکان سوودت وەرگرتووە لە مێژوو، ئێمە دەبینین لە رابردوودا ئەوانەی لەسەرەوەختی نووسینی چیرۆک و رۆماندا گەراونەتەوە بۆ مێژوو، پتر لەوەی ئاگادار بن کە خەریکی چیرۆک و رۆمان نووسین، خۆیان بۆ بەرەنگاریی و ئایدیۆلۆژیا تەرخان کردووە، خۆ رەنگە هەندێکیان بەبێ ئەوەی ئاگاداریش بن، وەهایان بەسەر هاتبێ، بەڵام تۆ وەکوو ئەزموونی دووەمت لە رۆماندا، چۆن توانیوتە بەسەر ئەم بەربەستە گەورەیەدا باز بدەی؟**

– ئەوەی دەتوانێت لە ئاستی دەسەڵاتی مێژوودا بوەستێتەوە، کە هەمیشە بارگاوییە بە ئایدۆلۆژیای زاڵ، خەیاڵ و فانتازیایە. هیچ گوتارێک نییە مێژوویی نەبێت، مادام هیچ کردارێک ناکەوێتە دەرەوەی بازنەی کاتی فیزیکییەوە، بۆیە کاتێک نووسەر لە وزەیدا نییە لەرێگای تێروانینی

جیـاوازی خـۆیەوە مـێـژووی تایبـەت بە خـۆی دابمەزرێنێت، ئەوا مـێـژووی فـەرمی لەناو گـوتاری ئەودا ئامــادەیە. دەتـوانم بلـّـێم (مــامـــزێر) نە گێڕانەوەی ڕووداوی مێژووییە لەڕێگای ڕۆمانەوە و نە نووســینی ڕۆمــانە لەڕێگای گـێـــڕانەوەی مــێـــژووەوە، بەڵـکو هەوڵێکە بۆ پێکهــێنانی گـوتارێکی تەواو سـەربەخـۆ. هونەری نووسـینی ڕۆمان ئەوە بەسەر ڕۆماننووسدا دەسەپێنێت، کە وێنەیەکی دیکەی کـۆمـەڵگا نیـشـان بدات، ئەمە هەر خۆی تێکشکاندنی گوتاری مێژووە، کە ئەوەی دووەمیان پابەندە بە کۆمەڵێک مەرجی ئەکادیمی و زانسـتی و مـەبەسـتـیـەتی وێنەیەکی هاوشـێـوەی واقیع دەربخات. تۆ دەست دەخەیتە سەر خاڵێکی گـرینگ، کـاتێ دەڵێـیت هەندێک نووسـەر بەبێ ئەوەی ئاگـــایان لێ بێت، ئەدەبی خـــۆیان بۆ بەرەنگاریی و ئایدیۆلۆژیا تەرخان کـردووە. وەکـو گـوتمان ئەوە لە نەبوونی تێـڕوانینی جیـاواز و لە نەبوونی خـەیاڵ و فـەنتـازیای کـاریگەرەوە لای ڕۆمــــانـنووس ڕوو دەدات. بەڵێ، کــــاتێک ڕۆمــانـنووس دەبێـتــە مــێــژوونووس، ئەوە لە هۆشـیـارییـەوە نیـیـە، بەڵکو تەنهـا ئەوەیە، کـە نەیتـوانیـوە سـەربەخـۆیی خـود بپـارێزێت، بەوەی پێـوەندیی خـود بە واقیع ڕووکـەش و ڕاسـتـەوخـۆ دادەمـــەزرێنێت، لە کـــاتێکدا یەکــێـک لە تایبەتمەندییەکانی ڕۆمان ئەوەیە، کە پێوەندیی خود و بابەت لەسـەر ئاسـتی سیـمـبـۆل پێکدەهێنێت. هەندێک لە ڕۆماننووسانی ئێـمە هەتا ئێـسـتـاش پەیڕەوی گرێچنی سەرەتا ــ ناوەڕاست ــ کۆتایی دەکەن، کە هەر خۆی لە بنەڕەتدا گرێچنی مێژووە، بەڵام کـەمـێک ئارایشـتـیـان لە زمـاندا کـردووە، بەوەی بەشـێـوەیەکی مـیکانیکیـیـانە ڕەگـەزی شیعرییان خزاندۆتە ناویەوە، بۆیە ئەو جۆرە ڕۆمانە کار لەسەر گواستنەوە و ئاسانکردنەوەی ئایدۆلۆژیا دەکـات. مـەبەسـتـیش لە ئایدۆلۆژیا هەمـوو ئەو بیـروبۆچوونانەن، کـە لە مـاوەیەکی دیاریکراودا لە کۆمەڵگا باون. ڕەخنەی ئێمە هەتا ئێـستا هێزێکی ئەوەندە گـەورەی لە خـۆیدا بەدی نەکـردووە، هەتا بتوانێت ستایلی ئەو جۆرە ڕۆمانە لەگەڵ ستایلی گێـڕانەوەی ئاسـاییدا پۆلێن بکات، بگرە زۆر جـار بەو زمانە وەسفییەی خۆی ڕەواجیشی پێ دەدات.

ڕاستییەکەی لەو جۆرە ڕۆمانەدا جیاوازی لەنێوان بابەت و بیـرۆکـەدا نەکـراوە، بەوەی تەنهـا یەکـەم هەیە و دووەم بوونی نییە. بابەت خۆی ئەو کەرەسە خـاوەیە، کـە لەسـەر ئاسـتی کـۆ، لە خـەیاڵی هەمـوومـاندا هەیە و لەڕێگای تێـڕوانینەوە، واتە لەڕێگای زمان و بیرۆکەکانی خۆمانەوە ئەو بابەتە لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتییەوە دەخەینە سەر ئاستی خود. بە مـانایەکی دیکە بابەت، یاخـود ناوەڕۆک ئەزمـوونێکی کـۆمـەڵایەتیـیـە، ئەوە تێـڕوانین و تەکنیکن تایبەتمەندیی پێ دەبەخشن، بەڵام کاتێک بیـرۆکـە نیـیـە، تێـڕوانین نیـیـە، ئەوا ئەرکی زمـان تەنهـا دەبێـتــە گـواسـتـنەوەی ڕووداو لە دۆخی سەرزارەکییەوە بۆ دۆخی تۆمارکردن و تایبەتمەندی نایەتە کـایەوە. بۆ نموونە کـاتێک دەڵێین (شـێخ مـەحـمـوودی حـەفـیـد)، ئەوا خـێـرا بابەتێکی ئامـادەمـان دەکـەوێتـە بەردەست، کـە خـۆی لە مێژوویێکی تراژیدییدا دەبینێتەوە. کێشەکە لێرەوە دەست پێ دەکات، کاتێک ڕۆماننووس وا دەزانێت ئەو بابەتە یارمـەتیـدەرێکی باشـە بۆ نووسـینی ڕۆمـان، بەوەی لە مـاوەیەکی کورتدا بێـشـومـار وێنەت دەخاتە بەردەم، بەڵام ڕاستییەکەی لێرەوەیە ئەو بابەتە زەحـمـەتە، کـە دەبێت تۆ زیاترین وێنە تێکبشـکێنیت و وێنەی دیکەیان لەجێ دابنێیت، کـە ئەو پرۆسـێـســە تەنهـا لەڕێگای تێـڕوانینی جیـاوازی نووسـەر و تەکنیکەکـانی نووسـینەوە جێبەجێ دەبێت. ئەم کێشـەیە لە ئەدەبی ئەنفالدا زۆر بەڕوونی دەردەکـەوێت، کـە خـۆم لەمـەوپێش چەند جــاری دیکە لەبارەیەوە دواوم. نووســەری ئێمە، کە ئەوەندە لەگەڵ دەسەڵاتی مێژوو تەبایە و بەشـوێنی دڵنیـاییـەکـانی خـۆی دەزانێت، ئەوە لە لایەک بۆ کـەمـیی هۆشـیـاری و لە لایەکی دیکە بۆ نەبوونی پرسیار و نیگەرانیی دەگەڕێتەوە بەرامبەر

بەو چەمکە. (جەیمس جۆیس) لە ڕۆمانی (ئۆلیس)، لەسەر زمانی (ستیڤن)ەوە دەڵێت: (مێژوو خەونێکی دێوەزمەیە، دەبێت هەوڵ بدەم لێی بەئاگا بێمەوە). لە (مامزێر)دا ئەوەی گرینگیی پێ دراوە، مێژوو نییە، بەڵکو ئێلتەرناتیڤی مێژوو (Alternative History) و مێژووی گریمانی (Virtual History)ین، کە لە لایەک تێکەڵکردنی خەیاڵە لەگەڵ ڕووداوی ڕاستەقینەدا و لە لایەکی دیکە گۆڕینی کات و شوێن و کۆنتێکستی ڕووداوە، کە ئەمە زیاتر لە میتۆلۆژیا نزیک دەبێتەوە. ئەمەش بە پلەی یەکەم بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە کات مانایەکی سایکۆلۆژیی هەیە و لەناو ئێتمۆسفێرێکی میتۆلۆژییدا دەردەکەوێت، کە دوورە لەو کاتەی لە کەلێندەردا هەیە. ئەوەش وای پێویست دەکرد پشت بە گێڕانەوەی کەسی (Subjective Narration) ببەسترێت، کە لە بنەڕەتدا تەکنیکێکی سینەماییە. بەپێی پێویستیش هەردوو ڕاناوی کەسی یەکەمی تاک و کەسی دووەمی تاک جێگۆڕکێیان پێ کراوە. بۆ ئەو حاڵەتە ڕۆحی و سایکۆلۆژییەی کارەکتەرەکە لەناو قەفەز و لە بیاباندا بەدیلکراوی بیرەوەرییەکانی خۆی دەگێڕێتەوە و وەسفی دەوروبەری دەکات، ئەم تەکنیکە گونجاو بوو، بۆئەوەی جیهانی ناوەوە زیاتر بایەخی پێ بدرێت. بە مانایەکی دیکە تێکستەکە بەرەو میتۆلۆژیا، نەوەک مێژوو، ئاراستە بکرێت. جۆرێک لە ئاڵوێری وێنە و بیرۆکە لەنێوان دنیای ناوەوە و دەرەوەدا پێکهاتووە. یان بە مانایەکی دیکە دنیای فیزیکی، واتە جوگرافیا و دنیای میتافیزیکی، واتە ئەو دنیا میتافۆرییەی، کە کارەکتەر لەڕێگای خەیاڵەکانی خۆیەوە دایەێناوە، تێکەڵی یەکتر دەبن. ئەو وێنانەی لە دەرەوە لەڕێگای بینینەوە بۆ ناوەوە دەگوازرێنەوە، لەگەڵ سیستەمی میتۆلۆژیادا ڕێکدەخرێن، کە ئەو میتۆلۆژیایە چ کارەکتەر خۆی دایەێناوە و چ وەکو یادەوەریی کۆ لە نەستیدا ئامادەیە. لەڕێگای ناردنەوەی ئەو وێنانە بۆ دەرەوە، پرۆسێسی کۆنتاکتکردن بەردەوام دەبێت، کە خۆی لە تێکەڵکردنی زەمەنی سایکۆلۆژی و زەمەنی سرووشتییدا دەبینێتەوە. بە مانایەکی دیکە هیچ شتێک ناتوانێت ببێتە خاوەنی مانا، هەتا بە خوددا تێنەپەڕێت. کاتێکیش بەوێدا تێدەپەڕێت، ماهیەتی دەگۆڕێت، چونکە لەڕێگای بینینەوە شتەکان لەباری جێگیرییەوە بۆ باری جووڵە دەگۆڕێن. وەکو گوتیشمان لەگەڵ سیستەمی میتۆلۆژیادا ڕیکدەخرێن و لەژێر دەسەڵاتی مێژوو دێنە دەرێ. دواجار یۆتۆپیایەک هەیە و لە کۆی خەیاڵی کارەکتەرەکان پێکدێت. یەکێک لە ئەرکەکانی مێژوو کورتکردنەوەی واقیع و سنووردارکردنی ڕووداوە بە مەبەستی دانانی فۆرمێکی دیاریکراو، بەڵام میتۆلۆژیا بەپێچەوانەوە وەکو (میرسیا ئیلیاد) دەڵێت: (لەسەر ڕەگەزی جیاواز و سترەکچەری جیاواز ڕێکخراوە. لەجیاتی ڕووداو، توخمەکان و لەجیاتی کارەکتەرە مێژووییەکان، مۆدێلە کۆنەکان، لای خۆی دەهێڵێتەوە). وەک دەبینین میتۆلۆژیا بەشێوەیەکی دەمامکدراو و لەسەر ئاستی سیمبۆلدا دەردەکەوێت و وەکو زمانیش خاوەنی کۆمەڵێک میتافۆرە. ئەویش وەکو ئەدەب ڕەگەزی ئیکزۆتیکا لە خۆی دەگرێت. ئەمەش مانای ئەوەیە ئەو زمانە مەبەستیەتی لەڕێگای ئاماژەوە خۆی دەربخات، نەک ڕاستەخۆ خۆی بدرکێنیت، کە ئەمەش وا دەکات وەکو ئەدەب ببێتە چالاکییەکی فیکری و خۆی لەژێر دەسەڵاتی واقیع بێنێتە دەرێ. ئەدەبی جیدی هەمیشە لە هەوڵی ئەوە دابووە ئێلتەرناتیڤی مێژوو بدۆزێتەوە، بۆ نموونە لای (ساموێل بیکیت) عەدەم (Scratch) لە شوێنی مێژوو دایە، کە سەرچاوەیە بۆ دڵەڕاوکێ و سەرسامی. بەگشتی ڕۆماننووسە گەورەکان هەر لە (دۆیستۆیڤسکی) و (جەیمس جۆیس) و (کافکا) و (تۆماس مان) و (کنوت هامسۆن)ەوە هەتا (کازانتزاکی) و (ئەلبێرت کامۆ) و (ساموێل

بیکیت) و (هێرمان هێسە) و (ئومبێرتۆ ئیکۆ) لەناو میتافیزیکادا دنیای جیاوازی خۆیان دامەزراندووە، چونکە میتافیزیکا پێچەوانەی یەقینی ئایدۆلۆژیا بەهەردوو ڕەهەندی سیاسی و ئاینییەوە، بەرەەمهێنەری پرسیار و سەرسامی و تەمومژ و ئیکزۆتیکایە، لە کاتێکدا ئایدۆلۆژیا خۆی وەڵامی ئامادەی هەیە بۆ پرسیار و بۆ ڕەواندنەوەی تەمومژ و بۆ بەتاڵکردنەوەی هەموو لوغزەکان، لەپاڵ ئەوەدا موعجیزەکانی خۆی دەخاتە شوێنی ئیکزۆتیکا. مێژوونووس هەمیشە لەوە دەترسێت بەناپاک دابنرێت، بۆیە تا لە توانایدا بێت بۆ ساغکردنەوە و یەکلاکردنەوەی ڕووداو، میتۆدە زانستییەکان دەگرێتە بەر، لە کاتێکدا ڕۆماننووس ئەو ناپاکییەی قەبووڵە و وەکو گەمەیەکی هونەری سەیری دەکات. ئەگەر (مامزێر) ویستبێتی مێژوویەکی جیاواز لە مێژووی فەرمی پێکبهێنێت، ئەوا هاوکات هەوڵی ئەوەشی داوە هەر لەسەر ئاستی سیمبۆلدا کۆنتاکت لەگەڵ جۆگرافیادا بکات. بە مانایەکی دیکە شوێنیش وەکو کات بەشێوەیەک تەوزیف بکات، کە لەگەڵ دنیای ناوەوە ڕێکبکەوێت و ڕەهەندە ئیستاتیکی و نۆستالژییەکەی بخرێتە بەرچاو، بەڕادەیەک بتوانێت لەژێر دەسەڵاتی مێژوو دەربیهێنێت و بەپێی سیستەمی میتۆلۆژیا ڕێکی بخاتەوە. ئەگەر سەرنج بدەیت تێکەڵییەک هەیە لەنێوان (سرووشت) و (شارستانییەت)دا، کە (کلۆد لیڤی شتراوس) بەنەکوڵاو (Raw) و کوڵاو (Cooked) ناویان دەبات. کارەکتەرەکان چ لەناو سرووشت و چ لەناو شارستانییەت، یان بە مانایەکی دیکە لەناو کەلتووردا دەژین. تەنانەت تێکەڵییەک هەیە لەنێوان مرۆڤ و گیاندار و باڵندەکاندا، کە هەندێکیان زۆر دەمێکە نەماون. وای لێ دێت مرۆڤەکان بە چاوی خۆیان گۆڕانکارییەکانی ئەسپ دەبینن، کە لە هەر قۆناغێکی مێژوویدا قەبارەکەی دەگۆڕێت و ناوێکی نوێ هەڵدەگرێت.

لە هەموو ئەمانەدا دەمەوێ بڵێم مادام تێکستەکە لەسەر ئاستی سیمبۆل و میتافۆر بنیات نراوە، کەواتە شوێنیش وەکو کات ریالیستی نییە. مامەڵەی کارەکتەر راستەخۆ لەگەڵ شوێندا نییە، بەڵکو لەگەڵ وەهمی جۆگرافیا (Geography illusion) دایە. هەر یەکەیان تێڕوانینێکی جیاوازی بۆ شوێن هەیە و بەشێوەی سەربەخۆی خۆی شتەکان دەبینێت. لایەنی ماتریالیی شوێن بە وردەکارییەکانی رووی دەرەوەی لای ئەوان گرینگ نییە. (گۆتە) دەمێکە وتوویەتی ژیان سەرابە. بەلای (ئێدمۆند هۆسرل)ەوە حەقیقەتی شتەکان بوونێکی ریالیستییانەن، بەڵام ئەبستراکت نین. ئەو شتانە بوونی سەربەخۆیان نییە، بەڵکو گریمانین و ئێمە لەڕێگای هۆش و هەستەکانمانەوە هەستیان پێ دەکەین. لەڕێگای پرۆسەی بیرکردنەوەوە ئێمە دەزانین، کە فیکرمان لەو حاڵەتدا ئاماژە بەشتێک دەدات. دەمەوێ لێرە هەڵوێستەیەک بکەم، چونکە نایشارمەوە لە کاتی نووسینی (مامزێر)دا فەلسەفەی (هۆسرل)، کە بەفینۆمینۆلۆجیا ناسراوە، زۆر کۆمەکی کردووم. مەبەستیشم زیاتر ئەو لایەنەیە، کە بایەخ بە خود دەدات. بەلاتەوە سەیر نەبێت، ئەگەر بڵێم من لە منداڵییەوە بەشێوەیەک لە شێوەکان بەو دیدگایەی (هۆسرل) لە دنیام ڕوانیوە. ڕووبەڕوو لەگەڵ دیاردەدا، بەبێ بوونی هیچ هۆکارێکی دەرەکی لەنێوان من و ئەو دیاردەیەدا، هەتا لە ناسینیدا یارمەتییم بدات. لە کاتی نووسینی کتێبی منداڵییمدا زیاتر هەستم بەوە کرد. لەوێ زانییم بە درێژاییی تەمەنم میتافیزیکا چ بەشێکی گەورەی لە ژیانی مندا داگیر کردووە. (سیوەیلی)یش لە یەکێک لە تێبینییەکانی لەبارەی ئەو کتێبەوە هەر وای پێ گوتم. هەروەها (سیوەیلی) سەرچاوەی ئیماجینێشنەکانی بۆ لیبیدۆ گێڕایەوە، کە لە منی منداڵدا بۆتە پاڵنەری گەورە لە خوڵقاندنی ئەو وێنانەدا، بەوەی ئەو وێنانە سیمای ناعەقڵانییان هەیە. هەستکردن لە فینۆمینۆلۆجیای (هۆسرل)دا

واته وێنەگرتنی دنیا. مرۆڤ هەمیشە دنیا بەقەدەر قەبارەی هەستەکانی خۆی بچووک دەکاتەوە، کە ناو لەو میتۆدە دەنێت بچووککردنەوەی فینۆمینۆلۆجی (reduction phenome-nologique). واتە حەقیقەت ئەوەیە، کە لەو ساتەدا لە ئێمە دیارە و دەبێت لەوە بکۆڵدرێتەوە، چونکە ئەو لە شوێنی ئەو حەقیقەتەشە، کە شاراوەیە. تێگەیشتن لە بابەت لەڕێگای ئەزموونەوە، نەک لەڕێگای ئەو حوکمانەی پێشتر لەبارەیانەوە هەمانە، واتە گواستنەوەی ئەو شتانە لە باری واقیعەوە بۆ باری بیرکردنەوە. بەپێچەوانەی (هایدگەر)ەوە، کە پێی وایە سەرچاوەی مرۆڤ و زمان یەکێکن، کە زەمەنە، ئەوا لای (هۆسرل) مانا هەیە، بۆیە زمان بوونی هەیە، چونکە زمان یەکسانە بە قەبارەی ئەو شتانەی لێمانەوە دیارن، بۆیە (هۆسرل) دەیەوێت لە پێوەندیی نێوان کرداری مەعریفە و ئۆبژێکتی مەعریفە، واتە ئەو شتەی، کە پێویستە لێی تێبگەین: بکۆڵێتەوە. لە هەموو ئەمانەدا ویستم لە لایەک لەبارەی تێڕوانینی خۆمەوە بۆ مێژوو و جۆگرافیا بدوێم و لە لایەکی دیکە بەشیک لەو ئەزموونەی خۆمت بۆ باس بکەم، کە لەگەڵ ئەو تێکستەدا هەمە. (میکایل باختین) لە کتێبی (شێوازەکانی کات و شوێن لە رۆماندا) پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت، کە لە کاری هونەرییدا ئاسان نییە کات و شوێن لە یەکتر جیا بکرێنەوە، بۆیە (باختین) لە کتێبی (تەنگوچەڵەمەکانی شیعرییەتی دۆیستۆیڤسکی)دا چەمکی شوێنکات (کۆرۆنۆتوپ Coronotup ) بەکار دەهێنێت. لای (گاستۆن باشلار)یش لایەنی خەیاڵ، نەوەک لایەنی پۆزیتیڤی (وضعی)ی شوێن جێگای بایەخە. بۆ ئەوەی زیاتریش لە پرسیارەکەی تۆ نزیک ببمەوە، ئەوا دەڵێم ئەزموونی ژیانی پێرسۆناڵیی خۆم، بەتایبەتی هی سەردەمی منداڵییم، زۆر کۆمەکی کردووم، کە لە تێڕوانینی خۆمەوە شتەکان وێنا بکەم. هەرچەند ئەم تێکستە لە بەشێک لە پێکهاتەی خۆیدا تەعبیر لە دنیای کۆن دەکات، بەڵام ناکرێت تێڕوانینەکان لەم سەردەمە داببڕین، وەکو (هانز ڕۆبێرت یاوس) پێی وایە هەموو تێکستێک بەرهەمی ئەو سەردەم و ژینگەیەیە، کە نووسەر تیایاندا ژیاوە. ئەگەر جارێکی دیکە بۆ لای چەمکی شوێنکات (کۆرۆنۆتوپ Coronotup)ی (باختین) بگەڕێینەوە، کە وەکو بەشێک لە میکانیزمی گێڕانەوەی فرەدەنگی (پۆلیفۆنی Polypho-ny)ی کاری پێ دەکات، ئەوا دەبینین شوێنکات لە توانایدا هەیە هەموو شتەکان چ لەسەر ئاستی مێژوو و چ لەسەر ئاستی جۆگرافیادا پێکەوە ببەستێتەوە. واتە شوێنکات دنیای کۆن و دنیای نوێش پێکەوە دەخاتە ناو سپێیس (فضاء)ەوە و دنیای دیکەیان لێ پێکدەهێنێت، کە هەر لای (باختین) ئەمە بەشێکە لە پرۆسیسی دەقئاوێزان (Intertextual). بە منداڵی بەردەوام خۆم لەنێوان دوو زەمەنی پێچەوانەی یەکتردا دەدۆزیەوە، زەمەنێک، کە هی ڕابردوو بوو، هەمیشە وام دەزانی من ئەوەیانم لە دەستم چووە. لە لایەکی دیکە پەلەی گەورەبوونم بوو، وامدەزانی گەورەبوون رزگاربوونە لە دەسەڵاتی باوکی خێزان و قوتابخانە و گەیشتنە بە دڵنیایی. هەمیشە هەستێکی سەیرم بەرامبەر بەشوێنیش هەبووە، کە وام زانیوە هەڵەیەک لە شوێندا هەیە و بەناتەواوی هاتۆتە بەرچاوم. ویستوومە لەڕێگای خەیاڵەوە رێکی بخەمەوە. ئەمە لە منداڵییەوە لەگەڵ مندا هاتووە. وا دیارە هەر ئەم هەستەشە وای لێ کردووم بەئاسانی لەگەڵ شوێندا ڕانەیەم و ئەدرێسەکانم لێ تێکەڵ بێت. هەروەها باوەڕێکی دیکەم هەبووە، کە شوێن لە بەردەم هێرشەکانی زەمەندا خۆی ناگرێت، بۆیە بەردەوام لە هەوڵی ئەوە دا بووم لە خەیاڵی خۆمدا ئەو شوێنانە بخوڵقێنم، کە زەمەن نەتوانێت زەفەریان پێ بەرێت. ئەگەر هەر نووسەرێک یۆتۆپیایەکی هەبێت، ئەوە یۆتۆپیای من زۆر لە (مامزێر)ەوە

نزیکە. دواجار دەمەوێ بڵێم (مامزێر) تێکستێک نییە بۆ گەڕانەوەی تێڕوانینی ئێمە بۆ کات و شوێنێکی دیاریکراو، بۆیە ناشتوانین نە بەش بەش واقیعی پێ بخوێنینەوە و نە لە واقیعیشەوە بیخوێنینەوە، چونکە وەکو گوتم هەوڵی ئەوەی داوە واقیعێکی سەربەخۆی خۆی دابمەزرێنێت.

*** لە بەرهەمەکانی دیکەشتدا ئەگەرچی مامەڵەیەکی فانتازییانەت لەگەڵ شوێندا کردووە، بەڵام ئەو مامەڵەیە نەگەیشتۆتە ئەوەی ناوی راستەقینەی ئەو شوێنانە بشاریتەوە، بەتایبەتی هەولێر، کە بەردەوام لە چیرۆک و رۆمانەکانتدا ئامادەیە، بەڵام لە (مامزێر)دا ناوت لە شوێن نەناوە، ئەگەرچی هەندێک شوێنی لۆکاڵی ناویان هەیە. ئایا تۆ بەگشتی چۆن ئەو تایبەتمەندییە لە بەرهەمەکانتدا پێکدەهێنیت و لە مامزێردا بەتایبەتی چ پلانێکتان هەبووە؟**

– بایەخدانی من بەهەولێر زۆر هۆکاری هەیە، ئەگەرچی وەکو گوتم هەولێری من هەولێری سیمبۆلییە، نەک هەولێری مێژوویی. مەسەلەکە هەر ئەوە نییە من لەو شارە لە دایک بووم و بەشێکی ژیانی خۆمم تێدا بەسەر بردووە، بەتایبەتی منداڵی و هەرزەکاریم، بەڵکو لەپاڵ ئەوەدا ئەو بایەخدانە پێوەندیی بەو شێوازەی ئیشکردنەی خۆشمەوە هەیە، کە هەمیشە دەمەوێت لەبارەی شتی پەراوێزخراوەوە بنووسم. دڵنیابە ئەگەر خەڵکی هەر شارێکی دیکەی کوردستانیش بوومایە، هەر لەبارەی هەولێرەوە دەمنووسی، چونکە هەمیشە روو لەو شوێنانە دەکەم، کە کەسانی دیکە بە گیرنگیان نازانن، جا مەرج نییە ئەو شوێنانە تەنها جوگرافیای ماتریالی بن چ لەسەر رووی خاک و چ لەسەر رووی جەستەدا، بەڵکو لە رۆح و خەیاڵیشدا بەدوای شوێنە پەراوێزخراوەکاندا دەگەڕێم. دەشمەوێ پێت بڵێم، کە من لەبارەی زۆربەی شارەکانی دیکەی کوردستانم نووسیوە هەر لە کەرکوک و موسڵەوە هەتا سلێمانی و ورمێ. ئەمە بێجگە لە وڵاتانی دیکەی وەکو عێراق، سوریا، تورکیا، یۆنان، ئەڵمانیا و دانمارکیش لە بەرهەمی مندا دەردەکەون.

من وەکو نووسەرێکی ئەدەبی گێڕانەوە، بەپێچەوانەی ئەوانەی دەڵێن لەبارەی شتێکەوە نانووسن، کە هیچی لەبارەیەوە نازانن، من مەبەستم ئەوەیە لەبارەی ئەو شتانەوە بنووسم، کە هیچیان لەبارەیەوە نازانم، چونکە نووسەر کاتێک لەبارەی شتە نەزانراوەکانەوە دەنووسێت، هەموو سەرەنجامەکان تێدەپەڕێنێت و دەکەوێتە بەردەمی پرۆسێسی ئەزموونگەرییەوە. (پیگی لویدێنز) لە کتێبی (پرۆسێسی نووسین)دا دەڵێت منداڵ حەز دەکات لەبارەی ئەو شتانەوە بنووسێت، کە دەیانناسێت، هەستیان پێ دەکات، سەرسامی دەکەن، پرسیاری لا دەورووژێنن و ئەوانەی باوەڕی پێیانە. هەموو ئەوانەی (پیگی لویدێنز) راستن بۆ ئەو کاتەی ئێمە فێری نووسین دەبین، بەڵام لە پرۆسێسی نووسینی فانتازیادا، نووسەر تێکڕای ئەو شتانە تێدەپەڕێنێت. جارێکیان یەکێک لە هاورێکانم لێی پرسیم ئاخۆ بەرهەمی نوێم چییە، پێم گوت: (هەوڵدەدەم لەبارەی عادیل سەلیمەوە بنووسم). ئەو هاوڕێیەم کاتێ ئەو تێکستەی خوێندەوە، نەیشاردەوە، کە وایزانی بوو من ژیاننامەی ئەو مرۆڤە دەنووسمەوە، بۆیە پێی گوتم: (ئەمجارە، کاتێ خەریکی نووسینی بەرهەمێک بوویت لەبارەی بابەتێکەوە، بڵێ هەوڵدەدەم لەبارەی ئەو بابەتەوە نەنووسم، نەک بنووسم). راستییەکەی من قەرزاری ئەو پیاوەم، کە یەکەمین کەس بوو بیەوێت تۆقە لەگەڵ منداڵێکی پەراوێزخراوی وەکو مندا بکات. ئەو دەستە لە دەستی هەموو ئەو پیاوانەی دیکە جیاواز بوو، کە من لە ژیانی خۆمدا بینی بوومن، بۆیە ئەو تێکستەم لەبارەیەوە نووسی، کە ناوی (لەسەر دەستی عادیل سەلیم دەنووسم)م لێ ناوە، بەڵام هەموو ئەو خۆشەویستی و رێزەی من بەرامبەر بەو مرۆڤەم هەبوو، وایان لێ نەکردم راستەوخۆ لەبارەیەوە بنووسم و پێیدا هەڵبڵێم. ئەگەر لەبارەی

(عەبدولخالیق مەعروف)، (جەمیل ڕەنجبەر)، (ناسیح کۆچەر) و (یوسف دەرگەلەیی)یشەوە بنووسم، کە بەشێوەیەک لە شێوەکان لە یادەوەریی منداڵیی مندا هەن، هەر پەیڕەوی ئەو میتۆدە دەکەم. گوتەیەکی (میدیا ڕەوف بێگەرد)، کە لەبارەی نواندنەوە کردوویەتی، تەواو هەژاندوومی. (میدیا بێگەرد)ی ئەکتەر لە گفتوگۆیەکدا دەڵێت: (کاتێک دەمەوێت ڕۆڵی کەسێک ببینم، هەوڵ دەدەم ڕقم لەو کەسە بێت، نەوەک خۆشم بوێت). من لەو گوتەیەی (میدیا بێگەرد) چاک تێدەگەم، بەوەی ئەم لەڕێگای ئەو ڕقەیەوە هەموو ئەو هەستە نهێنییانە لە خۆیدا دەدۆزێتەوە، کە لە حاڵەتی خۆشەویستییدا دەرناکەون. دیارە ئەو ڕقەی (میدیا بێگەرد) باسی لێوە دەکات، ڕقێکی پارادۆکسالییە، کە دواجار هەر دەبێتەوە خۆشەویستی. من خۆم کاتێک دەمەوێ تێکستێکی ئەدەبی بنووسم، لەبارەی ئەو بابەتەوە نانووسم، کە مەبەستمە، بەڵکو ئەو جێدەهێڵم و دژەکەی دەکەمە ئامانج. ئەو پارادۆکساڵەم لە زۆربەی بەرهەمەکانمدا لەبەرچاو گرتووە. لە ڕۆمانی (ئای لەڤیلیا لەڤیلیا!!)دا زۆر بەئاسانی دەمتوانی بە کەرەسەکانی مێژوو کار بکەم. بەزەحمەتم نەدەزانی، ئەگەر باس لە هێرشی بەعس و ڕژاندنی گازی کیماوی بکەم، ئەمە لە دەست هەموو کەسێک دێت، بەڵکو لایەنە سیمبۆلییەکەی ئەنفالم بەلاوە گرینگ بوو، بۆیە ئەو گوتەیەی (بەختیار عەلی)م لە پێشەکییەکەیدا نووسی، کە باس لەوە دەکات، مەرج نییە ئەدەبی ئەنفال ئەوە بێت، کە باس لە خودی ئەنفال دەکات. (مامزێر)یشم هەر بەم میتۆدە نووسی. جۆگرافیایەکی سیمبۆلییە، نەک شارێک، یان وڵات و کێشوەرێکی دیاریکراو. ئەوە نووسەرە شوێنی لۆکاڵی دەکاتە شوێنی بەناوبانگ، نەک بەپێچەوانەوە. هیچ کاتێک شوێنی بەناوبانگ ناتوانێت نووسەرێکی لۆکاڵی گەورە بکات.

(مارکیز) گوندێکی بچووکی خوارووی ئەمریکای بەهەموو دنیا ناساند. لە ئەدەبدا شوێنی لۆکاڵی و شوێنی سەرەکی بوونیان نییە، ئەوە تواناکانی زمانە ئەو سیفەتانە بەشوێن دەبەخشێت. هەموو نووسەرێک بیەوێت و نەیەوێت ئەو شوێنە زیاتر کاری لێ دەکات، کە تێیدا لە دایک بووە و گەورە بووە، بەڵام ئەوە هونەری نووسینە ئەو کاریگەرییە بەرەو داهێنان ئاراستە دەکات، بەوەی لەڕێگای فانتازیا و زمانەوە سیما ئاشکراکانی ئەو شوێنە بۆ کۆمەڵێک سیمای دیکە دەگۆڕێت، کە لەگەڵ واقیعی خوددا دەگونجێت. (گۆنتەر گراس)، لە (دانتزیگ) لە دایک و گەورە بووە، بۆیە ئەو شارە لە ڕۆمانەکانی ئەودا بەو شێوەیە ڕەنگی داوەتەوە. خۆی دەڵێت: (ویستوومە سەرلەنوێ ئەو شتانە دروست بکەمەوە، کە سیاسەت تێکی شکاندوون. کاتێک مرۆڤ بەگشتی و نووسەر بەتایبەتی هەوڵ دەدات واقیع دروست بکاتەوە، ئەوا ئەو واقیعە گۆڕانی بەسەردا دێت و تێکەڵی میتۆلۆژیا دەبێت). هەروەها دەڵێت: (من نەک هەر دانتزیگ خۆی، بەڵکو ئەو مرۆڤانەیش کاریان لێ کردووم، کە ناچار بوون گوند و شاری خۆیان جێبهێڵن و لەوێ بگیرسێنەوە). دەگاتە ئەوەی بڵێت: (هەرچەند ویستبێتم بنووسم، ئەو بابەتە خۆی بەسەرمدا سەپاندووە)، بەڵام (گۆنتەر گراس) شوێنێکی جیاواز لە شوێنی ڕاستەقینەی دروست کردۆتەوە، بۆیە ناتوانین وەکو مێژوو بیخوێنینەوە. جۆگرافیا خۆی تەنها شوناسی تۆبۆگرافیی هەیە، بەڵام ئەوە مرۆڤە لەڕێگای ئەزموونەکانی خۆیەوە لەناو زەمەن شوناسی دیکە دەداتە پاڵ جۆگرافیا. شوێنی پیرۆز، شوێنی حەرام، شوێنی حەوانەوە، شوێنی ئەشکەنجە، شوێنی پاک و شوێنی پیس، هەموویان ئەنجامی ئەزموونەکانی مرۆڤن لەناو کۆنتێکستی مێژوودا. ئەدەب لەسەر ئاستی ئیستاتیکادا مامەڵە لەگەڵ هەموو ئەو جیاوازییانەی شوێن دەکات. پرۆسێسی خوڵقاندنی کارەکتەری جیاواز بەبێ پرۆسیسی خوڵقاندنی

جۆگرافیای جیاواز، جێبەجی نابێت. لای من چ لە (مـامـزێر) و چ لە بەرەەمـەکـانی دیکەشـمـدا خـولقـاندنەوەی شـوێنی بەسـەرچوو، یان دروستکردنی شوێنی گریمانی، ئەنجامی نیگەرانی و نەگونجانە لەگەڵ شوێنی ئێستادا. ڕاست دەکەیت لە (مـامـزێر)دا نەک شـوێن، بگرە کـارەکـتـەری سـەرەکـییش ناوی نییـە، چونکە هەردووکـیـان سیمـای سـیـمـبـۆلیـیـان هەیە. بە مـانایەکی دیکە هەوڵ دراوە ئەو ئاراسـتـە ئاشکرایەی لەنێـوان تێکستی سـتـاندارد و واقـیـعـێکی دیارکـراوادا هەیە، بسـڕدرێتـەوە، یاخود بەشـێـوەیەکی شـاراوە دەربخرێت.

*** لەم ڕۆمـانەدا ئەوەندەی پشت بەگـێـڕانەوە بەستراوە، ئەوەندە وتووێژ و وەسف نابینین، هاوکات کارئەکتـەرەکـانیش زۆربەیان کـەسـانی بێـدەنگن وەکـوو قـسـەکـردن، بەڵکوو لەدەروونی خـۆیانداو لەگـەڵ خـۆیان دەپەیڤن، کـەچی دەورووبەر ڕەت ناکـەنەوە، ئەمـەیش لەکن من سـەیرە، چونکە هەر ڕۆمانێکم خوێندبێتەوە، ئەگـەر کارئەکـتـەرەکـانی کەمدووبن، بێزاریشن لەژیان، بەڵام وەکوو لەسەرەوە ئاماژەم بۆ کرد، لە (مامزێر)دا هەست بەم حاڵەتە ناکـەین. جوداوازیی تۆ بۆ تەوزیفکردنی ئەم لایەنە لەسـەرووەخـتی بیـرکـردنەوەدا دروست بوو، یان لەسـەرووەخـتی نووسـیندا؟ چونکە پێـمـوایە نووسین تێکەڵەیەکە لە ئاگایی و نا ئاگایی؟!.**

– هیـچ نووسـەرێـک ناتوانێت دەسـتـبـەرداری وەسف بێت، چونکـە یەکـێکە لە پێکهـاتە گـرینگەکـانی ئەدەبی گـێـڕانەوە، بەڵام وەسف پێـوەندیی بە دیدگـای ئەو کـەسـەوە هەیە، کـە لە خـۆی و لە دەوروبـەر دەڕوانێت. لـە هەمـــوو ڕستەیەکی تەواودا وەسف هەیە، بەڵام وەسف لەو ڕستانەی کرداریان تیا نییە، بەڕوونی دەردەکەوێت وەکـو (کـچێکی ژیرە)، (کـوڕێکی ڕووخـۆشـە)، (مـاڵێکی ڕووناکـە) و (دارسـتـانێکی چڕە). هەرچی ئەو ڕستـانەن، کە کـرداریان تێدایە، ئەوا هەندێک جار ئەو وەسفە لەسەر ئاستی گراماتیکدا دەرناکـەوێت. بۆ نموونە ئەگـەر بڵـێم: (ڕابەر دەنووسـێت)، ئەوا لەڕووی گـرامـاتیکەوە وەسف دەرناکـەوێت، بەڵام ئەگـەر لەڕووی پراکـتـیکەوە سـەرنج لەو ڕسـتـەیە بدەین، دەبینین وەسف هەیە، بەڵام بە کـردارەوە بەندە و بەشـێـوەیەکی شـاراوە دەردەکەوێت، چونکە ئێمە خۆمان دەبێت بیهێنینە بەرچاو، کـە (ڕابەر) چۆن دەنووسـێت. مـادام ئەو بکەرە و کرداری نووسین بەجێ دەهێنێت، کـەواتە دەبێت بەشێوەیەک لە شێوەکان بنووسێت. ئەگەر بڵێین: (ڕابەر خێرا، یان چاک، دەنووسێت) ئەوا وەسف بەڕوونی دەردەکـەوێت. من خـۆم کـاتێک وەسف دەخەمە پاڵ کردارەوە، کە بزانم ئەو وەسفە ئەرکێکی دیکەی جیا لە وەسف دەگرێتە ئەستۆ. بۆ نموونە ئەگەر سەرنج لە یەکەم ڕستەی تێکستەکە بدەیت، کـە ئاوایە: (لەڕێگا، کـاتێ جـەنگاوەرە ڕیشنەکـان ڕووتوقـووت بەسـەر لە داخـبـووەکـەدا دەیانهێنایەن)، ئەوا هەر سێ وشەی (ڕیشنەکان) و (ڕووتوقووت) و (داخبووەکان) بێجگە لە ئەرکی وەسفکردن، ئەرکی ئاماژە و ئیماجینێیشنیشیان هەیە و دواجار خـزمـەتی بیـرۆکـەی میـتـۆلۆژیاکە دەکەن، کە تێکستەکەی لەسەر بنیات نراوە. وەک دەبینی ئەوانە تەنهـا وەسف نین، بەڵکو سێ چەمکن، کـە ئامـاژە بە جـەسـتـە، دەسـەڵات و جۆگرافیا دەدەن و بەدرێژایی تێکستەکە خۆیان نوێ دەکـەنەوە. مـەبەسـتم لە هێنانەوەی ئەو نموونانەدا ئەوەیە، کـە وەسف لە (مـامـزێر)دا هەیە، بەڵام بەشێکە لە پرۆسیسی گێڕانەوە. لەگەڵ فراوانبوونی دیدگادا، وەسفیش چڕتر دەبێت و ئەرکەکانی وەکو لێکدانەوە و گێڕانەوە و سیمبۆل و ئیستاتیکا چاکـتـر بەجێ دەهێنێت. لە (مـامـزێر)دا تەنهـا وەسفی ئەو حاڵەتە سایکۆلۆژییانە دەکرێن، کە کـارەکـتـەریان تیـایە و زیاتر لەشـێـوەی خـەون و زیندەخەوندا دەردەخرێن. کات و شوێن تەنها کاتێ دەکەونە ناو پرۆسێسی وەسفەوە، کە لەگەڵ بینین و ئیماجینێیشنەوە کارلێک دروست دەکەن، چونکە وەسفکردنی ئەو دوانە بەبێ تێڕوانینی کارەکتەر،

ناتوانن ئێتمۆسفۆری ڕۆمان بهێننە گۆڕێ و نابنە ڕەگەزی ئاکتیڤ. وەکو گوتم وەسف لە (مامزێر)دا بە کردارەوە پەیوەستە، کە هەر ئەمەش ڕێگای لەوە گرتووە ڕەوتی گێڕانەوە خاو بێتەوە، چونکە زۆر لەوانەی لەبارەی تیۆری گێڕانەوەوە نووسیویانە، وەکو (جیرار جینێت) و (ژان ریکاردۆ)، پێیان وایە وەسف ڕەوتی گێڕانەوە خاو دەکاتەوە. (جیرار جینێت) گێڕانەوە و وەسف بەوە لە یەکتر جیا دەکاتەوە، کە یەکەمیان ڕووداو و کردار دەگێڕێتەوە، بەڵام دووەمیان خۆی بەشتەکانەوە پەیوەست دەکات. لای منیش وەکو هەندێک لە نووسەرانی سەردەمەکەم وەسف پێکهاتەیەکی سەربەخۆ نییە، بەڵکو بەشێکە لە پرۆسەی گێڕانەوە. باوەڕم بەوە نییە ڕستەی وەکو (هەتاوێکی خۆش) بوو، یان ڕۆژێکی (باراناوی بوو) بکەمە دەسپێکی هیچ پەرەگرافێکم، بەڵکو مەبەستمە وەرگر خۆی ئەوانە لە کۆنتێکستی ماناکاندا بدۆزێتەوە، یاخود بیانهێنێتە بەرچاو. واتە ئەرکی وەسف وەکو پرۆسێسێکی ئەزموونگەری، کەشفکردنە، نەک زیادەڕۆیی لە باسکردنی ڕووی شتەکان. بە بڕوای من ئەوە گێڕانەوەیە وەسف ئاراستە دەکات، نەوەک بەپێچەوانەوە. من خۆم باوەڕم بەوە نییە وێنە بەروونی و تەواوی ئاراستەی (وەرگر/ خوێنەر) بکەم، بەڵکو یەکێک لەو یارییانەی حەزم لێیەتی ئەوەیە، کە وەرگر بەپێی ئەزموونی خۆی بەشێک لەو وێنە ناتەواوە، تەواو بکات. (ئالان ڕۆب گرێ)، کە یەکێکە لەو ڕۆماننووسانەی گۆڕانی گەورەی لە شێوازی وەسفدا کردووە، پێی وایە خوێنەر دەتوانێت لە کاتی خوێندنەوەی ڕۆمانی ڕیالزمییدا باز بەسەر زۆر لەو لاپەڕانەدا بدات، کە بۆ وەسف تەرخان کراون، بەڵام لە ڕۆمانی نوێدا مەحاڵە ئەمەی بۆ بکرێت، چونکە ماناکانی لە دەست دەچن. تۆ ڕاست دەکەیت چ وەسف و چ دیالۆگ ڕووبەرێکی زۆر لە (مامزێر) داگیر ناکەن، چونکە وەکو پێشتریش گوتم جیهانی ناوەوەی کارەکتەرەکان زیاتر بایەخی پێ دراوە. دیالۆگی نێوان کەسەکانیش لە واقیعەوە بۆ زەمەن گۆڕاون، بۆیە کاتێک لەڕێگای یادەوەرییەکی تێکشکاوەوە لەناو قەفەز دەردەخرێنەوە، ئەوا گۆڕانیان بەسەردا دێت. وەکو (بیرجیسۆن) دەڵێ: (ئێمە ناتوانین بەهەمان هۆشیارییەوە لە دوو ماوەی زەمەنیی وەکویەکدا بژین). بێگومان ڕووداوەکان چ لەڕووی ناوەرۆک و چ لەڕووی فۆرمەوە دەگۆڕێن، چونکە هەستی کەسەکان وەکو (شۆپینهاوەر) پێی وایە بەپێچەوانەی ئیرادە، کە ئەوەی دواییان شتێکی گرینگ و بنەڕەتییە لە تاک و لەڕێگای ئەقڵەوە تاک بەڕێوە دەبات، بەهۆی زەمەنەوە دەگۆڕێت. واتە هەستەکان پێچەوانەی ئیرادە لەژێر کاریگەریی کاتدا دەگۆڕێن، بەوەی دەکرێت پێداچوونەوەیان بۆ بکرێت و نوێ بکرێنەوە. لە (مامزێر)یشدا جاری وا هەیە ڕووداوەکان، بیرۆکەکان و گوتەی کەسەکان هەر تەواو گۆڕاون و ئەم بەناتەواوی بیری دەکەونەوە کە ئەمەش وادەکات بەشێوەیەکی هەندێک جیاواز بیانگێڕێتەوە. واتە دیالۆگیش هەر لەشێوەی مەنەلۆژی شانۆیی (Dramatic Mono-logue)دا دەردەکەوێت. بۆ نموونە سەرنجت بۆ دیالۆگی نێوان کارەکتەری سەرەکی و (گوڵدا) ڕادەکێشم، کە باس لەوە دەکەن، کاتێ شێر ڕەوەیەک ئاسک ڕاو دەنێت، ئەوا ئەوان جوانترین دیمەن دەبینن، چونکە شاخی ئاسکەکان، کاتێ لە هەوادا دەلەرنەوە، لە چەند درەختێک دەچن. مەبەستم ئەوەیە وەسف تێکەڵی دیالۆگەکانیش دەبێت. من وەکو نووسەری تێکستەکە نامەوێ لەوە زیاتر دەست بخەمە ناو کاروباری ڕەخنەگرانەوە، بەڵام بۆ وەڵامی بەشی دووەمی پرسیارەکەت، کە کارەکتەرەکان لەگەڵ ئەوەشدا بێدەنگن، بەڵام دەوروبەر ڕەت ناکەنەوە، ئەوە کێشەکە لە دەرەوەی قەبووڵکردن و ڕەتکردنەوەوەیە، چونکە وەکو پێشتر گوتم شوێن بەشێوەیەکی ڤێربالْ (لفظی) بوونی هەیە و

لەڕێگای زمـــانەوە داهێنراوە، تەنهـــا لەڕێگای ئیمـاجینێیـشنەوە دەکرێت هەستی پێ بکرێت. ئەمەش وای کردووە هەموو پێوەندییەکانی ناوەوە و دەرەوە لەسەر ئاستی سیمبۆلدا دەربکەون، وەکو (هایدگــەر) پێی وایە بوونی مــرۆڤ هەر خــۆی بوونێکی دیالۆگییە و لەو ڕێگایەوە مرۆڤ دیالۆگ لەگەڵ دنیادا دەکات.

*** لە پاڵ ئەوەی کە زمانی نووسینت لەم ڕۆمانەدا تا ئاستێک قورسە، لە هەندێک پەرەگرافیشدا بارگاویکراوە بە سیمبۆڵ، هاوکات گرنگییەکی ئەوتۆیشت بە لایەنی سێکس و فەنتازیا داوە. پرسیاری ئێمە ئەمەیە: هەندێک نووسەر باس لەوە دەکەن کە پێویستە لەمەو دوا بە سادەیی بنووسین (نەک ساکاری)، چونکە خوێنەر تاقەتی ئەوەی نەماوە وەکوو ئایین کۆدەکانی دەقی ئەدەبی بکاتەوە. چۆن لەم تەرزە ڕوانینە دەنواڕی لە بەرانبەر ڕۆمانەکەتدا؟**

– پێشتریش گوتوومە کێشەی گەورە لەناو ڕۆشنبیریی ئێمەدا ئەوەیە، کە زۆربەی شتەکان لەسەر ئاستی زارەکییدا هەن و ناگەنە ئاستی لێکۆڵینەوە و خوێندنەوەوە. ئەوانە لە وزەیاندا نییە بۆچوونەکانیان لەو ساکارییە دەربهێنن و بیانخەنە سەر ئاستی فیکر و مەعریفەوە، بۆیە جار جار لە گفتوگۆکاندا دەرفەت دەهێنن و شەرمنانە و بەخێرایی یەک دوو ڕای لەم شێوەیە دەردەبڕن. باوەڕ ناکەم تۆ هیچ لێکۆڵینەوەیەکت نە بەزمانی کوردی و نە بەزمانی دیکە دەست بکەوێت، کە پشتگیری لە ڕۆمانی سادە بکات، بۆ ئەوەی مانا کۆنکرێتییەکانی تێبگەیت و گفتوگۆیان لەبارەیەوە بکەیت. نووسەر هەیە ڕۆمانی نووسیوە و مانگانە گفتوگۆ دەکات، بەڵام لە هیچ یەکێک لەو گفتوگۆیانەدا دێڕێکت پێ نالێت، کە پێوەندیی بە ڕۆمانەوە هەبێت. تۆ ناتوانی لەبارەی ئەو وەسفانەیەوە هیچ شتێک بڵێیت. ئەو نووسەرە ئەگەر جار جار بە ڕستەیەک یان دوان تێکستێک بسڕێتەوە و ڕەواج بە یەکێکی دیکە بدات، ئەوە هیچ گرینگییەکی نییە، چونکە لە پشت ئەو بڕیارەوە خوێندنەوە نییە. نووسین پرۆسێسێکە لەناو خودی داهێنەردا ڕوو دەدات. بە مانایەکی دیکە نووسین گواستنەوەی سۆز و خرۆشەکانی خودە لە کۆمەڵێک وێنەی نارۆشنەوە بۆ ئاستی ئامــاژە، کە ئەوەی ئەو پرۆسێسە جێبەجێ دەکات، زمانە. کەواتە زمان ئەو شتانە دەگوازێتەوە، کە لەناو خوددا کەڵەکە کراون. ئەوەی دەتوانێت خودی نووسەرێک لە خودی نووسەرێکی دیکە جیا بکاتەوە، خوێندنەوەیە چ لەسەر ئاستی بینین و چ لەسەر ئاستی ئەقڵدا. نووسەر لەڕێگای خوێندنەوەکانەوە ئەو وێنانە کەڵەکە دەکات، بۆیە پێکهاتەی ئەو وێنانە پێوەندیی بە جۆر و مەودای بینین و تێڕوانینی نووسەرەوە هەیە. کاتێک پێکهاتەی وێنەکان فرەڕەهەند و ئاڵۆزن، ئەوا هاوکات بۆ گواستنەوەیان زمانێکی چڕ و بارگاوی بەمەعریفە و ئیستاتیکا دەخوازن. کاتێکیش وێنەکان سادەن، ئەوا زمانیش سادەیە. ئەو نووسەرەی دەتوانێت تێکستی قورس بەرهەم بهێنێت، بێگومان لەسەر بەرهەمهێنانی تێکستی سادە پەکی ناکەوێت. ئەوە نووسەری سادەنووسە لە توانایدا نییە زمانێکی کاریگەر دابهێنێت. باوەڕ مەکە هیچ نووسەرێک بیەوێت سادە بنووسێت، بەڵام وەکو گوتم هەر نووسەرێک خۆی دەنووسێتەوە. هەندێک نووسەر کاتێ هەست دەکەن تێکستەکانیان زیاد لە پێویست لاوازن، ناوی سادەیان لێ دەنێن و لە گفتوگۆکان، نەک لە لێکۆڵینەوەدا، هێرش دەکەنە سەر تێکستی جیدی و دەڵێن ئەدەبی سادە بە کەڵکی ئەم سەردەمە دێت. ڕێگام بدە با بیرەوەرییەکی چەند هاوڕێیەک و خۆمت بۆ بگێڕمەوە. لە پۆلی شەشەمی ئامادەیی بەرەبەری تاقیکردنەوەی بەکالۆریا لە ماڵی هاوڕێیەک دەمانخوێند و شەوان لە سەربان دەخەوتین. بەیانییان دایکی ئەو هاوڕێیەمان هێلکەوڕۆنی بۆ دەکردین. ئەو حەزی دەکرد هێلکەکان بەشێوەیەک

ڕۆ بکاتە ناو تاوەکەوە، کە زەردێنە بەجیا و سپێنەش بەجیا بێت، بەڵام لە چوار دانە، ئەگەر دانەیەکی لە دەست دەربچووایە. هەر کاتێک یەکێک لەو هێلکانە بەپێی ویستی خۆی دەردەچوو، شانازیی بەخۆیەوە دەکرد و دەیگوت بزانن چۆن دەرچوو! ئاوێنەیە! ئاوێنە! بەڵام کاتێک زەردێنەکە تێکەڵی سپێنەکە دەبوو، دەیوت با ئاوا بێت، خۆم ویستم ئاوا بێت. ئێمەش پێدەکەنین، هەتا دوایی خۆی دانی بەوە دانا، کە تواناکەی هەر ئەوەندەیە. لەمەوە یەکێک لە هاوڕێکانمان، کە لە کاروباری ناندین شارەزا بوو، خۆی بەخێرایی زەردێنە و سپێنەی لە یەکتر جیا دەکردەوە. هەتا ئێستاش ئێمە بەیادی ئەو ڕۆژانە پێدەکەنین.

چۆن داوا لە (بیکیت) بکەین ئاسان بنووسێت، ئەگەر ئەو سەرچاوەیەی بەهونەرەکەی تەعبیری لێوە دەکات، هەمان ئەو سەرچاوەیە بێت، کە (شۆپینهاوەر) و (هایدگەر) لەڕێگای فەلسەفەوە تەعبیری لێ دەکەن؟ چۆن داوا لە (ڤێرجینا وولف) بکەیت لەسەر (شەپۆلەکان)ی سادەیی بنووسێت، ئەگەر ئەویش وەکو (جەیمس جۆیس) تەعبیر لەو سەرچاوەیە بکات، کە هەمان سەرچاوەی تیۆرەکانی (فرۆید) و (یۆنگ) بێت؟ هەموویان کار لەسەر بیرۆکەی شەپۆلی هۆش و میتۆلۆژیا و سیمبۆل دەکەن، بەڵام بە ڕێگای جیاواز. تەنانەت (جەیمس جۆیس) نکووڵی لەوە دەکات، کە ئەو شێوازەی لە (فرۆید)ەوە وەرگرتبێت، بەڵکو پێی وایە ڕاستەوخۆ لە سەرچاوەکەوە هێناویەتی. هەر کام لە ڕۆماننووسە گرینگەکانی دنیا دەگریت، پێوەندییەکی بەتینی لەگەڵ یەکێک لە کایەکانی مەعریفەی وەکو فەلسەفە، سایکۆلۆژیا و سۆسیۆلۆژیادا هەبووە، ئەگەر لەگەڵ هەموویاندا نەیبووبێت. (میلان کۆندێرا)، کە خۆی یەکێکە لەوانەی لەڕێگای هونەری ڕۆمانەوە تەعبیری فەلسەفییانە لە سەردەمی خۆی دەکات، دەڵێت ڕۆمان لەپێش (فرۆید)ەوە تیۆری شەپۆلی هۆش و بەر لە (مارکس) شەڕی چینایەتی و زووتر لە فینۆمینۆلۆجییەکان فینۆمینۆلۆجیای دۆزیەوە.

ئەگەر سادەیی ئامانج بێت، نەوەک قووڵی، ئەوا نابێت جیاوازی لەنێوان (ڕۆکامبۆل) و (گەڕان بەدوای کاتی ونبوودا) بکەین. نابێت جیاوازی لەنێوان ڕۆمانەکانی (عەزیزی مەلای ڕەش) و (خەسرۆ جاف) لەگەڵ ئەوانەی (بەختیار عەلی)یدا بکەین. ئەگەر نووسین بەگشتی و ڕۆمان بەتایبەتی بریتی بێت لە تێپەڕکردنی زمانی ڕۆژانە، ئەوا ئێمە خۆمان لە بەردەمی چەمکێکی ڕێژەییدا دەبینینەوە و هیچ پێوەرێک ناتوانێت ئەو ڕێژەیە دیاری بکات، چونکە ئەوە ڕێژەی یارییەکانی زمان و خەیاڵ و فانتازیا و هەلوەسەیشن و دەرخستنی چەپاندن و حاڵەتی هیستریایە. ئەگەر ڕۆمان بە سادەیی کاری بکردایە، ئەوا نەدەبووە جێگای بایەخی فەیلەسووف و بیرمەندانی وەکو (جۆرج لۆکاچ)، (لۆسیان گۆڵدمان)، (میکایل باختین)، (ڕۆلان بارت) و (جیل دۆلۆز) و دەیانی دیکە. ئەگەر ڕۆمان سادە بکرابوایەتەوە، (ئەلبێرت کامۆ) و (ژان پۆل سارتەر) و (کۆڵن وێلسن) و زۆری دیکە نەیاندەکردە کەناڵێک بۆ دەربڕینی ڕێبازە فەلسەفییەکانی خۆیان، کە ئەو ڕۆمانانە بەشدارییەکی گەورەیان لە پێکهێنانی هۆشیاریی فیکرییدا کردووە. نەخێر، ئەوە قووڵییە، نەک سادەیی ئامانجی ڕۆماننووس، چونکە لە سادەییدا تێکڕامان دەبین بە یەک، چونکە سادەیی ئەو حاڵەتە جێگیرەیە، کە هەموومان لە ساتێکدا لە خۆیدا کۆ دەکاتەوە. ئەوە قووڵییە دەمانخاتە بەردەمی ریسک و پەلاو (تحدی)کردنەوە. هەر یەکێکمان بە لایەکدا دەبات و خولیای داهێنانی ڕێگومکەمان لا دروست دەکات، وەکو ئەو ڕێگومکەیەی (بۆرخیس) هەموو ژیانی خۆی بۆ تەرخان کرد. من خۆم پێچەوانەی ئەوانەی دەڵێن ئەمرۆ لەم سەردەمە ئێلیکترۆنییەدا دەبێت زمانی نووسین ئاسان بکرێتەوە، دەڵێم لەگەڵ زۆربوونی

پارچەکانی تەکنەلۆژیای ئێلیکترۆنییدا، ئەرکی نووسەر قورستر دەبێت. ئەمڕۆ کامێرای میتاڵ پێشبڕکێی کامێرای چاو دەکات، بگرە لە هەوڵی ئەوە دایە دەستی بەسەردا بگرێت، بۆیە ئەگەر کامێرای چاو وێنەکانی ئالۆزتر و سەرنجڕاکێشتر نەکات، ئەوا ناتوانێت جیاوازییەکانی خۆی بپارێزێت. پاراستنی ئەو جیاوازییانەش تەنها بەوە دەبێت، کە لەپاڵ وێنەکانی چاودا دەبێت پشت بە وێنە ئەقڵییەکانیش ببەسترێت. ئەمڕۆ دەبینین ڕۆماننووسە دیارەکانی دنیا ئەوانەن، کە دەتوانن وێنەی جیاواز لە وێنەی دیگیتاڵ بەرهەم بهێنن، تەنانەت خودی کۆمپیوتەر و ئێنتەرنێتیش وەکو سینەما دەکەنە تەکنیک و دەیانخەنە خزمەتی هونەری ڕۆمانەوە. (دان براون) چاکترین نموونەیە، کە زانستی تەکنیکی کۆمپیوتەر و ئێنتەرنێت و کۆدەکان بەکار دەهێنێت، بۆیە سەیر نییە ئەگەر زۆربەی ناونیشانی ڕۆمانەکانی ئاماژە بن بۆ ئەو شێوازە وەکو (کۆدی داڤینشی) و (قەڵای دیگیتاڵ)، کە تیایاندا زانست و فانتازیا و واقیع و مێژوو تێکەڵی یەکتر دەکات. لەم ڕۆژانە لەگەڵ هاوڕێیەکم بەرنامەیەکی تەلەڤیزیۆنییمان لەبارەی ژیانی مارەکانەوە بینی، کە (ئارام غەفوور)ی ژۆرنالیست ئامادەی کردبوو. ئەو بەرنامەیە لە زۆربەی ڕۆمانەکانی ئێمە چاکتر و هۆشیارانەتر کاری لەسەر بیرۆکە و فۆرم و وێنەدا کردبوو. ئەگەر ڕۆماننووس نەتوانێت وێنەی جیاواز لەو وێنانەی (ئارام غەفوور) بەرهەم بهێنێت، بۆچی دەنووسێت؟ (ئەحلام مەنسوور)، (ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل)، (حسێن عارف)، (حەمەفەریق حەسەن)، (دڵشاد مەریوانی)، (ڕەوف بێگەرد)، (ڕەوف حەسەن)، (سەلاح عومەر)، (شێرزاد حەسەن)، (شیرین ک) (عەبدوڵلا سەراج) و (محەمەد موکری) و هەندێکی دیکە لە چیرۆکنووسانی ئێمە بۆیە توانییان تا ڕادەیەکی زۆر ویژدانی سەردەمەکەی خۆیان بن، چونکە لە دەستیان هات وێنەی گەورەتر و ئالۆزتر لەوەی لە بەرچاوی ئاساییدا بوو، بەرهەم بهێنن، بەڵام ئەمڕۆ سەردەمەکە زۆر لەوەی پێشوو زەحمەتترە. خۆمان لە بەردەم پارادۆکسالێکی گەورەدا دەبینینەوە، کاتێ لەم سەردەمە ئالۆزەدا داوای وێنەی سادەمان لێ دەکەن. لەم سەردەمە ئێلیکترۆنییەکەدا وێنەکان ڕۆڵی دووفاقیانە دەبینن، لە لایەک کار لەسەر ڕوونکردنەوەی واقیع دەکەن، بەوەی زۆر بەئاسانی ئەو زۆنە نەزانراوانە چ لەناو خەیاڵ و چ لەناو واقیعدا کەشف دەکەن، کە دەبوایە نووسەر لەڕێگای زمان و خەیاڵی خۆیەوە پێیان بگات و لە لایەکی دیکە نووسەر دەخەنە بەردەم پەڵاوی گەورەتر، بەوەی دەبێت هەموو ئەو وێنانە تێپەڕێنێت و وێنەی گەورەتر بەرهەم بهێنێت. ئاسانکردنەوەی زمانی ئەدەبی واتا تەعبیر نەکردن لە خود. ئەگەر وایە نووسین هیچ ئەرکێک ناگرێتە ئەستۆ و بۆچی و بۆ کێ بنووسین؟ لێرەشدا مەبەستمان لە چڕکردنەوەی زمان، ئالۆزکردنی نییە. گەرەکمان نییە بڵێین دەبێت کۆنتاکتی زمان لەگەڵ دەرەوەدا ئالۆز بێت، بەڵکو بەپێچەوانەوە مەبەستمان لە چڕکردنەوەی مانایە. من خۆم هەوڵ بۆ چڕیی مانا و سادەییی کۆنتاکت دەدەم. هەر ئەمە ئەوەمان بەسەردا دەسەپێنێت، کە تا لە توانادایە لەڕێگای بایەخدان بە ڕەوانیی زمانەوانی، دروستیی ڕێنووس و تۆکمەییی خاڵبەندییەوە کار لەسەر ئاسانکردنەوەی ئەو کۆنتاکتەدا بکەین. بەداخەوە زۆر لە نووسەرانی ئێمە ئەمانە لە بەرچاو ناگرن و وا دەزانن ڕۆڵی گرینگیان لە پێکهێنانی تێکستدا نییە. من خۆم دەزانم ئەمڕۆ ڕۆمانی سادە چ لە کوردستان و چ لە دەرەوە ڕەواجی هەیە و زیاتر دەخوێندرێتەوە و لەبارەیەوە دەنووسرێت، بەڵام من ناتوانم دەستبەرداری شێوازی خۆم ببم، کە تەعبیرە لە خودی خۆم. لەپاڵ ئەوەدا هەتا ئێستاش ڕۆمانی جیددی چ لە کوردستان و چ لە دەرەوە نەک گرینگیی خۆی پاراستووە، بەڵکو لە جاران زیاتر بایەخی پێ دەدرێت. ڕۆمانەکانی (دان براون) لە

سەرتاپای دنیادا بەرادەیەکی زۆر دەخوێنرێنەوە، ئەگەرچی ئاسانیش نیین. لەپاڵ ئەوەدا زنجیرە کتێبی (هاری پۆتێر)ی (ژ. ک. رۆلینگ)یش زۆریان لێ دەفرۆشێن، بەڵام ئەوەندە رووکەشن، کە هیچ مەرجێکی هونەرییان تیادا بەدی ناکرێ. پێکهاتەی (مامزێر) بەشێوەیەکە، کە نەدەکرا فۆرمێکی دیکەی هەبێت. وەکو گوتم مامەڵەکردنە لەگەڵ چەمکی میتۆلۆژیا و تەنها ئەو زمانە دەیتوانی بەرەەمی بهێنێت. بۆ نموونە من سەرنجت بۆ دیالۆگی نێوان کارەکتەری سەرەکی و پووری رادەکێشم، کە لەبارەی دۆزەخەوەیە. ئەو بیرۆکەیە وەکو زۆربەی بیرۆکەکانی دیکە بەشێوەیەکی خۆرسکانە زمانی رۆژانەی تێپەڕاند. دیارە من باس لە چاکی و خراپیی تێکستەکە ناکەم، بەقەدەر ئەوەی دەمەوێ بڵێم ئەو زمانە نەدەکرا ئاسایی بێت، مادام هەر لە بنەڕەتەوە تێکرای بیرۆکەکان لە ئاستی ئاساییەوە چوونەتە ئاستی میتافۆر و سیمبۆلەوە.

*** لە سەرووەختی خوێندنەوەی (مامزێر)دا، شێوازی گۆڕینی (کات) و (شوێن) بەقوولیی کاری بۆ کراوە، وەکو پێشتریش گوتمان زمانی تێکستەکە بارگاوییە بە سیمبۆل. ئایا زمان کاتێک تێکەڵی فیکر دەبێت، دەتوانێت تایبەتمەندێتیی هەر یەکێک لە کارەکتەرەکان بپارێزێت؟ وەک دەبینین هەر یەکێک لە کارەکتەرەکان لەوانە (بیبی کەناری، سیڤەری مارژەن، مەروان نابلسی، ڤادڤێلا و هتد) لە دیالۆگەکانیاندا کۆمەڵێک بیرۆکە دەخەنە ڕوو. ئایا ئەمە ڕیسکێکی گەورە نییە؟ تا چەند هەستت بەمانە کردووە؟ خۆت بڕیارت داوە کارئەکتەرەکان وەها بدوێن، یان سەربەستییەکی تەواوت پێ بەخشیون؟**

– رۆمانووس ناتوانێت سەربەستی بە کارەکتەرەکانی بدات، ئەگەر پێش هەموو شتێک خۆی سەربەست نەبێت. ئەو سەربەستییەش تەنها کاتێک بە دەست دەهێنیت، کە تۆ خۆت بەنووسەرێکی ئەزموونگەر دەزانیت و ترست لەوە نییە لە کوێ تێکدەشکێیت. گوێ بەوە نادەیت چەند لەگەڵ خواستی خوێنەر و واقیعی رۆشنبیریی خۆت ناکۆکییت. وەکو (ئەندرێ جید) دەڵێت: (مەبەستی چاک هەرگیز ناتوانێت ئەدەبی باش بەرەەم بهێنێت). من هیچ کاتێک لەگەڵ نووسیندا مەبەستی چاک و پاکم نییە، بەڵکو خۆم بەنووسەرێکی شەڕانگێز دەزانم و هەر لێرەشەوەیە ئەوەندە سەربەستم. سەربەستی لە نووسیندا، واتە چیتر ئەو ئەنجامانە بۆ تۆ گرینگ نەبن، کە لە بەردەست دان، بەڵکو خۆت لەڕێگای تێڕوانینی خۆتەوە شتەکان کەشف بکەیت. چێژی بەرەەمهێنانی هەر تێکستێکیش لەو ڕیسکانە دایە، کە نووسەر چ لەسەر ئاستی فیکر و چ لەسەر ئاستی هونەردا دەیانکات. وەکو چۆن پرسیارەکەی تۆ پێوەندیی بە سەربەستی لە هونەردا هەیە، منیش هەر لەو ڕوانگەیەوە وەڵامی دەدەمەوە. بەڕای من ئەو نووسەرەی ترسی لە تێکشکان هەبێت و بەرگەی گاڵتەپێکردنی کەسانی دیکە نەگرێت، هەرگیز ناتوانێت بە گیانێکی داهێنەرانەوە ڕیسک بکات و شتی نوێ بدۆزێتەوە. بیرت نەچێت ڕۆشنبیریی ئێمە وزەیەکی ئێجگار زۆر لەپێناوی گاڵتەپێکردندا بەکار دەهێنێت. ئەو گاڵتەپێکردنەش ئەنجامی نەبوونی پرسیار و ڕەخنەیە. گاڵتەپێکردن، کە ڕۆڵەی گوێڕایەڵ و بەوەفای کەلتووری قەبووڵنەکردن و سڕینەوەیە، چاکترین ڕێگایە بۆئەوەی نووسەری ئێمە بەهۆیەوە کۆمەڵێک بەرەەمی جیدی بەلاوە بنێت و خۆی لە بەرپرسیارێتیی خوێندنەوە و لێکۆڵینەوە بدزێتەوە. من خۆم یەکێکم لەوانەی بەرگەی گاڵتەپێکردنیان گرتووە. (ئەرستۆ تالیس) لە ئاسمانی دەڕوانی و لە ئەستێرەکان ورد دەبووەوە، لەپڕ کەوتە بیرێکەوە. کارەکەرەکەی بەگاڵتەجارییەوە گوتی: (چۆن دەبێت فەیلەسووف بیەوێت لە ئاسمان و ئەستێرەکان بکۆڵێتەوە و نەتوانێت بیرێک لە بەردەمی خۆیدا ببینێت؟). کەچی هەر ئەو گاڵتەجارییەی کارەکەرەکە بووە

جـــێگای بایەخی فـــەلســـەفـــە هەر لە لای (ئەفـلاتون)ەوە، کـە گـوتی: (گـاڵتـەپێکردن ڕووبەڕووی هەر کەسێک دەبێتـەوە، کە خەریکی فـەلسـەفـەیە)، هەتا ئەمرۆ. هەندێک دەپرسن تۆ بڵێی لەڕووداوی کەوتنە ناو بیرەکەوە، (تاڵیس) گـەیشـتـبـێـتـە ئەو باوەڕەی، کـە ئاو پێکهـاتەی بنەڕەتیی بوونە؟ یەکـێک لە تایبـەتمەندییـەکـانی ڕۆمـان ئەوەیە، کـە شوێنی هەمـوو شـتـێکی تیـا دەبێتەوە. زەوییەکی سیحرییە، لە یەک کاتدا چوار وەرزی هەیە و هەمـوو شـتـێکی لێ دەڕوێنرێت، گـرینگ ئەوەیە بزانی چۆنی دەڕوێنیت. شـیـعـر وا نیـیـە. لە کۆمـەڵگا داخراوەکـان دەچێت، ڕەگـەزی جـیـاواز قـەبووڵ ناکـات. هەر ڕەگـەزێکی دیکەی بچێتە سەر، شێوەی دەگۆڕێت و دەبێتە شتێکی دیکە، هەر بۆیە شیعر ئەو هەموو پاشگرەی هەیە. سەرنج لە پێوەندیی نێوان ڕۆمان لەگەڵ هەردوو بواری شانۆ و سینەما بدە، کە بەدرێژایی تەمەنی خۆی لێیـان دانەبڕاوە. لێرە مـەبەسـتم نییـە بڵـێم ڕۆمان لە شیعر گرینگترە، بەڵکو تەنها دەمەوێ لەم ڕووەوە جیاوازیی نێوان هەردووکیان دەربخەم. (باختین) زمانی شیعر و زمانی ڕۆمان بەوە جیا دەکـاتەوە، کـە یەکـەمـیـان مـەنەلۆژە و لە زمـانی خـواوەند دەچێت، بۆیە شـاعـیـر بێجگە لە زمـانی خۆی، هیچ زمانێکی دیکە بەکار ناهێنێت، بەڵام زمـانی ڕۆمـان، کـە دیالۆگـە، لە توانایدا هەیە فـــــرەدەنگ بێت چ لەڕووی زوبـان و چ لەڕووی دەنگەوە، دەتوانێت زمـانی ئەدەبی و نائەدەبییـش بەکـاربهـێنێت، کـە نەک هەر نابێـتـە هۆی لاوازبوونی، بەڵکو بەهێـــزیشی دەکـــات. هەر کـارەکتـەرێک لە ئەنجامی کۆمـەڵێک فـاکتـەرەوە دروست دەبێت. پێم وایە سـرووشـتی بیـرۆکـەکـان خۆیان پێویستیـان کردبێت لە لایەک چ شێوازێک لە کارەکتەر دەربکەوێت و لە لایەکی دیکەش کام کـارەکـتـەر لە کـام کـارەکـتـەر زیاتر بایەخی پێ بدرێت. دەنگی هەر یەکـــەیان لەوەی دیکـەیان جیاوازە، چونکە شێوازی بیرکردنەوەیان جیاوازە و

هەر یەکەی تەعبیر لە میـتۆلۆژیای تایبـەتی خۆی دەکـات، بەڵام زۆر جـاریش ئەو مـیـتـۆلۆژیایانە، بەهۆی ئەوەی ڕەگەزی هاوبەش لەنێـونیـاندا هەیە، تێکەڵی یەکتر دەبن. بەڵێ، لەگەڵتام هەر یەکەیان کـۆمـەڵێک بیـرۆکـەی ئاڵۆز دەردەبڕن، کـە ئەمـەش لای من بەئاگـاییـەوە کـراوە. ڕاسـتـیـیـەکـەی هەر هەمـوویان کـاریگەرییـان لەسـەر پێکهـێنانی کـارەکـتـەریسـتی کـارەکـتـەری سـەرەکـییـدا هەیە. سرووشـتی ئەم تێکسـتـە ئاوایە، کـە لەسـەر چەند بیـرۆکـەیەک وەسـتـاوە. نارەتەر (چیـرۆکـبـێـژ)ێکی نیـوتـراڵ هەیە وێنەکـان بەناتەواوی بەرەو دەرەوە، یاخـود با بلـێـین بۆ لای وەرگـر دەگـوازێتـەوە، بەو مـەبەسـتـەی وەرگـر خـۆی لە دیدگـای خـۆیەوە ئەو وێنانە تەواو بکات و هەستی ڕەخنەی لا پێکبێت. دواجار زیاتر تێکەڵی ئێتـمۆسفێری ڕۆمانەکەی ببـێت. لە ئەدەبدا ئەوە بە خـەوش دانانرێت، ئەگەر کارەکتەر بیرۆکەکانی خۆی بەشێوەیەکی فەلسەفی دەرببڕێت، بەمەرجێک ئەوە زەمینەی بۆ خۆش کرا بێت و ئەو گـوتانە کـۆنتـێکسـتی خـۆیان لەناو تێکسـتـەکـەدا هەبێت، نەک لە ئەنجامی ئیلهـامی ناکاوەوە خولقا بن. وەک دەبینین کارەکـتـەرەکانی (مـامـزێر) باسی ئازار و نیـگەرانییـەکـانی خـۆیان دەکـــەن و گـــوتەکـــانیـــان دوورن لە هوتاف و ئامـۆژگـارییەوە. ئەوەندە هەیە ڕەگـەزی ئیکزۆتیکا، هەندێک جار کۆمیدیاش لە هەموویاندا هەیە. هیچ یەکـێک لەو بیـرۆکـانە بەشـێـوەیەکی ڕەها ناخـڕێنە ڕوو، بەڵکو ئەوان تەنها لە گۆشەنیگای خۆیانەوە دەریاندەبڕن. ئەو هۆشیـارییەی هەیە هەمـووی لای کـــارەکـــتـــەری ســـەرەکی کـــۆ نەبووەتەوە، بەڵکو بەپێـــچـــەوانەوە هەمـــوو ئەوانی دیکە لەو زیاتر خـــاوەنی هۆشـــیـــارین و لەڕێگای ئەوەوە ئەو هۆشیـارییە دەگاتە وەرگر. هەروەها تێکسـتـەکە لە مـاوەیەکی دیاریکراوی ژیانی کـارەکـتـەر جـێگیـر نەبووە، بەڵکو لەڕێگای تەکنیکی جـۆراوجـۆری گێڕانەوەوە زۆربەی ژیانی دەردەخرێت، کە ئەمـەش جیـاوازیی ئاسـتـەکـانی هۆشـیـاریی کـارەکـتـەر لە

سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی دیکەی تەمەنییەوە نیشان دەدات. نووسەری ئەدەبی بەوە لە نووسەری بوارەکانی دیکە جیا دەکرێتەوە، کە زمانێکی تایبەتی هەیە و سیمای ئەو زمانە لە هیچ کاتێکدا ون نابێت، هەتا کاتێک راستەوخۆش لەبارەی فیکرەوە دەنووسێت. (دۆستۆیڤسکی) دەیویست بابەتێک لەبارەی ئەوە بنووسێت، چۆن خەڵک خۆی لەوە بپارێزێت، کە خوو بە ئەلکوهوولەوە نەگرێت، کەچی دوور لە ویستی خۆی ئاراستەی ئەو مەبەستەی گۆڕا و رۆمانی (تاوان و سزا)ی نووسی.

***لە سەرجەم بەرهەمەکانتدا یادەوەریی - بەتایبەت سەردەمی منداڵیت - کۆمەکی کردووی، ئەم سوودوەرگرتنە لە گەڵەک نووسینی رۆمانی دیکەی نووسەرانیش رەنگی داوەتەوە، بۆ نموونە (شێرزاد حەسەن)، بەڵام تەوزیفکردنی یادەوەری لە رۆمان و چیرۆکەکانی تۆدا بەشێوەیەکی دی کەوتووەتەوە، واتا: هێندەی واقیع دەبینین، هێندەیش دەسەڵاتی فەنتازیا، ئەگەر پتریش نەبێ. ئەم خاڵە لەم رۆمانەی دواییشتدا رەنگی داوەتەوە. لێرەوە، چۆن باس لەو کۆمەک و تەوزیفکردنانەی (یادەوەری) دەکەی، بەتایبەتی لە مامزێردا؟**

- خاڵی هاوبەش لەنێوان تێکڕای ئەو نووسەرانەی گفتوگۆیان لەگەڵدا کردووم، پرسیارە لەبارەی منداڵییەوە. هەموو جارێک وا دەزانم سەرجەمی شتەکانی خۆمم گوتووە و تەواو، کەچی هەرکە جارێکی دیکە رووبەرووی ئەو پرسیارە دەبمەوە، هەست دەکەم دەبێت سەرلەنوێ و جیاوازتر لەوانەی پێشوو، دەست پێ بکەمەوە. ئەگەر لە شوێنی منداڵی، هەر بابەتێکی دیکە بوایە، دڵنیام ئێستا شتێکم نەدەما، بیڵێم. ئەمەش هەر خۆی مانای ئەوەیە، کە منداڵی، چەمکێکی ناڕۆشن و پەنهانە و ناچێتە ژێر رکێفی پێناسە و وەسفەوە، بگرە لە ئاستی هەموو رەگەزەکانی دیکەی وەکو کات، شوێن، زمان و فانتازیادا ئاراستەی هەیە و بەشێکی جیانەکراوەی هەموو ئەوانەیە. منداڵی رووبەرێکی کراوەیە بەرامبەر بە دنیا، بەڵام گەورەیی جۆرێکە لە ئەنجام. لای من نووسین لەبارەی منداڵییەوە وەکو ئەوە وایە بەدوای ئەو شتانەدا بگەرێم، کە هێشتا روویان نەداوە و هیچیان لەبارەیەوە نازانم، بەڵام گەورەیی هەر دەڵێی ئەنجامێکی بەدەستهاتووە. ئەمە مانای ئەوە نییە من لەبارەی گەورەییەوە نەمنووسیوە، بەڵام ئەوەندە دەڵێم، کە منداڵی بەتەنیا دەتوانێت لە هەر تێکستێکی ئەدەبییدا هەبێت، بەڵام گەورەیی بەبێ منداڵی، ئەزموونێکی ناتەواوە. لە زۆنەی منداڵییدا دووری لە هەموو سەرچاوە مەعریفی و ئەزموونی ساڵەهای ساڵی خۆت، دووری لە کلێشە و قاڵبەفیکری و تەکنیکییەکان، بەڵکو لەوێوە خۆت بەدوای هەموو شتێکدا دەگەرێیت. ئینجا دەزانی منداڵی شوێن نییە، کات نییە، بەڵکو مانایە، بۆیە مەحاڵە بتوانیت لێی تێپەڕیت. منداڵی دارشتنەوەی ژیانە بەپێی یاساکانی هونەر، نەوەک بەپێی کرۆنۆلۆژیای مێژوو. لە هونەردا، کە رۆمان یەکێکە لە جۆرەکانی، گواستنەوە لە گەورەییەوە بۆ منداڵی، گواستنەوەی رووی کامێرای چاوە لەسەر رووی شتەکانەوە بۆ ناوەوەیان، بۆ وردەکاریی شتەکان. مرۆڤ هەمیشە بۆ سەرەتا دەگەڕێتەوە، چونکە مرۆڤ بەردەوام بەدوای حەقیقەتدا دەگەرێت و نایدۆزێتەوە. لێرەوەیە مرۆڤ هەمیشە دەیەوێت لە مێژووی خۆی بکۆڵێتەوە و بەردەوام بە پێوەندیی خودی خۆی و دەوروبەردا دەچێتەوە. ئەگەر مێژووی راستەقینە وەکو (هیگڵ) دەڵێت هاوکات بێت لەگەڵ دەرکەوتنی ئەقڵ لە مرۆڤدا، ئەوا من دەڵێم منداڵی زۆنەیەکە ناکەوێتە ناو مێژووەوە، بۆیە هەموو گەشتێک بۆ منداڵی و هەموو گەرانەوەیەک بۆ گەورەیی، لەگەڵ پارێزی زۆرم بەرانبەر بە چەمکی گەرانەوە: گواستنەوەیە لە نامێژووەوە بۆ مێژوو، لە فیزیکەوە بۆ میتافیزیکا، لە جوگرافیای فاکتوالەوە بۆ جوگرافیای گریمانی، کە ئەو

گواستنەوەیە هەر جارێک ڕێگایەکی جیاواز لەوانەی پێشووی خۆی دەگرێت. بە مانایەکی دیکە منداڵی چەمکێکی ئینفینیتییە و کۆتایی نایەت. واتە ناکرێت لەڕووی چەندایەتییەوە لێی بڕوانین. راستتر ناتوانین باوەڕ بەوە بهێنین، کە زۆریی بەرەەمهێنان لەناو ئەو کانەدا (مەبەستم لە منداڵییە، کە دەکرێت بە کانی بچوێنین، وەکو کانی بەرد و خەڵووز و نەوت)، دەبێتە هۆی کەمبوونەوە و لەناوچوونی مادە لەو کانەدا. لەگەڵ گەڕانەوە بۆ منداڵییدا، ڕەگەزیش ماهیەت و پێناسەی خۆی لە دەست دەدات. لە هەردوو ڕەگەزەکە (مێ) و (نێر)دا ڕەگەزێکی سەربەخۆ پێکدێت و لەژێر دەسەڵاتی گراماتیک دێنە دەرێ. هەر دەڵێی لەبارەی ڕەگەزێکی تەواو جیاوازی مرۆڤەوە دەنووسیت. باوەڕم بە تێربوون نییە لە منداڵی، چونکە تامی هەر گەڕانەوەیەک بۆ منداڵی، جیاوازە لە تامی گەڕانەوەیەکی دیکە، لەبەرئەوەی هەر جارێک تۆ لەو گەڕانەوەیەدا کەسانی جیاواز چ لە خۆت و چ لەوانەی پێشووت لەگەڵ دایە. بەدڵنیاییەوە پێت دەڵێم جیاوازیی لەنێوان منداڵیی نووسەر و منداڵیی کارەکتەردا هەیە. هەر یەکەیان خاوەنی منداڵیی خۆیەتی. ئەمە تێکەڵبوونی فاکتواڵ و خەیاڵە. ئەگەر هەر تێکستێک کورتکردنەوەی کاتی فیزیکی بێت بۆ کاتی سیمبۆلی، ئەوا تەمەنی کارەکتەریش لەناو ئەو سیستەمەدا کاتێکی سیمبۆلییە و لەوێدا دووبارە منداڵی و گەورەیی لەسەر ئاستی میتافۆردا دەردەکەون. کاتێ لە ئەدەبی شەپۆلی هۆش دەڕوانین، هەست دەکەین یەکێک لە رەگەزەکانی ئەو شێوازە، دووبارەکردنەوەیە. زۆر جار دووبارەکردنەوەی وشە، ڕستە، پەرەگراف و بیرۆکە دەبینین، کە ئەمە جۆرێکە لە گەڕانەوە، یاخود نۆستالژیا بۆ رابردووی کارەکتەر، نەوەک هی نووسەر، ئەگەرچی ژیانی کارەکتەر بەشێوەیەک لە شێوەکان ژیانی نووسەرە. ئەم دیاردەیە بەتایبەتی لای (فۆکنەر) زۆر بەڕوونی دەردەکەوێت. من هەمیشە جیاوازییەکی گەورە لەنێوان منداڵیی مێژوویی و منداڵیی خەیاڵدا دەکەم، بۆیە من لە کتێبی منداڵییشمدا منداڵیی مێژوویی خۆم و کەسانی دیکەم نەنووسیوەتەوە، بەڵکو لەڕێگای فانتازیاوە هەوڵم داوە ئەو سیستەمە کرۆنۆلۆژیایە تێکبشکێنم و جۆگرافیایەکی فانتازی لەپاڵ ئەو مێژووە خەیاڵییەی منداڵییدا دروست بکەم. لە (مامزێر)یشدا هەر لەو دیدگایەوە منداڵی مامەڵەی لەگەڵدا کراوە. ئەو ستایلە چ لەپێش (مامزێر) هەبووە و چ لە بەرەەمەکانی دیکەی دواییمدا وەکو (منارەی ئاوەدانی) و (کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان) و (کازینۆی منداڵان)یشدا، کە هێشتا چاپ نەکراون، بەشێوازی جۆراوجۆر درێژەی هەیە. وەکو زووتر گوتم هەر نووسەرێک خودی خۆی دەنووسێتەوە، بۆیە من خۆم بەردەوام جیاوازیی دەکەم لەنێوان ئەو نووسەرەی بەقووڵی لەگەڵ چەمکی منداڵییدا کار دەکات و لەگەڵ ئەوەی میکانیکییانە لەبارەی منداڵییەوە دەنووسێت، کە ئەوەی دواییان چونکە نەیتوانیوە خەیاڵی منداڵی لە خۆیدا بپارێزێت، تەنها کۆمەڵێک وێنەی سادە بەدەستەوە دەدات. کەواتە خەیاڵ، کە گرینگترین میکانیزمە، گوتاری ئەدەب پشتی پێ دەبەستێت، بەوەی هەردوو ڕەهەندی سایکۆلۆژی و بایۆلۆجی لە خۆی دەگرێت: لەو شێوازی نووسینەدا گومە. ڕەخنەگرەکان دەڵێن رۆمانی (داڤید کۆپێرفیلد) ئەوەندە پڕە لە هەست و نهێنیی منداڵی، هەر دەڵێی (چارلس دیکینز) بە منداڵی ئەو تێکستەی نووسیوە. من خۆم بەشێوەیەک لە شێوەکان قەرزاری (دیکینز)م. ڕەنگە یەکێک لەو هۆکارانەی، کە وای لە من کردبێت ئەوەندە لەبارەی منداڵییەوە بنووسم، رۆمانی (ئۆلیڤەر تویست)ی ئەو نووسەرە بێت. ئێمە لە پۆلی پێنجەمی ئامادەیی لە وانەی ئەدەبی ئینگلیزی ئەو رۆمانەمان خوێند. راستە بەشێوەیەکی وا ئاسان کرابووەوە، کە ئێمە لێی

تێبگەین، بەڵام دەتوانم بڵێم چێژی خۆی ون نەکردبوو. (ئۆلیڤەر تویست) ئەو منداڵەی هەر لەگەڵ لەدایکبوونی، دایکی دەمرێت. ئەوسا دکتۆرەکان ئەڵقە لە پەنجەی دایکدا نابینن، بۆیە وا دەزانن ئەو کۆرپەلەیە زۆڵە. لێرەوە ئازارەکانی (ئۆلیڤەر) دەست پێ دەکات. سەرنج لە دووبارەبوونەوەی چەمکی (زۆڵ) بدە لە بەرهەمەکانی مندا، تەنانەت ئەوەتا (مامزێر)، کە بەزمانی عیبری مانای زۆڵ دەگەیەنێت، بۆتە ناونیشانی ئەم بەرهەمەشم. لەو سەردەمە منێکی هەرزەکاری تێکشکاو و پەراوێزخراوی ناو کۆمەڵگای کوردی تێکەڵییەکی رۆحیی سەیرم لەگەڵ (ئۆلیڤەر تویست)دا هەبوو. نازانم بۆچی مەسەلەی زۆڵییەکەی یەخەی خەیاڵەکانی منی بەرنەدەدا، ئەگەرچی دوایی زانیم، کە (سالی)، ئەو سیستەرە پیرەی بە پلانی (مۆنکس)ی برای (ئۆلیڤەر) لە باوکیەوە، ئەڵقەکەی لە (ئاگنێس)ی دایکی (ئۆلیڤەر) دزیوە، کە ناوی خۆی لەسەر هەڵکەنراوە، بۆئەوەی (ئۆلیڤەر) نەزانێت کێ دایک وباوکیەتی و لە میراتی باوانی بێ بەشی بکات، چونکە لە وەسیەتەکەدا گوتراوە، کە منداڵە بەدرەوشتەکان نابێت میراتیان بەر بکەوێت. دیارە (ئۆلیڤەر) دواجار دەزانیت، کە (مۆنکس) برایەتی و بەردەوام ویستوویەتی ناوبانگی بزڕێنێت. دیمەنەکانی ئەو رۆمانە زۆر کاریان لە من دەکرد، کە وام دەزانی لە هەولێر رووی داوە. رەگەزی شوێن بەشێوەیەکی سیحریی سەیر تەوزیف کراوە، لە نەخۆشخانەوە بۆ هەتیوخانە، لەوێوە بۆ شوێنی ناشتنی مردوو و دواجار دادگا و لای ئەو باندانەی منداڵانی وەکو (ئۆلیڤەر) بۆ کاری دزی و دەستبڕی بەکار دەهێنن. لە هەتیوخانە شەڕی منداڵان لەسەر خواردن، کە بەشیان ناکات. ئەو کەوچکە دارەی چێشتلێنەرەکە بە (ئۆلیڤەر)یدا دەکێشێت، چونکە داوای خواردنی زیاتر دەکات. گواستنەوەی لە هەتیوخانەوە بۆ لای (ساوەربری)، ئەو پیاوە درێژ و باریکەی هەمیشە چاکەتێکی رەشی پەڕپووت دەپۆشێت و کاریشی ناشتنی مردووە. بۆیە کۆنتراکتی ناشتنی مردووەکانی هەتیوخانەی گرتووە، چونکە جەستەی ئەوانە بەهۆی بەدخۆراکییەوە چەند بڵێیی رەق و لاوازن و ئەو لە دروستکردنی تابووتەکانیاندا تەختەی زۆر بەکار ناهێنێت. تامەزرۆییم بۆ زانینی کۆتاییی رۆمانەکە نەیدەهێشت من چاوەڕێی ئەوە بم، مامۆستای ئینگلیزی هەر رۆژێ بەشێکی کەمان لەو رۆمانە پێ بڵێت، بۆیە کتێبەکەم بەزمانی عەرەبی لە (سائیب ئەکرەم)ی هاورێم وەرگرت، کە لە میسر چاپ کرابوو و ئاسانیش کرابووەوە. (سائیب ئەکرەم) یادی بەخێر، لەپاڵ (هۆشەنگ وەزیری)دا پێش ئەوەی ماڵێشمان بۆ رووناکی بۆ لای ئەوان بگوازینەوە، چاکترین هاورێی ئەو رۆژگارەم بوو، کە بەردەوام گفتوگۆمان لەبارەی کتێبەوە دەکرد. بابەتێکی سەربەخۆم لەبارەی ئەو هاورێییەمەوە نووسیوە، کە بەداخەوە لە تورکیا لەرێگای قاچاغ گیانی لە دەست دا. رووداوەکانی ئەو رۆمانە و ناوە سەیرەکانی وەکو (میستەر بەمبێل)، (فەیگین)، (بیل سایکس)، (نانسی)، (جاک دۆکنز)، (میستەر براون لۆ)، (چارلۆت)، (نواه) و زۆری دیکە لێم جیا نەدەبوونەوە. ماوەیەکی زۆر من دەمویست تێکستێکی لەم شێوەیە بنووسم، بەتایبەتی کاتێ ئێواران لەگەڵ خۆرئاوابوون بەلای (هەتیوخانە) و (خانووی بەسالاچووان)دا دەگەڕامەوە، کە نزیکی ماڵی خۆمان بوون لەڕووناکی. دوایی تێگەیشتم، کە ئەمەی من دەمەوێ بیکەم، تەنها لاسایکردنەوەیە، بۆیە دەستم لەو بیرۆکەیە هەڵگرت، بەڵام سەرسامییم بەو ئێتمۆسفێرە هەر وەکو خۆی مایەوە. بەهەر حاڵ ویستم پێت بڵێم، کە خوێندنەوەی ئەو رۆمانە دەشێت یەکێک بێت لەو هۆکارانەی، کە هەر لە سەرەتاوە بوونەتە تەقینەوەی یادەوریی منداڵیی من، کە پڕیەتی لە ئازار و تێکشکان. (دیکینز) خۆیشی منداڵییەکی زۆر سەختی بەسەر بردووە. دیارە هۆگرییم بەو

رۆمانە بۆ ئەوە دەگەڕایەوە، کە من ئەزموونێکی ڕۆحی و ویژدانی و وجوودیی سەیرم لە خۆمدا بەدی دەکرد و ڕووداوەکانی و ئێتمۆسفێرەکەی دەیانتوانی بەئاسانی کارلێک لەگەڵ ئەو ئەزموونەی مندا پێکبهێنن. من چاوەڕێی ئەوە بووم فێری هونەرەکانی گێڕانەوە ببم، هەتا تەعبیر لەو هەموو هەستە ئاڵۆز و پەنهانە بکەم، کە ئاسان نەبوو تەنها لەسەر ئاستی بایۆلۆجییدا بیاندرکێنم. وەکو زووتریش گوتم، یەکێک لەو شتانەی نووسەرێک لە نووسەرێکی دیکە جیا دەکاتەوە، نووسینەوەی خودە. لێرەوەیە دەتوانم چاکتر وەڵامی بەشی دوایی پرسیارەکەت بدەمەوە و بڵێم من لە ژینگەیەکی زۆر میتۆلۆژیی لە دایک بووم و گەورە بووم. بەدرێژاییی ژیانی خۆم کەسانی جیاوازم چ لە گەڕەک و چ لە قوتابخانە ناسیوە. زۆر سوودم لە ئەزموونی خۆم و ئەوانە وەرگرتووە و لە نووسینەکانمدا تەوزیفم کردوون.

---

## ڕوونکردنەوەیەک دەربارەی ئەم هەڤپەیڤینە

**کاتێ ئێمە کاری ئەم تەوەرەمان تەواو کرد و گۆڤارەکەمان ئامادەبوو بۆ چاپ، ئەم هەڤپەیڤینەی کاک کاروان، کە لە لایەن (رابەر فاریق)ەوە لەسەر تەکلیفی ئێمە و بۆ تەوەرەکەی ئێمە و گۆڤارەکەی ئێمەی ئەنجامدابوو، بەبێ ئاگاداری ئێمە رابەر لە رۆژنامەی (رەخنەی چاودێر)ی بڵاوکردەوە، (هەڵبەت دیارە برادەرانی (رەخنەی چاودێر)یش ئاگاداری ئەوە نەبوونە کە ئەم هەڤپەیڤینە لای ئێمەیە)، دوای پەیوەندیکردن و قسەگۆڕینەوە لەگەڵ کاک "کاروان کاکەسوور" گەیشتینە ئەو رایەی کە چاوپێکەوتنەکە بڵاوبکەینەوە و کاک کاروانیش لای خۆیەوە ئەو روونکردنەوەیە بنووسێت کە لێرەدا بڵاوی دەکەینەوە.**

**سەرپەرشتیاری تەوەر**

**ڕوونکردنەوەی کاروان کاکەسوور دەربارەی ئەم هەڤپەیڤینە**

**دوای ئەوەی گۆڤاری (کاروان) ئەم تەوەرەیان لەبارەی ڕۆمانی (مامزێر)ەوە ئامادە کرد، وایان بەچاک زانی ئەم گفتوگۆیەشم لەگەڵدا بکەن. ئەوە بوو (ڕابەر فاریق) ئەو ئەرکەی لە ئەستۆ گرت. پرسیارەکانی (ڕابەر فاریق)م بەشایانی ئەوە زانی، کە خۆمیان لەگەڵدا ماندوو بکەم. بەداخەوە (ڕابەر فاریق) گفتوگۆکەی بۆ (ڕەخنەی چاودێر) ناردبوو. ئەمەش کەلێنێکی خستبووە تەوەرەکەوە. دیارە من کاتێ دەڵێم بەداخەوە (ڕابەر فاریق) ئەو گفتوگۆیەی بۆ (ڕەخنەی چاودێر) ناردبوو، تەنها مەبەستم ئەوەیە، کە گفتوگۆکە بۆ گۆڤاری (کاروان) کرابوو، ئەگینا من ڕێزی زۆرم بۆ ئەو ڕۆژنامەیە و هاوڕێیانی ئازیزم (سامی هادی) و (محەمەد نووری) هەیە. هیچ کاتێ نەمشاردۆتەوە، کە (ڕەخنەی چاودێر) یەکێکە لە ڕۆژنامە زۆر گرینگەکانی دنیای ڕۆشنبیریی ئەمڕۆمان. هەر لێرەشدا بەهەلی دەزانم سوپاسیان بکەم، کە ئەوان پار کتێبێکیان بۆ چاپ کردووم.**

**مایەی شانازییە، کە گۆڤاری (کاروان) ئەو تەوەرەیان لەبارەی ڕۆمانی (مامزێر)ەوە ئامادە کردووە.**

**کاروان عومەر کاکەسوور**

**٢٠٠٩/٥/٢٧**

**دانمارک**

# کاروان کاکەسوور و چاپکردکردنی
# ڕۆمانی "مامزێر"

**عەبدوڵڵا قادر دانساز**



چەند ساڵێک بەر لە ئێستا کاروان کاکەسوور، بەشێک لە ڕۆمانی "مامزێر"ی بۆ ناردم تا بیخوێنمەوە. خوێندنەوەی ئەو ڕۆمانە بووە یەکێک لەو بەرهەمانەی من لە لاپەڕەی یەکەمەوە دەست بەخوێندنەوەی بکەم. دەنا من وەکو پیشەی هەمیشەییم لەسەرەتادا دوا بەشی ڕۆمان (بگرە دوا بەشی چیرۆکیش) دەخوێنمەوە، بۆ ئەوەی چاوەڕوانی و هەڵهێنانی کۆتایی ڕۆمانەکە (چیرۆکەکە) نەبێت بە لەمپەرێک لە چێژوەرگرتن لە دەقەکە، چونکە خوێنەر دەیەوێت چارەنووسی پاڵەوانی بەسەرهاتەکە بزانێت. زۆر جاریش خوێنەر ئەو چارەنووسەی نووسەر دایناوە بەدڵی نییە و ڕق لە بەرامبەر نووسەرەکە پەیدا دەکات.. ئەو کاتەش، زۆربەی برادەرانی دەرەوە بە ماکینتۆش کارمان دەکرد و منیش بەرهەمەکانی کاروانم مۆنتاژ دەکرد، تاوەکو چاپ بکرێن. ئەم کتێبەم مۆنتاژ کرد. دوای ماوەیەک کاروان سەرجەمی ڕۆمانەکەی بۆ ناردم، کە پێویستی بەوە دەکرد دووبارە کتێبەکە مۆنتاژ بکەمەوە. کۆمپیوتەرەکەی من گیانی بەدەستەوە دابوو. ئیتر منیش کۆمپیوتەرێکی ترم هەبوو، ویستم ئەویان بەکاربهێنم، بەڵام بەکار نەهات. قاسم عەزیزی هاوڕێم، کۆمپیوتەرەکەی خۆی پێ دام، بەڵام هەر بێ ئەنجام بوو. ئەم هەمووەش بوو بە هۆی ئەوەی ئەم ڕۆمانە و دوو کتێبی تری کاروان نەتوانرێ چاپ بکرێن.

ئەم گرفتە بووە هۆی ئەوەی ماوەیەکی زۆر کاروان نەتوانی کتێبە ئامادەکراوەکانی چاپ بکات. تا لە دواییدا گەیشتمە سەر ئەو ڕایەی بە خۆم ڕۆمانی "مامزێر" و کۆمەڵەچیرۆکی "خەوننامەی دادە سۆزی" بنووسمەوە، تاوەکو خوێنەرانی کاروان لە خوێندنەوەی بەرهەمەکانی بێ بەش نەبن. ئیتر دەستم بە نووسینەوە و هەمدیسانەوە خوێندنەوەی بەرهەمەکانی کرد. تایپکردن و مۆنتاژ و چاپکردنی کتێب.

ماوەیەک دوای ئەوە، کاروان گەیشتە ئەو ئەنجامەی، ڕۆمانی "مامزێر" و کۆمەڵەچیرۆکی "خەوننامەی دادە سۆزی" لەنێو یەک بەرگدا چاپبکات، بەڵام خۆشبەختانە ئەو کارەی نەکرد و بە دوو کتێبی جیاواز بڵاوی کردنەوە. بەمەش ئەو گرفتانە بەلانرا. وا دیار بوو چەند هاوڕێیەکی دیکەش، لەوانە (دانا فایەق)ی چیرۆکنووس، هەر وایان بەلاوە چاک بوو، کە (مامزێر) بەتەنیا چاپ بکرێت.

ئەو کاتەی خوێنەر کۆمەڵە چیرۆکێک دەخوێنێتەوە، بەردەوام لەگەل خوێندنەوەی هەر چیرۆکێک لە چیرۆکەکان لە سەرەتاوە دەست بە خوێندنەوەی دەکات و دوایی دەگاتە کۆتاییەکەی. ئەم دووبارە لەسەرەتا دەست بەخوێندنەوەی چیرۆک، تارادەیەک خوێنەر تووشی نارەحەتی و سەختی تێگەیشتن دەکات، بەلام لەگەڵ خوێندنەوەی هەر رۆمانێک، ئەوا خوێنەر یەکجار دەست بە خوێندنەوە دەکات و یەکجاریش کۆتایی بە خوێندنەوەی دەهێنێت.

ئەو کاتەی باس دێتە سەر چیرۆک، رۆمان و ژیاننامەکانی کاروان کاکەسوور، هەست بە یەک سەرەتای دەستپێکردن بە خوێندنەوە دەکەم و کۆتاییەکانیشیان هیچ کاتێک لەمپەر نەبوونە لەبەردەممدا بۆ خوێندنەوەی بابەتەکانی داهاتووی ئەو. بێگومانم لەوەی خوێنەرانی کاروان (خۆشم یەکێکم لەوان) ئەم گەمەیەیان پێ خۆشە. گەمەی نووسین لە لای کاروان چیرۆکێکی بێکۆتاییە.

(خولیۆ کورتاسار) دەڵێت: ئەو کاتەی ئەنتۆلۆگیایەک بۆ کەسانی چیرۆکنووس دەکەیت، ئەوا تۆ تەنها نەخشەی خانوویەک بۆ خوێنەری ئەو چیرۆکنووسە دادەنێیت و دەروازەیەک لەبەر شوێنی خەتکێشانی ئەو خانووە رادەگریت. ئیتر دەبێت خوێنەر بەخۆی پەی بۆ ئەو دەرگا و پەنجەرانەی هێشتا بۆ ئەو ژوورانەی لەنێو ئەو ئەنتۆلۆگیایە درووست نەکراون، بەرێت، تا بیانکاتەوە تەماشای ناوەوەی ژوورەکان و نهێنییەکانی نێویان بکات.

بەلام کاروان دەرگای ژوورەکانی خۆی داوەتە سەر لا، تاوەکو خوێنەر بچێتە نێو ژوورەکانیەوە. هیچ شتێک نییە لەنێو ژووری نووسینەکانی ئەودا لە خوێنەر شاراوە بێت. ئەوەی شاراوەیە، خوێنەر لەنێو ژوورەکانی کارواندا خۆی بەرووتوقوتی دەبینێتەوە. چونکە کاروان هەموو خوێنەرێک رووتوقوت دەکاتەوە و لەنێو ئەو ئاوێنانەی لەنێو ژووری بەرهەمەکانیدا دایناون، رایاندەگرێت تاوەکو ئەوان لەش و ناخی خۆیان لەبەر ئەو ئاوێنەیە بەرووتی ببینن.

"مامزێر" دوا بەرهەمی کاروان نییە، بەلام یەکێکە لەو بەرهەمانەی لەم دواییەدا چاپکراوە. بەسەرهاتی رۆمانەکە، زۆر کەس خۆی تیادا دەبینێتەوە.

باوکم دەیوت: هاتنی پەناهەندە بۆ سوید وەکو ئەوە وایە، دارستانێک گڕی گرتووە و گیانەوەرەکانی نێوی هەلدێن و دەچن بۆ دارستانێکی تر، بەلام ئەو پەناهەندانەی هاتوونەتە سوید، هەرهەمووویان، دەلێن ئێمە لە دارستاندا شێر بووین. باوکیشم ئەو وەلامەی بەدڵ نییە. چونکە ئەو بەلایەوە سەیرە، کە لە دارستانێکدا بەتەنها شێری تێدا بێت. چونکە هەم شێر گۆشتخۆرە و پێویستی بە خواردنی گۆشتی گیانەوەرانی ترە و هەم، کە دارستانێک دەسووتێ ئەوا هەموو گیانەوەرەکانی نێوی هەلدێن، بە شێر و پڵنگ و رێوی و چەقەڵ و کەمتیار و کەروێشک و ئاسک و کەو و سۆسک و جرج...هتد.

ئەو منداڵەی پاڵەوانی "مامزێر"ە یەکێکە لەو گیانەوەرانەی نێو دارستانە سووتاوەکە، بە هۆی چارەنووسی بەدبەختی خۆیەوە ناچارە خۆی بداتە دەست خەیاڵ و دنیایەکی مەزن بۆ خۆی دروست بکات. ئەو دنیایەی ئەو ئاواتەخوازێتی. هەرچەندە دەزانێت، ئەو دنیایە راستەقینە نییە و خەیاڵە. ئەو دنیایەی ئەو دەتوانێت بەردەوام ئازارەکانی خۆی تیادا وێڵ بکات.

لای کاروان هیچ شتێک بڤە نییە، تاوەکو ئەو باسی لێوە نەکات. گرینگ ئەوەیە ئەو شتی سەرنجراکێش بە دەستەوە بدات و خوێنەر بخاتە بەردەم خەیاڵ و بیرکردنەوەیەکی بێکۆتاییەوە.

من بێگومانم لەوەی ئەو منداڵەی لەنێو ئەو رۆمانەدا باسی لێوە دەکرێت، ئێستاکە گەلێک کەسی هاوشێوەی ئەو بگرە لەو خراپتریش لەنێو کۆمەڵگای ئێستای کوردستاندا ژیان ببەنە سەر و لەبەر ئاکامی ئەو چارەنووسە بەدەی بەسەریاندا هاتووە، بەردەوام پەنا بۆ خەیاڵ ببەن و لەنێو خەیاڵدا هەست بە ئارامی دەروونیان بکەنەوە.